دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی و سەرنووسەر
مصلح مصطفی جلالی

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری
التضامن

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە

لەم ژمارەیەدا
● هاوکاری لە شەقڵاوە ل : ٢ .
● کۆڕێکی هونەری دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ل : ٨ .

● پێنج شەممە ٢٢/١٢/١٩٨٣ ژمارە ٧١٧ ● ٨ لاپەڕە ● بە ٥٠ فلسە ● الخميس ٢٢/١٢/١٩٨٣ العدد ٧١٧ ●

پەیوەندی دەوڵەتیمان لەسەر بنەڕەتی سەربەخۆیی نیشتمانی و نەتەوەیی دامەزراوە

سەرۆکی فەرماندە دووپاتی دەکاتەوە

بەڕێز سەرۆك صدام حسین پێری چاوی کەوت بە دۆنالد رامسفیلد نێردراوی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست .
نێردراوەکە نامەیەکی دەستنووسی سەرۆکی ئەمەریکایی گەیاند بە سەرۆکی بەڕێز کە پەیوەندی بە پەیوەندی دووقوڵی و باری ناوچەکەوە هەیەو ئەو هەوڵانەی نێردراوی ئەمەریکا لە لوبنان دەیدات .

بەڕێز سەرۆك صدام حسین ڕوانینی مەوزوعیانەی عیراقی بەرامبەر پەیوەندی دەوڵەتان بۆ نێردراوی ئەمەریکایی دووپات کردەوە کە لەسەر بنەڕەتی سەربەخۆیی نیشتمانی و نەتەوەیی دامەزراوەو ڕوانینی هاوسەنگ کە لە باوەڕی قوڵەوە بە بیروباوەڕی بێلایەنی هەڵقوڵاوە .

دیسان وەڵامی عیراقی دەربڕی بەرامبەر ئارەزووی وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەر بەردەوامی پەیوەندی نێوان کاربەدەستانی عیراق و وڵاتە یەکگرتووەکان لە پێناوی گەیشتن بە تێگەیشتنی چاکتری هەڵوێستیان بەرامبەر کاروباری ناوچەکەو کاروباری دەوڵەتان کە بایەخی ناوکۆییان هەیە .

سەرۆکی بەڕێز بەتەنگەوە هاتنی عیراقی بەرامبەر سەربەخۆیی لوبنان و یەکێتی ئەو وڵاتەی دووپات کردەوە لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی زایۆنی لە خاکەکەیداو دیسان کشانەوەی هێزەکانی تر ، دیسان بەشێوەیەکی تایبەت دووپاتی کردەوە کە کێشەکانی ناوچەکە ناکرێ چارەسەر بکرێ لەسەر بنەڕەتی کاری عەرەبی ناوکۆیی و بەکارنەبێت کە پشت بە سوودی بنەڕەتی عەرەبی ببەستێ لەسەربەخۆیی و گەشەسەندن و ئەموەنیدا لەگەڵ پەیوەندی مەوزوعی لەگەڵ جیهان بەپێی ئەو سوودانە .

لە چاوپێکەوتنەکەدا بەڕێز طارق عزیز جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەو سکرتێری بەڕێز سەرۆك کۆمارو هەڵسوڕێنەری لقی کاروباری ئەمەریکاییەکان لە بەغداو تۆماس میلێر کە کاربەدەستێکی گەورەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکایە ئامادەبوون .

سوپای ئازامان زیانی زیاتر بە هێزەکانی دوژمن دەگەیەنێت

جەنگاوەرەکانمان ، لە سنووری ڕۆژهەڵاتی وڵات ، مەردانە ، داکۆکی لە عیراقی سەربەرزەکەن و دەستی ئازایانەی زیاتر لە هێزەکانی ڕژێمی ئێرانی دواکەوتووی قین لەدڵ دەوشێنن .

دوایی ئەوەی لە هەفتەی ڕابووردوودا وەك بەرەنگار بوونەوەی ئازایانەی ئەو دەستدرێژیە نارەوایەی ئەو ڕژێمە بەردەوام دەیکاتە سەر گوندو شارو دام و دەزگا مەدەنیەکانمان لە سەر سنوور ، ساروخە ئەرز ئەرزەکانمان و هێزی ئاسمانی دلێرمان دوو ڕۆژ لەسەریەك هەڵمەتی سەرکەوتوو بەکاریان بردە سەر چەند نیشانەیەکی دیاری کراوی دوژمن لە قووڵایی خاکی ئێرانداو بەم هەڵمەتانەشی جارێکی تر دووپاتمان کردەوە کە دەستی پۆڵاینی عیراقی ئازا دەگاتە هەر شوێنێکی دوژمن و دەتوانێ لێدانی وا ئاراستەی سەر سەری دوژمن بکات تا هوشی بێتەوە بەر خۆی .

ئەو بەیاننامانەی لەماوەی هەفتەی ڕابووردوودا ، لەلایەن سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانەوە دەرچوون ، بەردەوامی مەردانە وەستانی هێزەکانی سوپای لێهاتوومان دووپات دەکاتەوە کە چاو کراوەو وریایە بەرامبەر هەموو جموجوڵێکی گومان لێکراوی هێزەکانی دوژمن و ئازایانەو خێرا لێی دێتە دەست و سەرکوتی دەکاتەوە .

لە هەموو کەرتەکانی بەرەی جەنگ بەدرێژایی سنووری ڕۆژهەڵاتمان چەندان جار کە دوژمن لە ڕێگای دەوریەکانیەوە ویستویەتی لە سەنگەرەکانمان نزیك ببێتەوە ، گورج و گۆڵ جەنگاوەرەکان لێیان هاتوونەتە دەست و ڕاویان ناون و کوژراو برینداری زۆریان خستۆتە ڕیزی هێزەکانی دوژمن و زۆر جار ئەم هەفتەیە سەرچاوەکانی دەستدرێژی بەدەست ڕێژی مەردانەی هێزەکانمان سەرکوت کراون .

گرتنی ئەوانەی بۆمباکانیان لە کوەیت تەقاندەوە

بۆمبا تەقێنەوەکان ئەندامی حزبی بەکرێگیراوی دەعوەن و دانیش بە هەموو شتێکدا دەنێن

کوەیت : بەڕێز عبدالعزيز حسين وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئەنجومەنی وەزیرانی کوەیت بڵاوی کردەوە کە وا دە کەس لە ئەندامانی پارتی بەکرێگیراوی دەعوە گیراون کە ڕژێمی ئێران پشتگیری دەکاو دەیژیێنێ و هەموویان دانیان بەوەدا ناوە کە تەقینەوەکانی ئەم دواییەی کوەیت ئەوان کردوویانە .

لە قسەیەکدا کە لەگەڵ ئاژانسی دەنگوباسی کوەیتدا کردی و هەموو ئاژانسەکان بڵاویان کردەوە وەزیری ناوبراو وتی کە وا دەست بەسەر کۆمەڵێك چەك و تەقەمەنی و هۆی تەقینەوەدا گیراوە کە هی ئەم تاوانبارانەن و لە ماڵەکانیانا دایاننابوون لە دەرەوەی کوەیتی پایتەختدا .

هەروەها وتی بە تەواوی دەرکەوت کە ئەو چەکانەی دوزراونەتەوە گیران بە بەڕێگای دەریادا بە دزییەوە هێنراونەتە کوەیتەوەو ئەمەیش ئیشارەیەکی ئاشکرایە بۆ ئێران جگە لەمەیش وتی ئەو حەوت کەسەی دەست درێژییەکەیان کرد دەبرێنە بەر دادگای ئاسایشی دەوڵەت و وتیشی هەموو دەزانن « پارتی دەعوە » لە کوێوە یارمەتی دەدرێ بۆ کردنی ئەم دەستدرێژییانە .

ئەوەی شایانی باسە پارتی بەکرێگیراوی دەعوە ئێرانی کردوە بە بنکەی خۆی .

مەغریب خۆی ئامادە دەکا بۆ پێشوازی کردنی کۆنگرەی باڵای ئیسلامی

ڕیبات : مەغریب خەریکی خۆئامادەکردنە بۆ پێشوازی کردنی سەرەك و مەلیکەکانی دەوڵەتە ئیسلامییەکان لە کۆنگرەی باڵای چوارەمیانا کە بڕیارە لە شانزەی کانوونی دووەمی داهاتوودا لە شاری دار البیضاءدا بکرێتەوە .

ئەم کۆنگرەیە دووهەم کۆنگرەی سەرانی دەوڵەتە ئیسلامەکانە کە لە مەغریبدا ببەسترێ پاش یەکەم کۆنگرە کە لە دوابەدوای سووتانی (المسجد الاقصى)دا لە مەغریب بەسترا .

هەر پاش ئەوەی کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتە ئیسلامەکان کە لە هەفتەی پێشووتردا لە دەکا بەسترا بڕیاری ئەوەیدا کە کۆنگرەی چوارەم لە کاتی بڕیاردراویا ببەسترێ دەوڵەتی مەغریب دەستی کرد بە خۆئامادەکردن لە هەموو بارەیەکەوە بۆ بەستنی ئەم کۆنگرەیەو بۆ ئەم مەبەستە چەندەها لیژنەی هونەری و ئیداری دامەزراوە بە سەرەکایەتی وەزیری ناوخۆی مەغریب و لیژنەی تایبەتیش دامەزرێنراوە بۆ ئامادەکردنی دۆسیەو بەڵگەنامەکانی کۆنگرەکە .

هێشتا پاشماوەی شەڕی ڤیێتنام هەرماوە

نیودلهی : دوو پزیشکی ڤیێتنامی لەبەردەم کۆنگرەیەکی زانایانی وەچەناسیدا کە لێرە گیراوە دووپاتیان کردەوە کە کاری ئەو بەرهەمە کیمیاییە ژاراوییانەی کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە شەڕی ڤیێتنامدا بەکاری هێناون هێشتا ، پاش هەشت ساڵیش لە تەواوبوونی شەڕ ، هەر بەردەوامە .

هەروەها ئەم دوو پزیشکە ئەوەیشیان دووپات کردەوە کە هەندێ زانای ڤیێتنامی ژمارەیەکی زۆریان لە لەبارچوون و شێوەتێکچوونی منداڵان ڕەچاوکردو لەو ناوچانەدا کە دووچاری ئەم ژارانە بوون .

ڕووداوەکانی ڕۆژانی ڕابووردوو .

قاهیره :
پێری سەرەکی میسر حسنی مبارك لەگەڵ وەزیری دەرەوەی یوگسلاڤیا کۆبۆتەوەو گفتوگۆیان دەربارەی ناوچەی عەرەبی و پەیوەندی نێوان هەردوولایان کردوە .

مۆسکۆ :
لێرە کاروباری دەورەی سیانزەهەمی لیژنەی ناوکۆیی سۆڤیەت و ئیتالیا دەربارەی هاوکاری ئابووری و زانستی و تەکنیك دەستی پێکردوە .

پاریس :
پێری تەقینەوەیەکی گەورە لە گازینۆیەکی شاری پاریس ڕوویداوە کە زیانی ماددی زۆری گەیاندوە بە بێ زیانی گیانی و چوار ئوتومبێل کە لەبەردەم گازینۆکەدا وەستاون ، سووتاون .

لواندا :
ئاژانسی دەنگوباسی ئەنگولا بڵاوی کردەوە کە حکومەتی ڕەگەزپەرستی خوارووی ئەفەریقا پەلامارێکی ئاسمانی کردۆتە سەر گوندێکی خوارووی ئەنگولا بۆتە هۆی کوشتنی دە کەس لە دانیشتوانی گوندەکە .

ابوجهاد ڕێبازی سیاسی و عەسکەریمان ناگۆڕین

پێری فەرماندەی گشتی هێزەکانی شۆڕشی فەلەستین خلیل الوزیر / ابو جهاد / دووپاتی کردەوە کە شۆڕشی فەلەستین ڕێبازی سیاسی و تێکۆشانی چەکداری ناگۆڕێت بە ڕێبازێکی تر .

ابو جهاد لە دوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی «الوطن»ی کوەیتی و تویەتی : بۆمان وەك شۆڕش بە بەردەوامی خەباتی چەکدارییەوە بەستراوەو بەم جۆرە قۆناخی دوایی طرابلس بەردەوامی ئەو خەباتەیە سەرەڕای هەموو بارێکی گران کە شۆڕش پیا ڕەت دەبێت .

هەروەها وتی با هەموو ئەوانەی پشتیوانی شۆڕش و باوەڕیان بە ڕێبازەکەی هەیە دڵنیابن کە ئێمە ڕێبازی سیاسیمان ناگۆڕین و خەباتی چەکداری ناگۆڕینەوە بە هیچی تر .

خلیل الوزیر وتی : بزووتنەوەی فتح ڕووبەڕووی زۆر کۆسپ و تەگەرە بۆتەوە بەڵام توانای تەخت کردنی ئەو کۆسپ و تەگەرانەی هەیەو بەردەوام دەبێت لە ڕەوتەکەی هەتا سەرکەوتن .

حافظ اسد بەم نزیکانە دەبرێ بۆ جنێف بۆ تیماری دەردی

جنێف : ڕۆژنامەی (لسویس)ی سویسرایی کە لە جنێف دەردەچێ بە دەم هەندێ سەرچاوەی ڕۆژنامەگەری جیهانییەوە بڵاوی کردوە کە وا بەم نزیکانە حافظ ئەسەد دەگاتە جنێف بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ تیمار بکرێ .

بۆ ئەم مەبەستەیش ڕژێمی سووریا چوار خانووی لە بارێزگای جنێفدا کڕیوە .

خومەینی پەتپەتی بە منتظری دەکا

تاران : لە چوارچێوەی ئەو ناکۆکییەی کە بە ئاشکرا لە نێوان خومەینی و منتظریدا گەرم بوە خومەینی بێ ئەوەی ناوی منتظری بێنێ لە وتارێکیا هێرشێکی توندی بردە سەری و وتی ئەو گوێ بۆ هەموو قسەیەك و هەوڵێك شل دەکا کە دەبرێتە سەر ڕژێم بە مەبەستی بێهێزکردنی بەهۆی دەرخستنی لا ناڵە بارەکانی ڕژێمەکەی .

جەزائیر لەگەڵ ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینە

سەرەکی جەزائیر دووپاتی کردەوە کە هەڵوێستی وڵاتەکەی لە پشتوانی گەلی فەلەستیندا بەرابەری ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین و ئەو سەرکردایەتیەی هەیەتی ئاشکرایەو لە کردنەوەی کۆنگرەی بەرەی ڕزگاریخوازی جەزائیردا وتی دوای ئەوەی هێزی عەسکەری زایۆنی نەیتوانی ڕێکخراوەکە بڕوخێنێ پیلانی گومان خستنە سەر سەرکردایەتیەکەی دەستی پێکرد .

شۆڕشگێڕانی کورد هەڵمەت دەبەنە سەر بنکەیەکی پاسدارانی خومەینی

بزووتنەوەی چەکدارانەی دژ بە ڕژێمی ئێران تا دێ لە پەرەسەندنرایەو ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر فراوان دەبێت و دەستی زیاتر لە دام و دەزگاکانی ڕژێم دەوەشێنن .

لەم ڕۆژانەدا ، شۆڕشگێڕانی کورد توانیان هەڵمەتێکی سەرکەوتوو بەرنە سەر بنکەیەکی پاسدارەکانی خومەینی لە ناوچەی نەوسوود و ١٥ پاسداریان کوشتوەو دەستیان بەسەر چەکێکی زۆردا گرتوەو ئاگریان لە جبەخانەیەك

دوای ٢٧ ڕۆژ گەمارۆ .. تەرابلس جەنگاوەرەکان بەڕێ دەکات

کۆچی جەنگاوەرەکانی فەلەستین لە تەرابلسی سەرووی لوبنان دەستی پێکرد ، تا بەوە لاپەڕەیەکی تر لە لاپەڕەکانی خەباتی شۆڕشی فەلەستین دابڕێتەوە دوای گەمارۆیەك ٣٧ ڕۆژی خایاند کە لە لایەن هێزەکانی ڕژێمی سووریاو لوبنان و یاخیبووەکانەوە لە زەوییەوەو هێزە زایۆنییەکان لە دەریاوە جێبەجێ کرابوو .

یاسر عەرەفاتی سەرەکی لیژنەی ڕاپەڕاندنی ڕێکخراوی ڕزگاریخواز دوای بەسەربردنی شەوێك لە ڕۆخی تەرابلس بە دووەم پاپۆڕ لەگەڵ جەنگاوەرەکان کۆچی کرد .

Institut Kurde de Paris

هاوڕێ سعدی مهدی صالح لەگەڵ كادیرەكانی حزبدا لە سلێمانی كۆدەبێتەوە

هاوڕێ سعدی مهدی صالح ئەندامی سەركردایەتی وڵاتو ڕازگری نهێنی ڕێكخراوی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە باكووری وڵات سڵاوی سەرەكی فەرماندە صدام حسینی بە جەماوەری پارێزگەی سلێمانی گەیاند.

هاوڕێ سعدی مهدی صالح لە كۆڕێكی فراواندا كەلە بارەگای سەركردایەتی شوعبەی حزبو كادری حزبو ئەندامانی ڕێكخراوە جەماوەرییەكانی پارێزگاكە بەستی باسی ئەو دەسكەوتە گەورانەی كرد كە شۆڕش بە درێژایی زەوتە سەركەوتووە كە بەگشتی بۆ هەموانو بەتایبەتی بۆ ناوچەی كوردستانی بەدیهێناوەو دووپاتی كردەوە كە شۆڕش بۆ پێشخستنی ناوچەكەو گەشاندنەوەی و قوڵكردنەوەو چەسپاندنی دەزگاكانی ئۆتۆنۆمی بەردەوامە .

وەوتی : پێشكەوتنی عیراقو گەشەسەندنی گەلی عیراق ئیمپریالیزمو زایۆنی ئۆقانو تەقەللایان بە هەموو جۆرێ دا كە كۆسپ بخەنە ڕێی كاروانی شۆڕشەكەمانەوە .

بەنجەی بۆ ئەوە ڕاكێشا كە دەستدرێژی ڕژێمی ئێرانی داخ لەدڵ بۆ سەر وڵاتەكامان زنجیرەیەكی سەرەكی نەخشەكانی ئیمپریالیزمو زایۆنیە بۆ كۆسپ خستنە ڕێی پێشكەوتنو گەشەسەندنی شارستانیەتی وڵاتە تێكۆشەرەكەمان .

دووپاتی كردەوە كە هەموو ئەو تەقەللایەی كە دژی عیراق دایان بەهۆی گردبوونەوەی جەماوەری عیراق لە دەوری سەركردایەتیو سەركردایەتی بێهاوتای بەڕێز سەرەكی فەرماندە صدام حسین هەموویان سەریان نەگرتووە بووجەڵبوونەوە .

هاوڕێ ئەندامی سەركردایەتی وڵات باسی گیانی تێكۆشانو بەشداری كردنی بەكاری ڕۆڵەكانی گەل لە شارەكەدا كرد كە بۆ پتەوكردنی شەڕی ڕەوامان هەیانە :

لە وتەكەیدا باسی ئەو دەورەی كرد كە كادرەكانی حزبو ڕێكخراوە جەماوەرییەكان لەم ڕۆژەدا كە وڵاتەكەمانی پێدا ئەڕوات بۆ ئامادەكردنی جەماوەر ئەبگێڕن بۆ ئەوەی بۆ پتەوكردنی باوەڕی شەڕكردن و بەردەوامبوونی سەركەوتنەكانمان پێشیان بخەن .

هاوڕێ ئەندامی نووسینگەی ڕێكخراوی باكوورو ڕازگری نهێنی سەركردایەتی حزب شوعبەی سلێمانی لە سەرەتای كۆڕەكەدا كە بەڕێز جعفر عبدالكریم بەرزنجی پارێزگاری سلێمانیو هاوڕێیان ئەندامانی حزب قیادەی شوعبەی سلێمانی ئامادەبوون وتەیەكی خوێندەوەو تێیدا وتی كە سەردانی بێوچانی بەڕێزان كاربەدەستان لە پارێزگاكە ئەو بایەخە گەورەیە دووپات ئەكاتەوە كە سەركردایەتی حزب لە سەروو هەموویانەوە بەڕێز سەرەكی فەرماندە سەرۆك صدام حسین بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەدات .

لە كۆڕەكەدا شی كردنەوەی مەسەلەی ڕێكخراوی و ئامادەیی تەواوبوو .

بەشداربووانی كۆڕەكە بەڵێنیان تازەكردەوە كە بۆ بەرگری كردن لە عیززەتو كەرامەتی نیشتمان ئەوپەڕی تەقەللا بدەنو دوا تنۆكی خوێنیان ببەخشن .

كۆبوونەوەی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ئۆتۆنۆمی ناوچەی كوردستان

بەڕێز جمال حاجی شریف سەرەكی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنی ئۆتۆنۆمی ناوچەی كوردستان ڕۆژی ١٧ی ئەم مانگە سەرۆكایەتی كۆبوونەوەیەكی ئەنجوومەنەكەی كرد .

بەڕێز سەرەكی ئەنجومەنەكە لە كۆبوونەوەكەدا داوای لە ئەمیندارە گشتییەكانی ئۆتۆنۆمی كرد ئەبێ ئاگاداری ئەو كۆسپانەبن كە دێتە ڕێگەی كاركردنەوەو بتوانن ئەختیان بكەنو خزمەتی باشتر بە پێی خواستی شۆڕشو سەركردایەتی حزبو شۆڕش لە سەروو هەموویانەوە بەڕێز سەرەكی فەرماندە صدام حسین پێشكەش بەهاووڵاتیان بكەن .

بەڕێز ئەمینداری گشتی خانووبەرەو ڕێگەوبان بەدرێژی سەبارەت گشت لایەنەكانی كاری ئەمینداری یەتیەكەو ئەو قۆناغانەی كە بۆ ڕاپەڕاندنی پرۆژەكانی بڕیونیو ئەو كۆسپانەی دێتە ڕێگەو تەحەت گردنیانی شی كردەوە .

ئەنجومەنەكە لە كۆبوونەوەكەدا بڕیاری لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگەی سلێمانیدا كە بڕیتی بوو لە خەرج كردنی پەنجا هەزار دینار بو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگاكە .

پزیشكەكانی هەولێر باسی ڕێبازەكانی زیادكردنی خزمەتگوزاری تەندروستی دەكەن .

ئەمیندارێتی گشتی بەڕێوەبردنی كاروباری كۆمەڵایەتی لە ناوچەی كوردستان كۆڕێكی بۆ ئەو پزیشكانە بەست كە لە دەزگاكانی تەندروستی پارێزگای هەولێردا كارئەكەن بۆ دەمەتەقێ كردن سەبارەت واقیعی كاری ئەو دەزگایانەو ئەو ڕێبازانەی كە پەرەی پێ ئەستێنن .

لە كۆڕەكەدا بەڕێز جێگری ئەمینداری گشتی بەڕێوەبردنی كاروباری كۆمەڵایەتی لە قسەكردنەكەیدا داوای پێشخستنی واقیعی كاری كرد لە كەرتی تەندروستیدا بەوپێیەی كە فراوانترین خزمەتی چارەسەركردنی نەخۆشیو خۆپاراستنی هاووڵاتیان بكات .

كۆڕێك دەربارەی پلانی ساڵی نوێی توتن

لەم ڕۆژانەی دواییدا بەڕێز دوكتۆر حمید محمد سعید ئەمینداری گشتی بەڕێوە بەرایەتی كشتو كاڵو چارەسەركردنی كشتوكاڵ سەرۆكایەتی ئەم كۆڕە فراوانەی كرد كە ئەمیندارێتیەكە بۆ نەخشە دانانی پلانی ساڵی ١٩٨٤

بە ئامادەبوونی سەرۆك دەزگاكانی كشتو كاڵ لە ناوچەی كوردستاندا ڕێكی خست . بەڕێزی لە سەرەتای كۆڕەكەدا دەربارەی باری ئەمڕۆی ووڵاتەكەمان قسەی كرد كە ڕووبەڕووی شەڕی چارەنووسی بۆتەوە بۆ بەرگری كردن لە مافی ڕەوای خۆیداو ، بۆ ئەوەش ، داوای لە بەڕێوەبەرو كارگێڕانی دەزگا كشتوكاڵیەكان كرد توانای زیاتر بخەنە كار بۆ زۆربوونی بەرهەمو خزمەتی بارو دۆخی ئێستامان وبەجێ هێنانی ڕێگای زانستی لە زۆربوونی بەرهەمدا ..

ئەنجا دەست كرا بە خوێندنەوەی ڕاپۆرتی كاركردنی ئەمساڵ لە دەزگاكانی توتن لە هەر سێ پارێزگای ئۆتۆنۆمی داو بەڕێوەبەرانو كارگێڕانی ئەم لایەنە كەوتنە قسە دەربارەی پێشنیار بۆ پێشخستنی پلانی ساڵی نوێو ڕێگای زۆربوونی بەرهەمو بۆ ئەمەش چەند بڕیارێكی نوێ لە لایەن ئەمانەتەكەوە دەرچوو .

شایانی باسە كە ئەمیندارێتی گشتی كشتو كاڵ لەم ماوەیەدا چەندان كۆڕو كۆبوونەوەی تری بەسەرۆكایەتی ئەمینداری گشتیو جێداری ئەمیندارێتی ـ بەكە ساز كردووە.لەوانەش كۆڕێكی فراوان بۆ ئەو ڕاسپاردەو بڕیارانەی لەم ماوەیەدەر چوون ، بەتایبەتی كەڵك وەرگرتن لەو ووتە بەنرخەی سەرەكی فەرماندە صدام حسین لە چوار چێوەی بەرنامەی « پێكەوە بیردەكەینەوە لە پێناو گەلو شۆڕش »دا خوێندبەوەو چەند لایەنێكی تری كاروباری كشتو كاڵو ڕێگای پەرەپێدانی .

● شێرزاد ●
لقی هەولێر

شارەوانی یەكانی هەولێرو پرۆژەی نوێ

لە هەولێردا ، دوای زیاتر لە سێ ساڵەی جەنگی مێژوویی چەندان پرۆژەی ئاوەدانی بۆ خزمەتی هاووڵاتیانو گەشانەوەی شارەكە بەردەوامەو لەمەشدا سەراپای دەزگاكان بەشدارنو خزمەتگوزاری فراوان دەنوێنن ..

لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی یەكانی هەولێر ئەم ئەم ڕاستی یە زیاتر ئەدرەوشێتەوەو لە لێدوانێكی بەڕێز بەڕێوەبەری شارەوانی یەكان باسی ئەو پرۆژانەی بۆ « هاوكاری »كردو ووتی :ـ

پرۆژەكانی ئەم سێ ساڵە یەكجا زۆرەو تەنیا پارێزگای هەولێر ناگرێتەوە ، بەڵكو سەراپای قەزاو ناحیەكانو بۆ ئەمەش چەندان ملیۆن دینار تەرخان كرا بوو .

لە بارەی قیرتاوكردنی شەقامو كۆڵانەكاندا ئێستا كار بەردەوامەو لەوانەش قیرتاوكردنی شەقامی هەولێر ـ عەنكاوەو حەریرو كۆیسنجقو مەخمورو گەڕەكی خەباتو كوێرو دیانەو حەمامۆكی كۆبەو شەقڵاوەو چەندان شەقامی ناوەوەی هەولێر .

هاوكاری چوار سەعات بەناو هاوینەهەواری شەقڵاوەدا سوڕایەوە

● سەردانی سەرەكی تێكۆشەر صدام حسین بۆ شەقڵاوە بە سەركردنەوەیەكی مێژوویی بوو ...

● خەڵكی شەقڵاوە پارێزگاری لە خاكی كوردستانو هەموو خاكی عیراق دەكەن ...

● سەرەڕای جەنگ باری گەشتگوزاریو ئاوەدانی بەردەوامە ..

عبدالوهاب تالەبانی
ناظم دلبەند
لە لقی هەولێرەوە



لە قەدباڵی چیای سەركەشەكەی سەفین بەر لە چەند ساڵێك گوندێكی ژیكەڵانەو ئێسكسووك خۆی خزاندبووە ئامێزی ئەم ئاناوەكانی ئەو ئاوەی دەهێنایە هەژانو خۆشەویستی دەبەخشیەوە ... زۆر زوو ئەم گوندە بوو بە « شەقڵاوە »و سیمای جوانتری بە خۆیەوە بینیو بەرە بەرە فراوان بووەوەو خەڵكی دەوروبەرەكەی ڕوویان تێكردو بوو بەم شارەی ئەمڕۆ كە نزیكەی ئێستاكە (٢٠٠) هەزار خێزانی تێدایە ، بوو بە شوێنێكی گەشتكوزاریو ساڵێ بە هەزاران خەڵك لە شوێنەكانی ترەوە ڕووی تێ دەكەن ...

« بەدەوام بوونی پەرەپێدان »

لەم گەڕانو سوڕانەماندا چووینە بارەگای قائمقامیەتو چاومان كەوت بە بەڕێز « شفیق احمد » قائمقامی قەزاكەو دەربارەی چۆنیەتی كاروباری شەقڵاوەو خزمەتگوزاری قسەی بۆ كردینو وتی :ـ

ئاشكرایە كە شەقڵاوە شارێكی گەورەبوو سێ ناحیەی لێبۆتەوە وەك (صلاح الدین ـ خۆشناو ـ حریر) شوێنێكی گەشتكوزاری فراوانەو خەڵكێكی زۆر لە هاویناندا ڕووی تێدەكەن .. بۆ نموونە ئەمساڵ لە هەموو ساڵەكان زیاتر خەڵك لە هاویندا هاتنە شەقڵاوەو ئێمەش بەبێ خاسیەتی ئیش كردن هەوڵی ئەوەماندا كە هەموو پێداویستێكی گەشتەوانی بۆ هاووڵاتیان دابین بكەین .

چەند ئوتێلێكی گەشتكوزاری لە شەقڵاوەدا هەیە كە بە بەردەوامی پێشوازی لە هاووڵاتیان دەكات ... لە ڕووی كاری ئەم قائمقامیەتەوە گەلێك پرۆژەو دەسكەوت هێناوەتە كایەوە .. بەتایبەت دوای سەردانەكەی سەرەكی فەرماندە صدام حسین لە ساڵی ١٩٨٠ بۆ شەقڵاوە گۆڕانێكی زۆر بەسەر ئەم قائمقامیەتە هات بە ئەمری ئەو دەست كرا بە تێكدانی هەموو خانووە كۆنەكانو دابین كردنی زەویو پارە بۆ خاوەنەكانیان تاكو لە سەر شێوازێكی نوێ خانوەكانیان بنیات بنێنەوە ... لە سەردەمی جەنگی ڕەوامان دژی ڕژێمی خومەینی بەكرێگیراویش هەمیشە بەردەوامین لە بەخششی زیاتر لەمانە قیرتاوكردنی نزیكەی (٥) كیلۆمەتر لەناو شارو لە ناوچەی سەرەبدان .. دابەش كردنی زەوی بەسەر كەسو كاری شەهیدانو فەرمانبەران . بیازیشی وایە كە خانووە كۆنەكان تێك بدرێتو بكرێت بە شوێنێكی گەشتگوزاری.

چەك هەڵدەگرین

ـ ئینجا چووینە بارەگای ڕێكخراوی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی لە قەزاكەو چاومان بە هەڤاڵ (مجید علوی) ڕازگری حزب لە شەقڵاوە كەوت .. دەربارەی حزب لەم ڕووەوە وتی :ـ

بە گوێرەی شەقڵاوەوە حزب درێغی نەكردووەو ئەشیكات هەر لەگەڵ ئەم بانگەوازەوە توانیمان كەڵێك كۆڕو كۆبوونەوە بەسەمینو

بەڕاستی خەڵكی شەقڵاوەو دەوروبەرەكەی زۆر بەدڵسۆزییەوە بەدەم ئەم بانگەوازەوە هاتن و وتیان ئێمە ئامادەین چەك هەڵگرین تاكو پارێزگاری لە خاكی كوردستانو هەموو خاكی عیراق بكەین ... بێگومان ئەمە گەورەترین هەستی عیراقیەت بوو .. ئەوە بوو عەشیرەتەكانی خۆشناو ـ سورچی ـ بە هەزاران هاتنە بارەگای حزبو قائمقامیەت داوای چەك هەڵگرتنیان كرد .. چونكە بەڕاستی ڕژێمی ئێرانی ئێستاكە دەیەوێ لە كوردستانەوە دەستدرێژی بكاتە ناو خاكی عیراقەوە ئەمەش مەحاڵە ، مادام گەلی كورد لەگەڵ حزبو لەگەڵ فیكرەی صدام حسین دایە ڕژێمی خومەینی ناتوانێ بە هیچ جۆرێك ڕوو بكاتە ناو خاكمان ... بۆ مێژوویش سەلماندوومانە كە هەڵوێستی یەكێتی نیشتمانی لەق نابێ بەڵكو زیاتر پتەوتر دەبێ .

هەڤاڵ ابراهیم رحیم ئەندامی ڕێكخراوی حزب لە شەقڵاوە وتی :ـ

ڕژێمی ئێرانی كۆنەپەرست هیچ كاتێك لەگەڵ خواستو ئارەزووی گەلی كورد نەبووە ، بەدرێژایی مێژوو هەوڵی ئەوەی داوە لەناوی بەرێو ڕەگو ڕیشەی لە ژێرە دەربێنێ ، ئەمڕۆش كە دەستدرێژی دەكاتە سەر هەموو عیراقیەك جا بۆ چەك هەڵنەگرین دژی ئەم ڕژێمە بۆگەنە ئەوەستین كە بە زۆرەملێ شەڕی هێناوەتە سەرمان ... ئەمڕۆش گەلی كوردمان بە گیانێكی پیرۆزەوە چەكی هەڵگرتووەو لە سایەی سەرەكی تێكۆشەر هەڤاڵ صدام حسین بە سەر ئەم ڕژێمە بۆگەنەوە زاڵ دەبین .

« هاوكاری لە ماڵی عثمان میران »

ساباتێكی خۆش ژمارەیەكی زۆر لە گەنجە كوردە خوێن گەرمەكان خۆیان چەكەكانیان دەست لەسەر سینگ وەستاون ، بە گەرمییەوە پێشوازی یان لێكردین ، ئینجا دەربارەی چەك هەڵگرتنو بەرگری كردن لە خاكی كوردستانو هەموو خاكی عیراق قسەیان بۆ كردین .

جەنگاوەر « كامەران عثمان میران » بەناوی هەموو عەشیرەتی خۆشناوەوە هاتە پێشەوەو وتی :ـ

عەشیرەتی خۆشناو ئامادەیە چەك هەڵگرێو بەرگری لەم خاكە پیرۆزە بكات ، ئەوەتا ئەم گەنجانە كە هەموویان چەكیان لە شانە ئامادەن بەرێ بكەون بۆ بەرەكانی جەنگ بۆ پارێزگاری كردن لە خاكی خۆمان دژی ڕژێمی خومەینی جادووگەر كە بە زۆرەملێ شەڕی هێنایە سەرمان ، پێویستە لەسەر هەموو كوردێك كە خۆی بە خاوەنی ئەم خاكە دەزانێ چەك هەڵگرێو نەیەڵێ دارودەستەی ئەم ڕژێمە بۆگەنە بێتە ناو وڵاتی عیراق ..

ئێمە كە لە شەقڵاوەو دەوروشتی شەقڵاوە بەناوی عەشیرەتی خۆشناوەوە چەكمان هەڵگرتووە جێگەی شانازییە بۆ ئێمە كە سەرۆك صدام حسین ئەم متمانەیەی پێداوین تاكو بجەنگین لە شەڕی چارەنووسدا ... جارێكی تریش دووپاتی ئەوەی دەكەمەوە كە لە نزیكترین كات ئێمە ئامادەین بچینە بەرەكانی جەنگەوە ..

ـ جەنگاوەر دلێر سلیمان مجید وتی :ـ

بە باوەڕەوە شەڕ دەكەم. چونكە دەبێ هەمووان پارێزگاری لە شەرەفو كەرامەتی ئەو وڵاتە بكەین .

ـ جەنگاوەر محمد امین محمد عباس وتی :ـ

من ئەوە بۆ دووەمین جارە بەشداری لە شەڕ دەكەمو دەچمە بەرەكانی جەنگەوە . ئەو گیانەم بۆچییە ئەگەر پارێزگاری وەتەنی خۆتی پێنەكەی ...

ـ جەنگاوەر ـ انور مصطفی دەڵێ :ـ

خۆشەویستی ووڵات لەمەدایە كە بە هیچ شێوەیەك نەهێڵی سەرشۆڕبێ ... جا پێویستە لە پێناویدا شەهیدبی ..

ـ جەنگاوەران محمد فقیو جعفر سلیمانو خورشید قادرو علی صالح عزیزو محمد عبدالواحد ..

دووپاتی بەردەوام بوونیان بۆ سەرەكی تێكۆشەر صدام حسین كردەوە كە هەمیشە چەك بەدەست بن بۆ پارێزگاری كردن لە ووڵاتی عیراقدا ...

كۆڕێكی جەماوەری فراوان لە پارێزگای دهۆك

سەركردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست شوعبەی دهۆك كۆڕێكی فراوانی بۆ جەماوەری پارێزگاكە پێكهێناو بۆ شی كردنەوەی مەوداكانی قۆناغی ئەمڕۆ لەبەرووناكی بەردەوامبوونی ئەو دەستدرێژییەی ڕژێمی خومەینی ناڵەبار كە ئەیكاتە سەر وڵاتە تێكۆشەرەكەمان.

هاوڕێ سعدی مهدی صالح ئەندامی سەركردایەتی وڵاتو ڕازگری حزبی عەرەبی سۆشیالیست نووسینگەی ڕێكخراوی باكوور لە كاتی قسەكردنەكەی لە كۆڕەكەدا سڵاوی بەڕێز سەرەكی فەرماندە صدام حسینی بە جەماوەری پارێزگاكە گەیاندو ئەو شانازییە گەورەیەشی كە هەیەتی بە بەخششی بێوچانی ئەو پارێزگەیە بۆ بەرگری كردن لەسەربەستی عیراق .

هاوڕێ ئەندامی سەركردایەتی وڵات بەنجەی بۆ ئەو دەسكەوتە گەورانە ڕاكێشا كە لەسایەی شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ی تەموزی نەمرەوە لە ناوچەی كوردستاندا وەدیهاتوون .

داوای زیادكردنی ئامادەكردنی جەماوەری كرد بەرێگەی پتەوكردنی شەڕی ڕەوامان دژی ڕژێمی ئێرانی داخ لەدڵ كە لە لایەن ئیمپریالیزمو زایۆنیەو ئەسەدو قەزافیەوە پشتیان ئەگیرێ .

لە كۆڕەكەدا كە هاوڕێیان ڕازگری نهێنیو ئەندامانی حزب شوعبەی دهۆكو سەرەكی بەڕێوەبەرێتی یە مەڵبەندی یەكانو ڕێكخراوە جەماوەریو پیشەیی یەكانو بەڕێوەبەرایەتی یەكان ئامادەبوون باسی ئەو تەقەللایەی كرد كە هاووڵاتیانی دهۆك بۆ بەهێزكردنی كیانی سەركەوتن داویانە .

ئەو جەماوەرەشی كە بەشداری كۆڕەكەیان كرد بەڵێنی خۆیان بۆ سەركردەی سەركەوتن بەڕێز سەرۆك صدام حسین نوێ كردەوە كە ئەوپەڕی ئامادەن شان بەشانی هێزە چەكدارە دلێرەكانمان بەشداری بكەن بۆ بەربەجدانەوەی ڕەشەبای زەردی خومەینیەت تاكو سەركەوتنی تەواو وەدی دێ .

لە لایەكی ترەوە لە شاری كەركوك كۆڕێكی فراوان ڕۆژی ١٩ی ئەم مانگە گیرا كە لە ئەركی ڕێكخراوە جەماوەری

بڕوانە ل ٧

Institut Kurde de Paris

بیروڕای سەربەست

ئەگەر لە سەرخۆیی «وابێ» ئەبێ تووڕەبوون چۆن بێ ؟

کە ماوەیەك لەمەوپێش ماموستا نەریمان وتارێکی لەم ڕۆژنامەیەدا بلاوکردەوەو کۆمەڵێ بنووسی تری بە دەست درێژی کردن لە ئەدەبدا ، تێیدا ، تاوانبار کرد ، منو دوانی تریش لەو تاوانبار کراوانە ، یەك لەدوای یەك ، هەر لەسەر لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیە وەڵامان دایەوە .

محەمەدی مەلا کەریم

لە وتاری دووهەمیا ماموستا نەریمان سەرلەنوێ « تاوانەکە »ی باس کردووەتەوە ، هەرچەند خواو ڕاستیان ئەمجارە ناوی کەسی نەهێناوەووای ، پیشان‌داوە کەوا گوایە ئەم تاوانە لەناو بنووسانا تەشەنەی کردووە ، کە ئەمەش وائەگەیەنێ بەشێکی زۆری بنووسانی کورد ئەو جۆرە دەستدرێژی‌یەیان کردووە بە کارو پیشەی خۆیان ، لەکاتێکا کە خۆی لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەموو شەنو کەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکانی ئەم چەند ساڵەی کردووە ، لە شەش حەوت نموونە زیاتری پێ دەست‌نیشان نەکرابوو ، سەرەڕای ئەوە کە نموونەکانیشی هەموویان - وەك پێشتر وتمان - تاوان نەبوون‌و ، دیسان سەرەڕای ئەوەش کە تائێستا سیان بە تاوانبار کراوەکانی بەرپەرچیان داوەتەوەو دەریان‌خستووە کە ئەو لە مەسەلەکە نەگەیشتووە . ئیتر نازانم چەند نموونەی لە بەردەستدا ئەمێنێتەوە ، کە ئەگەر ڕاستیش بێ تاوانبار بن ، بەشی تەشەنەکەی ئەو بکەن ؟ ئەمجا ئەڵێ منیش - واتە خۆی - پاش چەند کەسی تر لەو تاوانە دوامو « لەو نموونانەی کە بڵاوم کردبوونەوە دووجار ناوی ماموستای بەڕێز کاك حەمەی مەلا کەریم (هاتبوو) . هەر ئەوەندەو بەس ، ئیتر مەپرسە . وەك ئەوەی بڵێین

کوفرێکم کردبێ یان لە تاوانێکی زۆر گەورە نزیك کەوتبمەوە .. تاد» . باشانیش ئەڵێ گوایە من کەوتوومەتە «هەندێ هەڵەی فرەسەختەوە » چونکە «دەستدرێژیم بە دەس‌پیسی لێك‌داوەتەوە»و ، ئەم دوانە زۆر لە یەك دوورن چونکە دەس‌پیسی «دزی ئەگرێتەوە» . بەڵام خۆی لە قەرەی ئەوە نادا چۆن لەو تاوانە دوابوو ، بە چاك ناوی هێنابووم ، تا ئەگەر پێ‌نەزانم بێ‌وەفاو بێ‌نمەك بم ، یا بە خراپ ، تا مافی ئەوەم هەبێ داکۆکی لە خۆم بکەم‌و بەرپەرچی بدەمەوە ؟ .

لەبەرئەوە خۆم بە ناچار ئەزانم بیخەمەوە بەرچاوی هەموان کە جارێکیان وای ناو هێنابووم چیرۆکێ کە کاك نورالدین محمد سعید وەری‌گێڕاوەتە سەر کوردی‌و بڵاوی کردووەتەوە ، منیش پاش ئەو بە ناوی خۆمەوە بڵاوم کردووەتەوەو ، جارەکەی تریشیان وای ناو هێنابووم کە وتارێکی خۆمم جارێکی‌تر پاش هەشت ساڵ دیسانەوە بە کەمێ دەسکاری‌یەوە بڵاوکردووەتەوە ، وای پیشان‌دابوو لە جاری یەکەمیانا دزیم لە کاك نورالدین محمد سعید کردووەو لە جاری دووهەمیشیاندا وتاری خۆمم جارێکی‌تر لەپێناوی دراوا بە گۆڤاری (بەیان) فرۆشتووەتەوەو دیارە ئەبێ‌بەمەفێڵم لە خوێندەواران

کردبێ .

لەوانەیە بڵێن ماموستا نەریمان وا زەق تاوانباری نەکردووی ، تۆ بۆ وای مەعنا لێ‌ئەدەیتەوە ؟ لە وەڵامی ئەمەدا ئەڵێم ئەمە پوختەی ئەوەیە لە وتارەکەیەوە دێتە بیری خوێندەوار . سەرەڕای ئەوەش ئەبێ کورد واتەنی بڵێین «حاڵ لە دوو فەقەرە بەدەر نی‌یە» : یا ئەو چیرۆکەی کاك نورالدین پێشان وەری‌گێڕاوە ، من بە جۆرێکی‌وا وەرم‌گێڕاوە هیچ ئاگام لە وەرگێڕانەکەی ئەو نەبێ‌و هیچ کەلکم لێ وەرنەگرتبێ ، کە ئەگەر وابێ ، ماموستا نەریمان بە هیچ کلۆجێ مافی باس کردن‌و ناوهێنانی منی نابێ‌و ناتوانێ کارەکەم بە دەستدرێژی لەقەڵەم بداو ، کەواتە ناوهێنانەکەی من لەلایەن ئەوەوە ئەبێ بە دەست درێژی‌و بەدناو کردن . یا ئەبێ وام وەرگێڕابێ کەم‌و زۆر کەڵکم لە وەرگێڕانەکەی کاك نورالدین وەرگرتبێ ، بێ‌ئەوەی ناوی بهێنم ، دیارە ئەمەش ، ئەگەر نەزاکەت‌کاری نەکەین ، ئەبێ تەنها بە دزی مەعنا لێ‌بدەینەوە .

ئەی ئەگەر وانەبێ ، ئەبێ بڵاوکردنەوەی دووبارەی وتاری کەسێك ، لەلایەن کەسێکی‌ترەوە ، بە ناوی ئەم کەسی دووهەمەوەو بێ هیچ ئیشارەت کردنێك بۆ ناوی خاوەنی ڕاستەقینەی وتار ، لە دزی بەولاوە چیی‌تر بێ‌و ، ئەگەر ئەمە دزی نەبێ، ئەبێ دزی چۆن بێ ؟ خۆ دزی

شاخ‌و گوێی نی‌یە ! یا تاوانێك کە شایانی ئەو سزایە بێ ناوی تاوانبارەکە بخرێتە لیستەی ڕەشەوەو لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی لێ قەدەغە بکرێ ، لە مەیدانی ئەدەبدا دزی ئەدەبی نەبێ ، ئەبێ چی بێ ؟ با هەموو ئەدیبان‌و قانوونزانان‌و خاوەن ڕەوشتانی کورد بێن ڕای خۆیان لەم مەسەلەیەدا دەربڕن .. جا کە من بە (دەس‌درێژی)یەکی لەم چەشنە تاوانبار کرابم ، بۆ ئەبێ بێم لەبەر خاتری دڵی ماموستا نەریمان هەر خۆیشی تاوانباری کردووم ، مەعنای (دەس‌درێژی) وا لێ‌بدەمەوە کە لە چەشنی (دەسی تەماع درێژە)و (بەدەسەڵات)و (دەست ڕۆیشتووە)یە ؟ کێ دیویە (بەدەسەڵات)و (دەست ڕۆیشتوو) تاوانبار بکرێ‌و ناوی بخرێتە لیستەی ڕەشەوە هەر لەبەرئەوە کە بەدەسەڵات‌و دەست ڕۆیشتووە ؟ تۆبڵێی ماموستا نەریمان بەڕاستی بێ کە ئاوا مەعنای وشەی کوردیمان بۆ یەکالا ئەکاتەوە .. ئەمەیە کە ئەڵێن «عوزر لە قەباحەت خراپتر!» کەواتە ئیتر ماموستا نەریمان بۆچی تووڕەیە ئەگەر داکۆکی لە خۆم بکەم‌و لە وەڵامی ئەو بەدناوکرانەمدا لەلایەن ئەوەوە وەڵامێکی‌وای بدەمەوە تۆزی ناڕەحەتی بکاو دڵی بگرێ ؟

ماموستا نەریمان ئەڵێ : «ئەو کاکە حەمەیەی کە چاوی

پێ‌نەکەوتم لە بەردەمما ئەبوە قەترەیەك ئاو ، هەق‌و حوقووق‌و دۆستایەتی‌و وەفاو ئەمەکی نزیکەی سی ساڵی نایەلاوەو دەستی دایە نەشتەرەکەی‌و ... تاد» .

منیش ئەڵێم سەد ڕەحمەت لە پێشینانمان کە وتوویانە «کورد بدوێنە شەرعی خۆی ئەکا» .. باشە منێ کە ئەوەندە لە خزمەتی ماموستادا بەئەدەب بووبم‌و حەق‌و حوقووقی دۆستایەتی‌و وەفاو ئەمەکی نزیکەی سی ساڵمان لەنێوانا ببێ ، بڵێی ماموستا نەریمان لەم ماوە درێژەدا ئەوەندەی نەناسیبم کە دز نیم تا چیرۆکی وەرگێڕراوی کەسێکی‌تر بدزم‌و ، ئەوەندە پووڵەکی نیم بێم ماڵی لەوەوپێش فرۆشراوی خۆم دووبارە بفرۆشمەوە هەر بەوکەسەی یەکەمجار لێی کڕیوم ، تا بۆی ڕەوابێ لەسەر لاپەڕەی تاقانە ڕۆژنامەیەکی کوردیدا تاوانی دزیم بداتە پاڵ‌و داوا بکا ناوم بخرێتە لیستەی ڕەشەوە چونکە لەپێناوی ئاوو دراوا کاری‌وا ناشایستەو ناپیاوانەم کردووە ؟! ڕاستەکەی من ئێستاش ، چ لە بەردەمی ماموستا نەریمان‌و چ لە بەردەمی هەرکەسێکا کە چەردەیەك خزمەتی دڵسۆزانەی بە کولتووری کورد کردبێ ، هەر ئەو خۆ بە کەم زانیوەم کە ماموستا باسی ئەکا ، بەڵام کە هەقیش هاتە پێشەوە ، هەر ئەوەندە دەست‌و دەمم نەبەسرابێ ، بە هەموو هێزو توانامەوە لێی دێمە دەنگ .

من زۆرم لا سەیرە ماموستا لەگەڵ ئەو بەدناوکردنە ناهەقەشمدا بەتەمابێ هەر بەندە موخلیس‌و دلۆپە ئاوە ناچیزەکەی جاران بم لە خزمەتیاو ئەوەندە لە حوزووریا (عال‌و سال) بم عەرزی بکەم ماموستا گیان. ڕاست ئەفەرمووی .. زۆر سوپاس کەوا ئەم دزی‌یەت دۆزیمەوەو ، تۆبەو ئیستیغفارو من پەشیمانم ! ئەبوو ماموستا پێش ئەوەی گلەیی لە بێ‌ئەدەبیی من بکا . گلەیی لە پەلەکردنی خۆی بکردایەو لە خۆی بپرسی‌یایە بۆچی‌و لەپای‌چی هەروا لە هیچە کۆمەڵێ ڕۆشنبیری کوردی دایە بەر چێوی تاریکی ؟ .

ماموستا نەریمان ئەفەرموێ : «ئەگەر وەزعی ئەوسای بوایە - واتە من - لایەکی ئەم نووسینەی منی ئەبەستە کارەساتی لوبنانەوە» . ، بەڵام ئەو وەزعە لەبارەی باست‌کرد ، تەنانەت ئەو سەردەمەش ، هەر بۆ تۆ لەبارتر بوو تا بۆ من .

هەموان ئەزانن من هەرگیز لە هێزی باوەڕی دەروونم‌و قەڵەمی دەستم بەولاوە هیچم بەدەست نەبوە ، .

لەبارەی بیبلیۆگرافیاشەوە ، من کە باسیم هێنایە ئاراوە ، لە کەڵێنی ئەوەوە هێنامە ئاراوە کە بەشێکی زۆری وتارەکەی ماموستا نەریمان لەسەر بنەمای ئەوە بنیات نراوە کە بابەتێك جارێك بڵاوکرایەوە ، نابێ دووبارە بکرێتەوەو ، ئەمەبش هەڵەبەو

بەڵگەیەکی هەڵەیشی ئەوەیە کە ماموستا خۆی ، خوا جەزای بەخێری بداتەوە . نزیکەی سی ساڵە بەدەس‌و دەم بە بیبلیۆگرافیاوە خەریکەو بە هەموو جۆرێك‌و لە هەموو ڕوویەکەوە لەسەری ئەنووسێ .. من ئەمەم بە خراپ نەزانیوەو . کە ونووشەمە ڕەخنەی زۆر ڕووی کردووەتە بیبلیۆگرافیاکەی‌و باشی لێ نازانی‌و تێیدا بسپۆڕ نی‌یە . ئەوە واناگەیەنێ کە کارێکی خراپی کردووەو نەبوونی باشترە .. بەپێچەوانەوە . تا کەسێکی لەو کارامەتر لەم مەیدانەدا هەڵنەکەوێ . ئەم هەر یەکەمی ئەم مەیدانەیە با سەرشانێ هەڵەو کەم‌و کورتی‌یشی هەبێ .. بۆ زیادە ئاگاداری ئەوەشی دێنمەوە یاد کەوا کە چاپی یەکەمی (کتێبخانەی کوردی) یەکەی دەرچوو . شان‌بەشانی ئەوە بەڕێزانەی لە وتارەکەیا ناوی هێناون . منیش وتارێکی پیاهەڵدانم لەبارەیەوە نووسی ..

دوا وتەش کە ئەم چەند دێڕەی پێ دوایی دێنم ئەوەتە ئاخۆ ماموستای بەڕێزمان ڕای لە وەڵامەکانی برایان خالید جوتیارو مەجید ئەدیبدا چی‌بوو ؟ ئەی تۆ بڵێی بۆم هەبێ داوای ئەوەی لێ بکەم‌بەرلەوەی کەسێکی‌تریش وەڵامێکی‌تری بداتەوە . با خۆی وتارە دووجار بڵاوکراوەکانی ئەوانی‌تر بخوێنێتەوەو ئەگەر بۆی دەرکەوت لە تاوانبار کردنی ئەوانیشا ناهەقی کردووە . بۆخۆی دەست‌پێشخەری بکاو ڕەخنەیەك لە خۆی بگرێ‌و لە بەردەم دادگای ئەدەب‌و ڕای گشتی خوێندەوارانا پێی لێ بنێ‌و بڕیار بدا ئیتر لەمەولا هەر لە سەرەتاوە لەسەرخۆ بێ تا نەکەوێتە هەڵەو ناهەقیی‌وا زەقەوە خەڵك ناچار بکا بۆ داکۆکی لە کەرامەتی خۆیان لێی بێنە دەنگ‌و لە جێی ئەو سووژنەی بەمانیدا نەکا هیچ نەبێ دەرزی‌یەکی پیا بکەنەوە .

پاش ئەوە ئەبوو ئیتر مەسەلەکە ، بەش بەحاڵی ئێمەو ماموستا نەریمان لەم ڕادەیەدا ببڕێتەوە ، ئەگینا ئەگەر هەر ئەو بڵێ‌و هەر ئێمەیش بڵێین ، ئەبێ بە حیکایەتی (مێشس)و ، هەویری وایشی ئاو زۆر ئەکێشی .. ئەبوو ئەگەر قسەیەکی‌تر پێویست بوایە بکرێ ، ڕای گشت لەڕێگای یەکێ لە خوێندەوارانی بەخۆداپەرمووی ڕۆژنامەکە ، یا لە ڕێگای یەکێ لە دەستەی بنووسانی ڕۆژنامەکەوە ، داوەریی بکردینایەو بڕیاری خۆی دەربڕی‌یایە کە ئاخۆ ئێمە دەستدرێژیمان کردووەتە سەر ئەدەب‌و لەم ڕێگایەوە ڕای گشتمان هەڵخەڵەتاندووە، یان ماموستا نەریمان دەستدرێژی کردووەو ئێمەی لە ناهەق تاوانبارو بەدناو کردووە .

بەڵام وا نەکرا . ڕۆژنامەکە ڕێگای ماموستای ناوبراوی دا سەرلەنوێ بێتەوە مەیدان ، کە ئەمەش ، بێ‌گومان ، ئەبێ وابگەیەنێ ئێمەیش سەرلەنوێ ئەو مافەمان هەیە ، ئەگینا (هاوکاری) بە بێ‌لایەن دەرناچێ‌و مەسەلەکە وای لێ دێتەوە لە ڕیزی ئەودا وەستابێ ، لەکاتێکا کە ڕۆژنامە ڕۆژنامەی هەموانەو بۆ سوودی هەموو خوێندەوارانەو ، لایەنگری کەس نی‌یە لەبەر خاتری خودی خۆی .

بۆیە وا منیش لەئاستی خۆمەوە دێمەوە مەیدان‌و ئاواتەخوازم ئەو برایانەی تریش کە لە وتاری یەکەمدا ناویان هاتووەو تائێستا بێ‌دەنگ بوون ، قسەی خۆیان بکەن‌و پێمان بڵێن ئاخۆ نەریمان ڕاستەکا دەستدرێژی‌یان لە ئەدەبدا کردووەو ، دان بە تاوانی خۆیانا بنێن‌و داوای چاوپۆشی لە ڕای گشت بکەن ، یا بەرپەرچی بدەنەوەو داکۆکی لە ناووبانگی خۆیان بکەن وەك ئێمە کردمان .

پێنگاڤا یەکێ دناڤبەرا : ئەخلاتی و جزیری دا

عبدالرحمن مزوری

گەلەك جاران پسیار ژتورەڤان و نڤیسەڤانێد کورد تێتەکرن کانێ ئەدەبێ نڤیسینێ بزاراڤێ کرمانجیا ژوری ژکێ دەست پێدکەت ..؟!

باراپتر بیروهزر بو هندێ دچن کو [جزیری]یە سەرکێش‌و شورەسیارێ ڤێ ڕیکێ وچو ناڤێد دن نە بەریکا وی ونە ژی بنەنشتا وی‌ڤە هەنە .

[جزیری] کەنگی ژیایە ..؟! فەقیێ تەیران دوجارا دەمێ ژیانا وی روندکەت ، جارەکێ ساڵا [١٠٣١هـ] دپەیڤتنا خودا دگەڵ جزیری دبێژیت :

دزانن مەدداحێ کێمە
دهزار ویەك وسهان (١٠٣١)
ئەنا خواهێ (مەلێ)مە
ل‌هەمو ئەرد وجهان(١)

جارا دی دەما [جزیری] دچیتە بەردلوڤانیا خودێ‌و (تەیران) لدیف بوچونا جەلادەت بەدرخانی(٢) هۆزانا (ئیرو وەرن لێزم وەرن - جیران وخەلکێ هێشەتێ) پێ دبێژیت ، کو تێدا مرنا وی دکەڤیتە ساڵا (١٠٥٠هـ) دەما دبێژیت :

حەفت عەین ولام ژێك‌بون جودا
شین وگری ، دیسا نەدا
ئەم رازینە بئەمرێ خودا
هەچیا ژ دەرگاهێ وی تێ

کو بڤی رەنگی تێتە لێکدان :

(٧ × ع) - ل = ٤٩٠ - ٣٠ = ٤٦٠
(ش + ی + ن) + (ك + / + ی) =
(٣٠٠ + ١٠ + ب) + (٢٠ + ٢٠٠ + ١٠)
= ٤٦٠ ٥٩٠ + ٥٩٠ = ١٠٥٠هـ .

ڕاستە ئەڤ (مالکە) بگەلەك رەنگە هاتینە راکرن ، مینا هێژایان م.ب. رودنکو ود. عزالدین رەسول راکرین(٣).. بەلێ دڤیا بزانین هەر هژمارەکا ژساڵا (١٠٣١هـ) کێمتر دەرکەڤیت کو ڕێکاڤێ جزیری وتەیران هەردو دساخبون دڤیا بپاش کوهقە بێتە هاڤێتن .

ئانکو هەکە ئەم وەکو تێکڕایی (٧٠) ساڵا تەمەن بو جزیری دانین ، دێ ژدەیکبونا وی کەڤیتە دەورو‌بەرێ (٩٨٠هـ) . لەوان باراپتر سەرەکانێد ئەدەبی ومێژوویی بو هندێ دچن جزیری دسەد ساڵێد دناڤبەرا ٩٥٠ - ١٠٥٠هـ ئانکو دنیڤا دوێ ژسەدێ دەهێ حەتا نیڤا یەکێ ژسەدێ یازدێ مشەختی‌دا ژیایە ، بەرامبەر نیڤا دوێ ژسەدێ هەڤدێ زاینی‌دا ژیایە(٤) .

ئەڤجا شمس‌الدینێ ئەخلاتی کەنگی ژیایە ..؟! باراپتر سەرەکانێد ئەدەبی ومێژوویی نڤیسی‌یە دناڤبەرا ٩٩٧ - ١٠٨٥هـ بەرامبەر ١٥٨٨ - ١٦٧٤ز ژیایە(٥)، تنێ هێژا ئەنوەر مایی ساڵا مرنا وی (١٠٠ ساڵ) زێدە نڤیسینە وکری‌یە (١١٨٥هـ) کو کو بهزرا من چەوتی‌یا چاپێ‌یە(٦) . ئەڤ ژیانا ئەخلاتی بومە ڕاستر لێ تێت دەما ئەم دزانین ئەو دسەردەمێ میرێ ئامێدیێ سەیدی خان‌دا هاتبو دەڤەرا مزوری‌یا بو بەلاڤکرنا ڕێکێد صوفیا ، وسەیدی خان دناڤبەرا ٩٩٣ - ١٠٣٨هـ (٧) میراتی کری‌یە وساڵا ١٠٣٠هـ ژ (ئەخلاتی) حواستی‌یە لدەڤەرا بادینان ئاکنجی بیت وحەفت گوند ژێرا شاندینە ، دا ڕێکا خو باسۆفی‌یا تێدا بەلاڤکەت ، کو وێگاڤێ ژیێ وی ئانکو - ئەخلاتی - (٣٣ ساڵ) بون .

نهو بومە لدیف گروێد ئەڤرو خویا بو ، ئەڤ هەردو هۆزانڤانە (ئەخلاتی‌و جزیری) هەڤچەرخێد یەکن ، کو هەردو دنیڤا دوێ ژسەدێ دەهێ ونیڤا یەکێ ژسەدێ یازدێ شەختیدا ، بەرامبەر نیڤا دوێ ژسەدێ شازدێ ونیڤا یەکێ ژسەدێ هەڤدێرا ژیابنە .. ودڤیا ژبیرنەکەین (فەقیێ تەیران) ژی هەڤچەرخێ وانە بگروڤێ پەیڤتنا وی دگەڵ جزیری‌دا ، کو حەتا نهو دگەلەك ژێدەرێد ئەدەبی‌دا هاتی‌یە بەلاڤکرن (٨) .

هیڤیدارین مە لدیف گروڤێد ئەڤرو هەین سەرەتایێ دەستپێکرنا ئەدەبێ نڤیسینێ کوردی پیچەك دیارکربیت .

ژێدە وسەرەکانی :

١ - عبدالرقیب یوسف دیوانا کرمانجی النجف ١٩٧١م ب : ٤٢ .

٢ - جەلادەت بەدرخان /هاوار - هژمار : ٣٣ ساڵا : ١٩٤١ز - ب : ٨ .

٣ - د. عزالدین مستەفا ڕەسول شیعری کوردی - ژیان وبەرهەمی شاعیرانی بەغدا ١٩٨٠ز ب : ١٤ - ١٦ .

٤ - هێژا ص.ب. ئامێدی سەدید مشەختی ڕاست نڤیسینە ، لێ (یەك سەدە ژبێد زاینی کری‌یە . بنێرە : ص.ب. ئامێدی دیوانا جزیری بەغدا ١٩٧٧ز ب : ٥ .

٥ - چاڤ پێ‌کەتن دگەڵ هۆزانڤان [illegible] بریفکی . دیسان : ح محفوظ العباسی /امارة بادینان - الموصل ١٩٦٩م /ب : ١٤٣ .

٦ - انور المائی /الاکراد فی بادینان /الموصل ١٩٦٠م ب : ٨٢ .

٧ - مؤرخ بزرگ کرد شرفخان بدلیسی / شرفنامە - پاکستان - لاهور .. ؟! ب : ١٥٤ . دیسان : ستیفن لونکریك /اربعە قرون فی تاریخ العراق الحدیث - ترجمە : جعفر الخیاط - بغداد ؟! - ب : ٦٠ .

٨ - الزەنکی العقد الجوهری - القامشلی ١٩٥٩م ج٢ ب : ٩١٤ . دیسان : عبدالرقیب یوسف/ دیوانا کرمانجی النجف ١٩٧١م / ب : ٣٠ .

پێنگاڤەك بۆ پێشڤە

جمیل خلیل رشید

هەر کەفتنەك
د ڕێکا ژیانێ دا بالی بێ زانەکە ...
سوزا مرۆڤێ دل موکم
بۆ گەهشتنا چ هیڤی
بادانەکە ...
پێنگاڤا ئێکێ بۆ پێشڤەچوونێ
حەلانەکە ...
یا دی نانە .
یا سێ بێ ترس بێ زانەکە ...
چەند ئاسێ ... و چەند ئالۆزی
بێتە دێس
هەر ئێك ژوان بێ سوباهی
نیشانەکە ...
باشە ڕۆژا مرۆڤی خورت .
مرۆڤی بێ هێزو هیڤی
هەرو سەرکەفتنەکا ... سی
شەهیدانەکە ...

Institut Kurde de Paris

"ڕەشۆڵ" ی هونەرمەند

بەشـــی دووەم

عثمان شارباژێری

ژین نوسیویتی :

گشت لایەك بەزەمزەمـــەو ئاهەنگەوە ، دەستیان کرد بە خواردنی (پرتەقاڵ) و(سێو)و (هەرمێ)و (کولیچە)و (کێك) لەو لایشەوە بولبولەکـــان (واتە : ڕەشۆڵ‌و محمود -ع-) یەك لەسەر یەك گۆرانـــی خۆشی نیشتمانی وەکـــوو (کوردستان) (دەمی ڕاپەڕینە) (ڕاچڵەکین‌و ووریابوویـــن) لەگەڵ گەلێ بەستەی تـــر ، ئەوەی ئەیان گـــــوت ئەیان‌ئەگوتەوە ·

لە لاپەڕە (١١) هەمـــان ژمارەی (ژین)دا (بەنـــدی خاوکەر) نووسراوە ··

«بەرێکەوت دەرکـــەوت لەگۆشەی ڕەشماڵ» «وەکـــو مانگ لە هەورا بنوێنـــێ جەماڵ(٩)»

(ڕەشۆڵ) ئەم مەقامـــی (خاوکەر)ەی بەتەنیا تۆمـــار کردووە ، لەئێستگەی کوردی بەغداد هەیە ، زۆر نایابە ·

ـ لەگەڵ دامەزراندنـــی (تیپی مۆسیقای مەولـــەوی) بەشداری برێ ئاهەنگـــی کردووە ، ·

ـ پاش شۆڕشی تەمموزی ١٩٥٨دا لەگەڵ تیپـــی (مەولەوی)دا لە هەنـــدێ ئاهەنگدا بەشداری کردووە ، گۆرانی‌یەکانی بە تۆمارکراوی ماون ·

ـ بە بۆنەی یانزی ئازاری ساڵی (١٩٧٠) لەگەڵ تیپـــی ئێستگەی کوردیی بەغداد لەو ئاهەنگەدا بەشداری کردووە ، مەقامی (قەتار)و بەســـتەی (ئۆخەی گردەکەی یـــارە)ی تۆمارکردو لە تەلەفزیۆنـــی تەئمیم پیشان دەدرا ، بـــەلام (مۆسیقا)کە لەگەڵ دەنگـــ‌و ئاوازی (ڕەشـــۆڵ)دا ڕێك‌وپێك دەرنەچـــووە ، یەکجار (کزو کەلـــەلا) دەنوێنێ !! ·

ـ لە ئاهەنگی تایبەتـــی ماڵاندا (نەوار)ێکـــی تۆمارکردووە ، گۆرانی‌یەکانی مۆسیقایان لەگەڵدا نی‌یە ،بۆ بارو دۆخی مەقاماتی کـــوردی بایەخی خۆیان هەیە ! ·

ـ لەو (نەوار)ەدا مەقامـــی (قەتارو خاوکەر)ی تێدایەبـــە هۆنراوەی (مەولـــەوی)و (پیرەمێرد)ەوە مەقاماتـــی جۆربەجۆری تیا هەیە وەکوو (سەفەر)و (حسەینی)و (نەوا) ، بە هۆنراوەی (مردنە بێ‌تۆ ژیانم) (خۆت بپارێزە لـــە ئاهی دڵ‌بریندارانی شـــەو) (بەقوربانی دووچاوت بـــێ دووچاوم) (گوڵ‌و خونچـــەی بەهاران‌یش لـــە تۆ نەشمیلەتر نابێ) (لە دووگمەی سوخمە دۆینی نوێژی شێـــوان) (ئەمشەو دیارەن کۆچـــی دوایمە) ··

کە هۆنراوەی (شێخ نوری شێخ ساڵح) (شێخ لەتیفـــی حەفید) (ناڵی) (مەولـــەوی) (عەلی عارف ئاغا)ن ·

ـ مامۆستا محمد رســـول هاوار دەڵێت :

«پیرەمێرد» زۆر حەزی لـــە دەنگی (ڕەشۆڵ) ئەکـــرد (ڕەشۆڵ)یش زۆر نـــەرم‌و لەسەرخۆ ئەم چەند دێـــڕەی پیرەمێردی بە (قەتار) ئەوت بەتایبەتی لە ڕۆژەکانـــی سەیرانی گوێ (زەلـــم)دا ، (پیرەمێرد) داوای لە (ڕەشۆڵ) ئەکرد ئەم چەند دێڕەی بـــە گۆرانی‌ی بۆ بڵێ :

(ساقی بە عەشقی بـــەرزی خاکەکەم
بەیادی قەومـــــی دڵ خەمناکەکەم)
(بۆم پڕکە جامی مەی بـــادڵ خۆش‌بێ
کەلکەڵەو ســـــەودای دڵ فەرامۆش‌بێ)
(توخوا سا(ڕەشۆڵ) تۆشـــ قەتارەکەت
سەدای سوب سەحەر پـــای کۆسارەکەت)
(بەڵکوو بێنە جۆشـــ نەوجوانانمان
تێ‌کۆشن بە عیلم بۆ خـــانو مانمان)·

ـ (ڕەشۆڵ کە ئـــەو گۆرانی‌یەی ئەوت ، (ڕەشۆڵ) ەکەی ئەکرد بە (کوردە) ئەو دێڕەی بەم جۆرە ئەوت :

«توخوا ساکوردە تۆشـــ قەتارەکەت(١٠)»

ـ ووتەکانی (مامۆســـتا هاوار) ڕاست‌و بەجێـــن ، چونکە خودی پیرەمێرد لـــە بڕێک لە هۆنراوەکانـــی خۆیدا ، ناوی (ڕەشـــۆڵ)ی هێناوە . داخوازی لێ‌دەکا کە گۆرانی بۆ بڵێ :

(پیرەمێرد) دەڵێت :

(ئاخ- ڕەشۆڵ- ساتۆشـــ بەقەتارەوە)
(تا دەمرم خۆتـــــم لێ‌مەشارەوە(١١))

ـ پیرەمێرد کـــە لەوپەڕی پیری‌دا بووەو بەرەو پیـــری مەرگ چووە هانا دەباتە بەر (ڕەشۆڵ) و دەڵێت :

«دەمردی مەرگمە ، ڕۆینم دیارە»
«توخوا سا- ڕەشۆڵ- نۆرەی قەتارە(١٢)»

پیرەمێرد لە دەنگی ڕەشۆڵ تێر نەبووەو بەڵکوو دەنگـــی بولبولی چەند لاخۆش‌بـــووە ، (قەتار)ی (ڕەشۆڵ)ی زۆرتـــر لاخۆش‌بووە دەڵێت :

«بولبول بە نەغمەی شـــووری پەهلەوی»
«قەتاری -ڕەشۆڵ- بـــە نیوەشەوی(١٣)»

ـ کاکە جەمال میرزا سەعید دەڵێت :

«ڕەشۆڵ» نیشتیمانەکەی زۆر خۆش‌ویســـتووە و زۆر حەزی بەسەرکەوتنـــی نەتەوەکەی کردووە ، لە کاتی فەرمانڕەوایی شێخ مەحموودی نەمردا کۆمەڵێک لـــەلاوە دەنگخۆشەکانی ئـــەو ڕۆژە لەپێش مەوکبی شێخ سروودی نیشتمانی‌یان ووتـــووە (ڕەشۆڵ) یەکێک بووە لـــەو دەنگخۆشانە لەگـــــەڵ ئەوەش‌دا کە لەتەمـــەندا منداڵ‌بووە ، بەڵام ســـۆزو خۆشەویستی خاکەکـــەی ماندەرێک بووە بۆی(١٤)»·

هەروەها دەڵێت :

ـ «ڕەشۆڵ» لە خۆشـــی‌و ناخۆشی گەلەکەیدا گشت‌کات بەشداری کردووەو شەیدای جوانی‌ی سروشتی کوردستان بووە(١٥)»·

ـ مامۆستا غەفوور ئەمین دەڵێت :

«ڕەشۆڵ» کورد پەروەر بوو لە شەڕی ئاوباریکـــدا ، هاوبەشی هێزەکانی (شێـــخ مەحموود)ی کردووە ، بـــە ئاوازی بەسۆزەوە هانـــی شۆڕشگێڕەکانی داوە ، بـــە (قەتار)ەوە ئەم هۆنـــراوەی پیرەمێردی ووتووە ·

(چەند بەرزی‌یە لە بەندەنـــی بەرزی نزارەوە)
(هەڵمەت بەری بە (لاوکـــی کوردی)و قەتارەوە)

ئاواتی هەرەمەزنـــی سەربەرزی گەل‌و سەربەخۆیی خاکەکەی بووە ، خۆزگـــەو خواستی لە ژیاندا ئەوەبوو خوا کوڕێکی بداتێ ، بـــەلام لەبەرەی دوو ژن منداڵێکـــی نەبوو ، بە وەجاغ کوێـــری‌و کســـبەو کەســـەرەوە ، سەری‌نایەوە ،،(١٦) ·

ـ هەروەها دەڵێت :

کە سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی هاتووەتـــە سلێمانی(١٧) ، میوانـــی (ڕەشۆڵ)بووە ، لە قســـە یەکی‌دا ، ووتوویەتی کاکـــە سەید ئاوبانـــگت بـــە کوردستانی دەرچـــووە ، دەسم‌دامێنت ئەو لەقـــەبە وون‌نەکەی !

سەید عەلی ووتوویەتـــی « یەکەم کەسێکی کـــوردم کە لە ئێراندا گۆرانیـــم بە کوردیی لەسەر قـــەوان تۆمارکردبێت ، تا ئێســـتا بە (فارسی) گۆرانیـــم نەووتووە ، ناشیڵێم !!

ـ حاجی صابر یەکێکـــە لەبراکانی (ڕەشۆڵ) لـــە تانی لاوی‌دا گۆیندەو ئاوازە- خوانێکی دەنگخۆش بـــووە ، مامۆستا (صالح دیلان) تـــا ڕادەیەک لە هونەری گۆرانی‌و ئاوازدا کەڵکی لە (حاجـــی سابیر) وەرگرتووە ·

ـ لە کاروانی بەســـتەو مەقامدا لە شاری سلێمانی‌دا دەورێکی گرنگیان نـــواندووە بۆ گەشەکردنی ئەو هونەرەی کورد ·»(١٨)

ماویەتـــی

زانستی هونەری

فـلـیـمـۆلـۆجـیـا

بەختیار سیاەەنسوری

زانستی فلیم

زانستیەکی تازەیە مەبەستی لێکۆلینەوەی هونەری سینەمایە لە لایەنی پیشەیی‌و فەلسەفی‌و بیرو جوانی‌و ئابوری‌و کۆمەڵایەتـی‌و زانینی هۆیەکانی پێش کەوتنی‌و دەربڕین لە فلمیدا ، هەروەها هێزی کارکردنی لـــە بینەران‌و کارکردن لە پێناوی بەرزکردنەوەی ڕادەی بنکەو شێوەیەکی تازەترو باشتر ·

ئەوەی شایانی باسـ بێ مامۆستای فەلسەفـــە جلبرت کۆهین سیا یەکەم کەس بو کە ئەم زاراوەی داهێنا ئەمیش بـــە هۆی دەرهێنانی گۆڤاری (فلمۆلۆجیا) کە بـــاس‌و شی‌کردنەوەو لێکۆلینەوەو نەخشەی فلیم سەرچاوەی بایەخی بو لە پاڵ کاری جوانی‌و کۆمەڵایەتی‌دا ·

مایکروفلیم

جۆرە فلیمێکە بۆ بڕوانامەو چاپەمەنیەکـــان‌و نوسینەکان بەکار دێت جۆری وێنەگرتن لە شـێوەی جوارچێوە دایە (فرێم) (وێنە) ئەبێ ئەم وێنانە یەك لە دوای یەك بە هۆی ئامێری‌پیشاندانی تایبەتی پیشان نەدرێ ، خوێندنەوەی وورد Micro-reader وێنە گەورە ئەکاتەوە ، بۆ ئەوەی بە سانایـــی بخوێندرێتەوە ، ئەم ئامێرە بۆ ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بەکار دێت لەگەڵ هەموو جۆرە ڕاپۆرتێك کە شوێنی زۆریان لە ئەرشیف گرتۆتەوە لە دایەرە میریەکـــان بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بۆ ئەوەی شوێنیان زۆر لێ‌نەگیرێ ئەم ڕێگایە بەکار دێنن لە سەدە ئەوەتو نۆی شۆینیان بەهۆی مایکرۆفلیم بۆ ئەمێنێتـــــەوە ڕێگایێکی ئاسانە بۆ پاراستن‌و هەڵگرتن‌و گواستنەوەی چاپ کراوەکانیان لە لایەی ترەوە پتر لە سەد ساڵ ئەمێنێتەوە بێ ئەوەی هیچی لێ بێ دوای ئەو ماوەیەش ئەتوانرێ بەشی تری لەسەر چاپ بکرێ‌و دوبارە بەکار بهێنرێتەوە ·

سینەمای چاو

تیۆرێکی سینەماییە دەرهێنەری روسی دزیجا فیرتوف Dziga-vertov لە ساڵی ١٩٢٤ دایهێناکە بە بنچینەی فلیمی تۆماری لە جهاندا دائەنرێ ، فلیمی سینەمی‌ی چاو لە دەرەوەی ستودیۆدا وێنەی ئەگیرێ ، پشت بە ئەکتەرو ئارایشت‌و دەقی هونەری نابەستێ ·

بەلکو بە شێوەیەکی نوێ سەیری جیهان ئەکا ، لێرەدا کامێراپێك هێنەری زمانی ڕاستی سینەمایە ، ئەم قوتابخانەیە زۆر کاری لە ئازنیشتاین‌و جریسون کردو بوە بنچینەی دامەزراندنی [سینەمای ڕاستی] ·

ئولتراسینەما
سینەمای زۆر خێرا

بریتیە لەو سینەمایەی کە جوڵانەوەی زۆر خێرا پیشمان ئەدا لە پشکنین‌و لێکۆلینەوە زانستیەکاندا ، بە پێچەوانەی جوڵانەوەی لەسەرخۆ لەسەر دەمـــی سینەمای بێ‌دەنگ کامێرا ١٦ وێنەی (فرێم)ی لـــە چرکەیەکدا وەرئەگرت ·

زۆر جار بە زیادکردنی خێرایی ئەگەیشـــتە ٦٤ بۆ ١٢٨ وێنە (فرێم) لە چرکەیەکدا ·

میلیس Melies ئەم جۆرە خێرایە·ەی زۆر بەکار ئەهێنا لە فلیمەکانی پشتی بە فێلێ بنیین‌و چاو ئەبەست لە پاشا چەند کامرایەك بە ئامێری تایبەتـــی خۆی بۆ وەرگرتنی ٢٤٠ وێنە لە چرکـــەیەکـــدا دروست کرا ·

وەك کامێرای دیبری Debrie ئەمیش لە پێناوی خێرایکی زۆرو کاتی پیشاندان‌و جوڵانەوەی پچراوی پیشان ئەدا ، بە مەرجێك لە ڕاستیا دە جار لە سەر خۆ ترـ بێ ئەم دیاردەبـــە شی‌کـــردنەوەی جوڵانەوەی وێنەمان بۆ ڕون ئەکاتـــەوە ، بـــەلام ئەندازیار نوجیس Nogues کامرایەکی تـــری داهێنا کە ٣٠٠ وێنە لە چرکەیەکدا ئەگرێ کەچـــی برایانی سیجان Seguin کامرایەکی تازەتریان داهێنا بۆ وەرگرتنی ١٠٠٫٠٠٠ وێنە لە چرکەیدا ، بەلام ئەمڕۆ هـــەوڵ‌و پشکیتـــەوەی زانایـــان‌و پشکنێرانی سینەما بەردەوامە - لە زانینـــی تواناو پێش‌کەوتنی ئولترا سینەماو زانستی ئەندازیاری‌و تەکنەلۆجیادا ·

کات‌و شوێن لە فلمیدا

ئاشکرایە کە کات‌و شوێن لە فلمیدا بەرامبەر ڕاستی ژیان ئەگۆڕدرێ لە ئەنجامی مونتاج‌کردنـــی لەقتەکان‌و بەستنی لەقتەلە نێوان شوێنە دورەکان‌و دانانی دەرهێنەر بۆ تێمپۆیەك کە دووری بکـــا ، ڕوداوی ئوتومبێك کاتێ لە مرۆڤێك ئەدات کـــە زۆر بە پەلە ئەبێ بەلام لەقتە درێژەکان کە باســـی ئەم ڕوداوەی تیایە لەوەیە لە کاتێکی کورت‌وا بـــێ یان بە پێچەوانەوە بەرامبـــەر ، ڕاســـتی ژیان‌و بەکوێرەی شوێنـــەوە دەرهێنەری سوفیتی کولیشوف Kalshov لەم بارەیەی ڕای خۆی دەرئەبڕێ [دروست‌کردنی جوگرافیایەکی تازە بە ڕێگایەکـــی هونەری لە نێوان لەقتەکان لەوەیەکات‌و شـــوێن تیایدا کورت بێ یان درێژ بەرامبەر ڕاستی ژیـــان ، بە پێی پێویستی زمانـی‌سینەمایی یان دەربڕینـــی هونەری یان هەڵوێستـی‌درامی ·

ماویەتـــی

چەند سەرنجێکی هونەری

« طه بابان »

چیرۆکی شانۆیی «ماڵەی‌سەر گردەکە » کە لـــەم دواییەدا لە تەلەفزیۆنـــی تەئمیمەوە نیشـــان درا ، چیرۆکێکی مێژویی بو کـــەرووداوەکانی ئەگەڕانەوە بـــۆ سەردەمی یەکێك لە میرنشینەکوردیەکان کە هیچ کامێکیان نیە بەر لە صەدە و نیوێـك‌کەمتر لەناوچوبن ·

کەچی قارەمانی چیرۆکەکـــە « ماڵە » پاڵتۆی لەنکـــە (فەردە)ی لەبەردا بـــوو ناوی مێشکوژی (د· د· ت)ی تێدا ئەهات کە لە ساڵانـــی چلدا دۆزراوەتەوەو کـــابرای مەیخانەچی کلێتەیەکـــی لەسەردا بو کە مۆدێلـــی ئێستایـــەو لـــە بازاڕدا ئەیفرۆشن ··· هەروەهـــا مانگانەی دارۆغا بە ڕوپی‌یـــە کە پارەیەکی هندی‌یەو لای ئێمە بەکار نـــەهـــاتوە تـــا ئینگلیزەکان لە ساڵانـــی بیستدا دوای داگیرکردنـــی عێراق لە شەڕی جیهانـــی یەکەمدا هێنایانە وولاتەوە ·

بە واتەیەکی تر ئەبـــو چیرۆکنوســـ‌و دەرهێنەر ئەوەیان ڕچاو بکردایە کـــە ئەو جلانە یان پارەی ڕوپێ · د· د· ت لەو زەمانەیـــەدا نەبون کە ئەو ڕوداوانەی تیـــا ڕوداوە ·

· · · · · · ·

« ماڵە » تەنیا بەرهەمـــی شانۆییمان نیە کە لایەنـــی مێژویی ڕچاو نەکردەبێت لە چیرۆکە کۆنەکانماندا لـــە ڕوی جل‌وبەرگ‌و کـــەرەسەو زۆر لایەنی تر کە نیازمە لەم وتارەدا دەربارەی بدوێم··· بۆ نمونە (میر ئەحمەد) لـــە چیرۆکی (کوتایی زۆردار)دا کاڵەی دەرزشی ئەم سەردەمەی لە پێدایە لە کاتێکدا کـــە چیرۆکەکە دەربارەی میـــرە بەناوبانگەکەی ڕەوانـــدوز پاشایی کوورە ئەدوێت ·

لە چیرۆکێکی تردا کـــە فریای بینینی ناوەکـــەیی نەکەوتم‌و بە جل‌وبـــەرگ‌و ڕوداوەکانیدا لەوە ئەچـــو کە لە ساڵانـــی ١٩٣٠دا ڕوی دابێت کەچی کلۆپێتکـــــی سەرمێز (نیبل لامپ)ێکـــی یاباتی دانرابو کە لەم چەنـــد ساڵەی دواییەدا کەوتۆتـــە ناو ماڵ تەنیا لایەنێك نیـــە کە ئەبێت بگونجێ لەگـــەڵ سەردەمی ڕوداوی شانۆگەریدا بەلکو بۆ گفت‌وگۆش ئەبـــێ وشیاری ئەوەبین کە ووشەو ئیدیەم (مصطلح)ی ئـــەم ســـەردەمەی تیا بەکـــار نەهێنین · بۆ نمونە لـــە چیرۆکی شانۆیی (ئەقـــێ ئەحمەدی دارەشومانە)دا کە بەزنجیرە لە تەلەفزیۆنـــەوە بازاڕەوە ··· هەروەهـــا چرایەکی (لەمپا) لەمپا تیا دی کە خۆم یار یەکێکم لـــێ کری بۆ ماڵەوە · جل‌وبەرگ‌و کەرەسەی پیشاندرا دەیان وشـــەم تیا بیست کە لەم چەنـــد ساڵەی دواییەدا ماتونەتـــە کایەوە و هەرگیز لە زەمانـــی فەقێ ئەحمەددا بەو شێوەیە بەکار نەهاتوە کە بـــە لای کەمەوە چوار صەد ساڵێك لەمەوبەر ژیاوە ··· لـــەو وشانە « خەبات » ،چینـــی چەوساوە » ،پەرژەوەنـــدی گشتی » « قلیشایەوە » زۆر باش »و زۆری تر ·

نەك هەر ئەوە بەلکـــو هێندێك کرداریم لـــەو شانۆگەریەدا دی کـــە زۆر دڵنیام لـــــەو سەردەمەدا باو نەبوە وەکـــو : دەست‌گوشنی (تەوقـــە) · ئەو سەردەمە دەست حـــاج کردن واتا (دەســـت‌ومۆچ) باو بوە یـــــان ئـــەملاولا ماچکردن · هەروەها ئەگـــەر بەکێك یەکێکی لە زۆرانـبیدا بدایە بە عەرزدا دەستێکـــی سەرکەوتوەکەیان بەرز ئـــە ئەکردەوە وەك دەستی فەقێ ئەحمەدیان بەرزکردەوە ··· دەست بەرزکـــردنـــەوەی سەرکەوتو ئەرێتیکی وەرزشی زۆژئاواییە کە بە هـــۆی سینەماو تەلەفزیونەوە بێ‌ی ئاشنا بووین ·

وە ئەوەی کە زۆرتـــر مایەی سەرسورمان بو لـــەو شانۆگەریەدا ئەوە بو کـــە ئەیویست پێمان بگەیەنێت کە زۆرانبازی چینایەتـــی دەستێکی باڵای بوە لـــە هەڵبژاردنی میرەکانـــی (بابان)دا ·

ئەوەی کە من بیزانم بـــە پێ‌ی ئەو سەرچاوانەی کـــە خوێندومنەتەوە میرەکانـــی بابان بە هەڵبژاردن نەبـــوە بەلکو بە پشتاوپشت بـــوە واتا میریتی لە باوکەوە چـــوە

پروانە ل ٧

دوکتۆر ڕەشاد (طه بابان)لەگەڵ میر ئەحمەددا دلپاك) لـــە چیرۆکـــی(کۆتایی زۆردار)دا سەرنجی پێلاوەکانـــی میـــرئەحمەدبدەن !

هونەری نیگارکێشان‌و ڕەخنە

حسام حکیم

لەڕاستیدا بوونی پێوەرێك بـــۆ هەڵسەنگاندنـــی بەرهەمەکانی هونەر شتێکی‌پێویستە ، چونکە بەبێ ئەو پێوەرە ناتوانین ڕای خۆمان‌دەربڕین بەرامبەر هیچ کارێکی هونەری زیاتر مەبەستمان‌هونەری نیگارکێشانە)، ·

وتا چۆن دەزانین ئـــەو تابلۆیە زۆر لەبـــارو سەرکەوتوو بـــەرزە ، وە تابلۆیەکی تریش نالەبـــارو نزمە . بەلام ئەگەر ئـــەو پێوەرە لە بوارەکانی تـــری ڕۆشنبیری‌دا دیاری‌کـــراوو سەقام‌گیر بێت ئەوا لەبـــواری هونەری شێوەکـــاردا (التشکیلی) بەوجۆرە نی‌یە ، بەلکو ناتوانین تەنیا پێوەرێك بەکاربهێنین بۆ گشـــت ڕێبازەکانی ئـــەم هونـــەرە ، بێ‌گومان ئەم کێشەیە هەمـــوو کاتێ بووە بە کۆسپێـــك لەبەردەم ڕەخنەگراندا ، بـــۆ نموونە چەند بایەخ (القیـــم) و مەرجێك لە ڕێبـــازی کلاسیزمی نوێ‌دا ڕەچـــاو دەکرا ، بەلام دەروانین هەمان بایەخ‌و مەرج لە ڕێبـــازی ڕۆمانسیزمدا ڕەچاوو ناکرێت ، بەلکو چەند بایەخێکـــی جیاواز دەست‌نیشـــان دەکرێت‌و گرنگی پێ‌دەدرێت ، لێرەدا دەڵێین ئایا دەتوانین لە بەر ڕۆشنایی پێوەرێکـــی دیاری‌کراو بەرهەمەکانـــی ڕێبازی سریالیزم‌و ریالیزمی سۆشیالیزم هەڵسەنگێنین ؟ بێ‌گومان ناتوانین ، جا لـــە کاتێکدا تەنیا پێوەرێکـــی دیاری‌کراوی هاوبەش نەبێت کە بەرهەمی هەموو ڕێبازەکانی پێ‌هەڵسەنگێنین ، دەبـــێ بڵێین پێویستە پێـــوەرێ تایبەتی هەبێت بۆ هـــەر ڕێبازێك ، ئەم تێ‌بینی‌یـــە ڕووبەڕوومان دەکاتەوە لەگەڵ گرێ‌یەك کە بە ئاسانـــی ناکرێتەوە ، لەبەر ئـــەوەی بەستراوە بە هەڵوێستـــی ڕەخنەگرەوە یاخود بـــە هەڵوێستی سەیرکـــارەوە (المتفرج)- زیاتر مەبەستمان ئەو سەیرکارەیە کە کوێرانە ڕا دەرنابڕێت- بۆ نموونـــە ئەگەر ڕەخنەگرێك ڕێبـــازی دامالینکاریی‌ی (التجریـــد) بەلاوە پەسەندبێت وە زۆر بەلەبارو شیاوی دابنێـــت ،

بروانە ل ٧

Institut Kurde de Paris

خومەینی یە تاوانبارێ جەنگێت هژمارە ئێک

هەکە ئەم ب ئوبال و ب زانستی خومەینـی و دەستەکاوی بهەلسەنگینین بێ گومـــان دێ وی ژ تەیموزلەنگی و جەنگیزخانی و راستالغولی و هتلەری حراب تر دانین ل سەر هەر دوو ئاستنا یێ نافخوبی و یێ هنەری دەرڤەیی · ئویێ ژ مێ ئاختنێ باوەر نـە کەت و یێ بچافێ تاکیدیێ بەرێ خۆ بدەتێ بلا رنــد بنێریتە وا کارێت کو خومەینی پێ رابوی و هەتـــا ئەڤرو پێ رابیت ·

ئو ئەڤ کارێت کو نهە ئەم دێ هژمێرین هەمی دژی کاکلکا مروڤاتیێ نە و دژی رەوشت و بایەخێ مروڤی نە کێم جاران وەکو وان ل ناڤ درێژاهیا مێژوویــێ یێێت چێبوین :

هەر ژ روژا ئێکێ ژ وەرگرتنا خومەینی بــۆ دەسهەلاتێ ل ئیرانێ ئەوی هزر کر کو ئەو مەلیونێت مروڤا بێت کو ئەو ژ پاریس ئینایە طهرانێ هەمـــی ئەون عبادەتی بۆ د کەن ل سەر هەر کارەکێ پێ رابیت ، ئو ئەو رابو رەفتاری (تصرف) د حوکمێ خۆ دا کر ل سەر وێهرزێ ، لێ نە دزانی کو ئەو خەلك هەمـــی بیروباوەرێن مللەت و پارت و رێچونێت گەلێت ئیرانێ نە ، ئو ڤێجا رابو ئێك سەرە بهلگوماندنا ستوینێت شارستانیا ئیرانی بێت کو هانینە چکلاندین ژ دەست پێ کرنا ئمبراطوریەتا ئیرانی و هەتا وێ گاڤێ ، چونکو ئەوی جیاوازی نە ئێخستە ناڤبەرا هندێ کو مللەتێت ئیرانێ ژی پشکەاری یا د ئاڤاکرنا وێ شارستانەبتێ دا کری ، یا ژ وی ڤە هەمی ملکێ شاهی بو ئو کاکلکا ڤێ شارستاینێ هونەر و روشەبنیری و زانســتی و رزگاریا ژنکێ و رزگاریا چینێت بن دەست بو ، ئەوی ئەڤ تشتە هەمی دانان ل سەر بنیاتێ هندێ کو دژی بیروباوەرێت بوسورمانەیتێ نە · ل ڤێرە چەنــد هونەرمەند و عالم و نفیسەڤان و تێکەهشتی و زانابێت ئیرانی پێ حەسیان و خۆ ژ هێلا خومەینی دانە پاشو بەرگریا وی کرن · پشتی ڤێ پێنگاڤێ خومەینی دەست هاڤێتە دربێ خۆ و دانا نەتەوێت ئیرانیو هەمـــی دەرگەهێت ماف و سەربەستیا وان لێ گرتن و گوت :

بوسورمانەتی رێك و ئارمانجا خر ئیرانیا یە تینا دربێ خۆ دانا عەرەبا ل دەڤەرا ئەحوازێ و کوردا ل کوردستانێ و گەلێت بلوجستانێ و ئەزرەبیجانێ · ئو یا ل بیرا مە خرا دەمێ خومەینی هێرشێت بـــێ بەخت برینە سەر سەنەندەج و موهابادی و خر کوند و باژێرێت کوردا و ب بالەفرا و دبابا ئەو موهابادێ و گوللە باران کرین · ل ڤێرە ژی هەمی پاراتێـــت

—— رمضان عیسی ——

ئەنەوەی ل نیوانێ ژ خومەینی ڤەبون و چەك ل بەرامبەر راکر وەکو جەبهێ رێزگارکرنا ئەوازێ و پارتــــا دیموقراطی یا کوردی و پارتێن دی ژی · پشتی هنگی خومەینی هەر ل دویف وێ روژێ چو یا کو مللەتێت ئیرانێ بەلاییناهاتینە بەرێکێ · ئینا هزر کر کو هەمی بنگەهێت فەسادێ و بەلبەلێ و حزب حزبانێ دژی خۆ براندن ڤێجا رابو دەست هاڤێتە پارتێـــت سیاسی ل ئیرانێ ئو هێرشەکا مەزن برە سەر پارتا « مجاهدی خلق » ئو ئەو پارت گونەهبار کــــب ب کوفرێ و زەندەقێ و هژمارەکا مەزن ژێ گرتن و ب سێ دارا ڤەکرن و هژمارەك ژی ژێ ژ ئیرانێ دەرکەفتن · دیڤدا دەست هاڤێتە پارتا تودە و قوماندایا لیژنـا مەرکزی هەمی گرتن و تەعزیب دان و فەرمانا براندنا وان ئینا · لڤێدێ ژی پارتێت سیاسی و جەماوەرێ وان پارتا ژ خۆ کرن و گرنە دژ بخۆ ·

هەلبەت ل دویف ڤان کارێت هەنێ هژمارا بەندیخانا گەلەك پتر لێ هات ژ سەر دەمێ شاهی · ئو ژ وان کارێت کو خومەینی پێ رابو یێل نافخویا ئیرانێ و بێت کو ججارا ل چ دزا و چ زەمانا چێنەبونـــب

قنازەکرنا ژ نکا و زارکا و بێ گونەها ل سەر دەستێ دەستەکا خۆ ئەوا دبێژنێ «زێرەڤانێت شورەشـێ» (حراس الثورە) ئەڤ دەستەکا کو هانیە پێك ئینان دا کو جهێ دەستەکا «سافاك» بگریت · ئو هەکە ئەم سەرهلەینە هەمی زورداریێت وی و بهزمێرین چجارا بدوماهی نائێن · ئو دەربارا هەلوێستێت خومەینـی بێت دەرڤەبی هێشتا ئەو ژ بێت دی وێڤە ترن ، پیش ترین و مەزنترین کارێ بەتاوان ئەو پێ رابوی ما تێ کرن د کاروبارێت عیراقێ دا یێت ناڤخویی ، ئو ئەو ما تێ کرن د ئاشکەرانە دەست پێ کرن ب چێکرنا دەستەکا «دعوە»یا کرێ گرتی یا کو چ کارێ چەپەل نە مای نە کری ژ پەقاندنا بومبا ل ناڤ خەلکێ ، ل خاندنگەها و کارخانا و سینما و هەمی درێن پر مروڤ · کو ئەڤ چەندە کرە بەراهی بو ئێخستنا رژێمـــا حوکمی ل عیراقێ و هلکرن بو بۆ ئاگرەکێ شەری ل ناڤبەرا هەر دوو دەولەتا ، ئو دیا ل ٤/ئیلونا ســالا ١٩٨٠ توپێت بێبەختیێ و زورداریێ دەست پێ کر ب گوللەباران کرنا گوند و مەخفەرێت توخیبی · ئــو ئەڤە پتر ژ سێ سالا ئەم بێت بینین کانێ چـــەوا خومەینی د سەر هندێ را کو ئەو نەخوشیێت گەهاندینە کورێت مللەتێت ئیرانی زوان خالێت مە گوتین رابو بەربێ وان دا سووتن گەها شەری و هەتا نهە نیزیکی نیف مەلیونێ بێت ژێ هاتینە کوشتن و ژ بلی بریندار و ئێخسیر و بەرزەبویا و ژ بلی وێ مەزخاندنـــــا ئوبوری یا کو هەمی بو چەکی و شەری د چسپتن ·ئو ئەڤ کارە د هێتە هەڤبەر کرن د گەل کارێ هتلەری دەمێ جەنکێ جیهانی یێ دووێ هنکری ئو ژ بلی ڤــێ چەندێ ژی خومەینی دەستێ خۆ یێ کریە دناڤ دەستێت سەهیونزمێ دا · پشتی ڤێ خرێ هێشتا هندەك لایێن عەرەبی و جیهانی ـ کو جهێ داخێ یە یێ چاڤێت خۆ د نقینن بەرامبەر وا کارا ئو گونەهباریا وی نا کەن و دسەر هندێ را یێ هاریکاریا وی دکەن بۆ بەردەوام بونا کارێت نەباش و چێکرنا نەخوشیێ ل دەڤەرێ و خر جیهانێ وەکو رژێما خوینن مێژ یا حافظ اسدی و رژێما معمر القذافی · ڤێجا گەلی برا ـ خومەینی ئەڤیو بەتاوانێ شەری یە هژمارە ئێك ل جیهانێ ئو پێتڤە ل سەر هەمی هێز و پارت و دەولەتێن جیهانـــی گونەهباریا وی بکەن و بۆ راوەستاندنا مەزنتریـــن جەلگ کو نهە لجیهانێ یێ د هێتە گێران دژی عیراقێ و مللەتێ عیراقێ ·

من ئەڵێم هەڵبژاردنەکەی ئەمجارەی ئێران سەری رژێمی ئاخوندی ئەخوات

● نوسینی : ئەمین نەقشبەندی ●

هەموومان ئەزانین گەورەترین دەستکەوتی هەر گەلێکی چەوساوە کەلەرێگای بەدەستهێنانیا رەنـج ئەداتو تێدەکۆشێ ، «ئازادی» یە جانەوەتا ئازادیشـی جۆری هەیەو سنورێشی بۆ دانراوە ، جۆرەکانی ، وەکو ئازادی بیروباوەڕ ، ئازادی نوسین ، گوتـــــن ، هەڵبژاردن ، ئایین ·،· هتد ···

سنورێش وەکو ئەوەی ئازادنیت کەهەرچی دڵت ویستی بیکەیت ، وە پێ لەبەرەی خۆت زیاتر داکێشی بۆسەر جلەشرەی خەڵك ، یان بەفری سەر خانوەکەی خۆت بماڵیت وە بیکەیتە حەوشی دراوسێماڵ ، یان بیکەیتە کوچەو کۆڵان وە ···هتد ·

دیارە گەلی ئێرانیش ساڵەها رەنجیداو تێکۆشا ئازاری چەشتو زەجری‌درا خوێنی بەخشی ، بەو ئومیدو ئارەزووەوە کە دەستکاتە ملی ئاواتو سەربــەرزیو خۆش بەختی ، وە بە کورتی دەسکاتە گەردنی ئازادی ، وە گەردەنی خۆیشی لە قەفی زەنجیری کۆیلەیـی دەربێرێت ·

بەڵێ ئەم گەلە چەوساوەیە بەمگیانـــــی لێبوردنەیخۆی توانی دەسکاتە گەردنی ئاواتـــو بوکیموراد بگرێتە باوەش ، ··· بەڵام بەداخـــەوە بەرلەوەی بە ئارزوی خۆی لەگەڵ ئەم بوکـــە رازاوە شیرینەدا تاوێدانیشێتو کامێکیلێبگرێـــــت ، مانگیهەنگوینیان لێکردنە ژاری مارو دێوی ریشسپی دڵرەشی سەرڕوش ، ئەم فریشتەیەی لەکۆشکـــی گەلی ئێران هەڵفراندو بردیە پشت «کێوی‌قاف» ·

ئێستە ئەم گەلە ناموڕادە بە هەزارویەکــێ زەنجیرو «جادو» و «تەلەسم» بەستراوەتەوەو بوکەکەی لێبوەتە «ئەفسانەو» خەووخەیاڵ ·

هەروەکو لەپێشا وتمان «ئازادی هــەڵبژاردن» یەکێکە لەپایە هەرە گرنگەکانی ئازادی ، چونکــە دەستگای «قانون» دانان ئەگەر نەفامو نەزانـــــو نادڵسۆزبو بێگومان ئەو یاسایەی کەدای ئەنێ لەباتی ئەوەی خزمەتی گەل بکات ئەبێتە ژانو ئـــــازارو ئەچێتە لەشیگەلەوە ، جا ، رژێمی کۆنەپەرستی بـــۆ دواوە گەڕاوەی قومو تاران ، لە هەڵبژاردنی چوار ساڵ لەمەوپێشا بەرێشو مێزەروشێوەو هەیکەلی بەرچاوی‌و ڕەواڵەتی ، دەستی خەلکی بریو وای پێسەلماندن کــە ئەگەر ئاخوند هەڵبژێرن ، لەماوەی دوساڵا ئێرانیان بۆئەکەنە بەهەشت ، بەڵێ ، خەڵکەکەش خەڵـــەتاو « **دەستی چو بەزاخا** » ·

جا ئێستە پاش چوار ساڵ ئازمونو بەسەرهـات چوارساڵ سەرگوزەشی تاڵو سوێری ژێردەستەبونـی ئاخوند ، ئەم دڵڕەشە کۆنەپەرســتانـــە دوبـارە کەوتونەتەوە جرتوفرتو ، سوێند خواردنو دەســـت بە « کلام اللە »دا دان ئەمجارەیان ئەگەر بێتو هەڵمان ببژێرنەوە واو واتان بۆئەکەین وەئێران ئەکەینــــە بەهەشت ، تۆ بڵێیت ئێرانی ئەوەندە تێنەگریشتوبن ئەمجارەش ئەم ورگنزلانە سواری کۆڵی گەلیبێچارەی ئێرانیان بکەنەوە ؟ «قەت باوڕەمەکـــــە» ، بـــەڵام لەهەمویسەرتر دواوتاریخومەینییە ســـەبارەت « بە هەڵبژاردنی نوێنەرانیگەل » خومەینیوتـــی ، ئێمە نالێین هەڵەماننەکردوە ، هەڵەی زۆرمـــان کردوە بەڵام ئەمجارە تێئەکۆشین هەڵەنەکەیــــن ، جا لەپاشان وتی «ـ ئەی گەلی ئێران باوڕبکەن ئێمـەی ئاخوند قەت دڵمانپێوە نەبوە کە ببینە سەرکـــۆمارو سەرەکوەزیرو وەزیرو نوێنەری شورای یاسادانان ، بەڵام چیبکەم جگە لە ئاخوندەکان کاروباری وڵاتـــم بەهەر کەس سپارد سەری لەدز ، یـــان درۆزن ، یانخائن یانجاسوس ، یانبەکورتی دوژمنی شۆڕشو دوژمنیئیسلام دەرچو ، کەواتە ئەمجارەشـــــــس هەرلەناچاریدایە کە ئەڵێم سەرلەنـــوێ هـــەر ئاخوندەکان هەڵبژێرنەوە وەئەبێ بەرێوەبەرایەتـــی وڵات بەدەستی ئەوانەوەبێت » ·

بەڵێ خومەینی هەروا سوکوئاسان هەمـــوی خوێنەوارانو ڕوناکبیران وتێکۆشەرانو ڕامیارانـی ئێرانی کردە دزو درۆزنو خائن ، وەکردنیە دوژمنـی ئێرانو ئیسلام ، بۆئەوەی جارێکی کەش سەرلـــەنوێ دەمودزگا هەمبێتەوە بە دەمودزگای ئاخونـــدی ، وەرۆشنبیرانو دڵسۆزانی وڵات هەر لـــە دورەوە زلتەی چاویانبێت ·

جا نازانم هۆی چییە ، ئایا بانێکەو دووهەوا ؟ کە خەڵکی ئێران بۆ هەڵبژاردن پیاوی چاکـن بــەڵام بۆئەوەی کە هەڵبژێرێنو ببنە نوێنەر پیاوخرابـن ، ئایا نەکرێ بڵێین « گۆشتی نەخورێتو گــوشتاوی ئاخورێت ؟» ·

من لام وایە هەڵبژاردنی ئەمجارەی نوێنـەران ئەبێتە سەرەخـــۆرەی رژێمـــی ئاخونـــدی ، « یارباقیو صوحبەتباقی» جابزانین چــۆن ئەبینین گەلی ئێران تۆڵەی ئەم هەموو بێدادیو دەسبڕینـــو بێویجدانییە لە رژێمی کۆنەپەرستی ئاخوندەکانـــی عەجەم ئەکاتەوە ·· ؟ ·

رەخنەی هاووڵاتیەك و وەڵامی کتێبخانەی گشتی هەولێر

هاوکاری :

لەم دواییەدا باسێکمـان دەربارەی کتێبخانەی گشتی هەولێر بڵاوکردەوە کە کـاك مقدید حاجی نووسیبوی ، بە نووسراوی ژمارە ١٦٥٣٩ لە ٢٩ـ١١ـ١٩٨٣دا وەڵامـــی ئیدارەی کتێبخانـــەی ناوبراومان پێگەیشـــتوە ، ئێمە لە کاتێکدا سوپاســی بەرێوەبەرانی کتێبخانـــەی گشتی هەولێر دەکەین کـــە تەنیا وەڵامدانەوەیان بەئگـەی ئەوەیە بەتەنگ کارەکـــەی خۆیانەوەنو هەروەهـــا بەتەنگ بیروڕای خەڵکەوەن ، تەنیا یەك سەرنجمان هەیـــە بۆ ئەو برایانەو بۆ هـــەر لایەنێکی دڵسۆز کە دەیـەوێ وەڵامی باری سەرنجـــی خەڵکی بداتەوە :

(با لە پێش هەمووشتێکدا ، نیەت پاکی دروشممان بێت، بە گرژیەوە رووبەڕووی باری سەرنجی خەڵکی نەبینـەوە ، بە دوای تۆمەتی کـۆنـــدا نەگەڕێین بۆ بەرپەچدانەوەی شتێ ئەمڕۆ قسەی لەسـەر دەکەین ، بێمە لە ســایەی شۆڕشو بیروباوەڕەکانیـدا کۆمەڵێکی نوێ دروستدەکەین لە ژێر دەوارێکی فراواندا کە جێگای هەموو عیراقیەکـی شەرەفمەندی تیا ببێتەوە ، کە بەنیەتـی پاك رووبەڕووی خواستەکانیان بووینـەوە ، خزمەتی گــەورەی ئـەو بیروباوەڕەی شۆڕشی عیراقو راسپاردەکانی ســـەرەکی فەرماندە دەکەین ، هەتــا ئەگەر هەندێ باری سەرنجی هاووڵاتیانێ راستی نەبێکـی ئێمە لە سەرمانە لە مەوقعـی مەسئولیەتەوە راستی بخەینە بەرچاو کە بەمە بەرچـاوی ئەم هاووڵاتیـــە رووناك دەکەینـەوەو ئەمەشـــس خزمەتێکی گەورەیە ·) ·

وە لێـــرەدا وەڵامـــی بەڕێوەبەریتی کتێبخانـەی گشتـــی هـــەولێـــر بڵاودەکەینەوە :

کتێبخانەی گشتی هەولێرو وەڵامی رەخنەیەك ···

نکولی لەوە ناکرێـت کـە رەخنەی زانستی هەمیشـە رێگا لەبەردەمدا رۆشـــن دەکاتەوەو بەدەستنیشـــان کردنی ئەو لایەنە دەتوانـین پەردە لەڕووی ڕاستی لابدەینو بە فراوانترو روونـاکتر پلانی پاشەڕۆژمان دابنێین ، بــەڵام بە مەرجێك رەخنـە تەنیـا لەپێناوی رەخنە نەبێ (مێش بکرێ بە گامێش) بەڵکـــو بۆ تەقەڵلای دوروسـتبوونو رۆشن‌کـــردنـــەوە ··· کاك مقدید حاجـی لە ژمارە ٧٠٥ بـــەرواری ٢٩ـ٩ـ١٩٨٣دا لەڕۆژنامەی هاوکاری بەڕێزدا بابەتێکی دەربارەی کتێبخانەی گشتی هەولێر نووســیوەو جێگەی داخە کە نووســەری ناوبراو لەپێناو بڵاوکردنەوەو جێگیربوونی بیروراکانـــی خۆی کەمێك لـــەڕاستـی لایداوە ···

هەروەکو لە ســـەرەتادا دەڵێ : « ئەوە ماوەی زیاتـر لە ساڵێکە کتێبخانەکـــەـ گوازراوەتەوەو ئـەم بینــا گەورەو نایابە تەواوبــووە کەچی جێگای داخە کـــــە زۆربەی کەموکوڕیو گیـــرو گرفتەکانی وەکو خۆیـــان ماونەتەوە » ·

بێ گومان ئەم بــــریارەی کاك مقدید پێویستی بـــە بیداچونەوەیەکی ویژدانـــی هەیە چونکە کتێبخانـــــە لەدوێنێو ئەمڕۆدا ، بەتایبەتی لەم ساڵـــەی دوایـــیدا پێشکەوتنی تەواوی بەخۆیەوە دیوەو ئەمەش لەرووی بینـاو ناوەڕۆکەوە ·· واتـــــە سەرباری بینایەکـــــی رێكوپێك چەندان هەنگاوی دڵسوزانەی نیراوە · لەوانە دیارترینیان :ـ

١ ـ پڕکردنەوەی میلاك، چونکە پێش گواستنەوەی ژمارەی فەرمانبەرانی ئـەم کتێبخانە لە ژمارەیەکـــی دەست کەمتربوون ، بەدوو ـ سێ کەسی توانای تـــەواو دەتوانـــراو (کاك مقدیـــد خۆشی ئەوە دەزانی ، کـــە بەشێوەیەکی بەردەوامو پڕ هیلاکی کاریان دەکرد ، بەبێ وەرگرتنی هیچ زیادەکـــی لەموچەدا ، تەنیا لەپێنـاوی گەشانەوەی کتێبخانـــەکەو بەبەردەوامی زیاتر لـــــە دە سەعات لە رۆژێکدا ·

٢ ـ کردنەوەی بەشـــی (تجلید)و مسۆگەرکردنـــی هەموو پێویستیەکانی لــــە ئامێرو کەلوپەلدا وە زیاتـر لە (٥) کەســی پسـپۆڕو شارەزای بەرگ کـردن کاری تیا دەکەنو شێوەی کتێبەکانی کتێبخانەکەیان ڕازاندوتەوە وەتا نوسینی ئەم وەڵامـــە (٣٥٠٠) کتێـــــب بەرگ کراوەتەوە ·

٣ ـ تەقـــەللادان بـــۆ سازکردنی (فهرســـە)ی نوێ چەند مانگێکە لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی شارەزایـەك کە دبلۆمی لە کتێبخانەکاندا هەیە پێكهاتووە بۆ رزگـار ـ بون لە رێوشوێنی کۆن ·

٤ ـ کردنەوەی هۆڵـــی گۆڤارو رۆژنامە کـە کـاك مقدید خۆی چەندان جار تیایدا گۆڤارو رۆژنامە دەخوێنێتەوەو لە نوسینەکەدا بۆرازاندنەوە نوسیویەتی ·

هەروەها کاك مقدیـــد لەچوارچیوەی باسەکەیدا ، ئەوەی دەربڕیوە کە گوایـــا لە بـــەرواری ٢٦ـ٦ـ١٩٨٣ هاتۆتە دیدەنی ئەمینـداری کتێبخانەو رابوزتی داوەتـیو هیچی لێجێبەجێ نەکراوە·· بەلای ئێمەوە ئەمە گوناهێکی گەورەیە خـتراوەتە پـــال ئێمـــە ·· چونکە لــــەو لێدوانەدا لـــەزۆر شـــت کولرایـــەوە کاك مقدیـــد بەووردی گوێی لەو هۆیانـە گرتو لەنوسینەکەدا ئـــەم راستیەشـــی فەرامۆشـــی کردووە ·

دیسانەوە دووپاتــــی ئەوخالە دەکەینەوە کـــاری رێكخستنـــی (فهرســـە) هەروەکو باسمان کـــرد لیژنەیەکی تایبەتی بۆ ئـــەم مەبەستە دانراوە دەبـــێ ئەوەش بزانرێ کە ئـــەم هەنگاوە کارێکی سانا نیەو پێویستی بە ماوەیەکـــی درێژخایەن هەیە ·

لە سوچێکی نوسینەکەیدا دەڵێ ، کـــە گوایا داوای ژمارەیە رۆژنامەی (العراق)ی کردوەو نەبوە بەڵێ راستە ، چونکە ئـــەو ژمارەی داوای کردبو . نەبوو ، هۆیەکەشی ئێمە نەبووین بەڵکو ئـــەو کتێبخانەی کە بەشداریمـان لەگەڵدا کردبو کە کتێبخانەی (التأمیم) بو داخرابـــو بەنیازی گواستنەوەی ئەمەش لە کاروباری رەســـــمیدا پیویستی بەکاتو نوسـینو نوسین‌کازیدا هەیە بـــۆ بەرێوە بەرایەتی ناوخـۆ ·· بەڵام کتێبخانە لەم بـــارەوە دەولەمەندەو دەیەها جــــار کاکی ناوبراو خۆشـی داوای هەندێ ئەرشیفی کردوە ·· لەبەردەستی ئامادەبوە !

بەرامبـەر بەنامــــرازی ناوخواردنەوەی کوڕان ، لـە لێدوانەکە لەگەڵ مامۆسـتا مقدید بۆمان رونکردەوە ئەم بینایە نوێیە ئەندازەیەکـی تایبەتی لەکاتی خـۆی بـــۆ داندراوەو بە ئاسانـــی هەڵناوەشێتەوە ، ســـەرباری ئەوەی نزیكخستنەوەی ئـــەم ئامرازە لە هۆڵی خوێندنـــەوە دەبێتە هۆی دەنگەدەنـك ، نیشانەیەکی شارستانیەتــی کتێبخانەش ئەوەیە کــــە بێدەنگ‌بێت ، بــەڵام ، زۆر شتی ئەوتوی گرنگتر هەیە سەبارەت بە نەبوونـــی سەرچاوەو بابەتی‌تر ····· کە دەبوایـە کاك مقدیـــد باسی‌بکردایەو نوسینەکـەی وەکو بانگەوازێك تەرخـــان بکرایە بۆ دانیشتوانـــی شاری هەولێری خۆشەویست بە مەبەستی هانـــدانو داوا لێکردنیان کە ئەوانیشـــــــس ئەرکی سەرشانیان بهێنەدی بۆ کومەكو یارمەتیدانـــی کتێبخانەکە لە رووی (مادیو معنویەوە) بەتایبەتـی دوای کردنەوەی زانکـــــۆی سەلاحەدین لە شارەکـەمان ، کتێبخانەی گشتی پێویستـی بەزۆر کردنی ئەم کتێـــبو سەرچاوانە هەیە کە ئەبـــێ بۆ قوتابیانی زانکۆ مسۆگـەر بکرێن · وە ئەو قوتابیانەش کوڕو کچو خوشكو بـــرای هەموو لایەکمانن ، هەروەهـا کرینی ئامێری مایکروفیلمو جهـــازی سینەمـــایی بۆپیش‌کەش‌کردنی فیلمـــی (وثائقی) زانســـــتیو ئەهێشتنـــی هــــەموو پیویستیەکانی تری شتێکـی ئاشکرایە دەولەت لەم رووەوە ئەرکی ســـەرشانـــــی بەجێ‌هێناوەو ئیستاش ئەبـێ رەچاوی باری ئابوریمـــان بکەین لەسەردەمی جەنگدا ·

هەر بەم بۆنـــەوە رای دەگەیەنین کە لێژنەیەکـــی تایبەتی بەمەبەســـــتی یارمەتی‌دانو پشتگیری کردن لەلایەن کتێبخانەکـــەوە رێکخراوە بۆسەردانـــی دامودەزگاکانی ئۆتۆنۆمـــی لەپێناو درێژکردنی دەستـی یارمەتی بۆ گەشانـــەوەی کتێبخانەکەو دەولەمەندکردنی لە رووی زۆربونـــی سەرچاوەکان ·

٥ ـ ئێمە خوێنەرانـــی بەرێز ئاگادار دەکەینـــەوە کە هەر کتێبخانەیەك بتوانێت زۆرترین سەرچاوە تیایـــە کۆبێتەوە بەو بایەخێکـــی زانستیانـــەی ئەدرێتـــێ ، بەڵکەشمان بۆ ئەو بوچونەمان کتێبخانەکانی ئینگلتـــراو ئەمریکاو کرملینو ئالمانیا·· کە زۆر بەی هـــەرەزۆری مێژووی کۆنو نوێی گەلانو رووداوو کارەساتو بابەتەکانی زانستو زانیاری بەهـــەموو لقەکانیەوە ·· وێرای ئـــەو سەرچاوانەی پەیوەندیـان بەباری ئابوریو سەربازیو کۆمەڵایەتیەوە هەیە تیایـــە کۆکرایتەوە کەچی تـــازە بەتازە کەسانی وا لەنـــاو کومەڵی ئێمە سەر هـــەڵدەداو ئیـــدعای رۆشنبیریو پێشکەوتن خـــوازی دەکات ، دەڵـــێ ، ئـــەو کتـــابو سەرچاوانەی بـــەئارەزووی وەك من نیە لە کتێبخانەکاندا بفەوتێنرێو لەناوببردرێت · بەڵام ئێمە لەبریتی ئــــەوە داوای دڵسۆزانەمـــــان لـــەهاووڵاتیان دوبـــارە دەکەینەوە کە هەرچی کتێبو سەرچــاوەیــــەکیان لا دەستدەکەوێتو مەترسـی فەوتانیان لی دەکرێــــت بابفەرمون پێشکەشـــی کتێبخانەکەمانی بکەن ·

ئیتر ، بارەخنەکانمـان ، کەمێك لە سەرخۆو هێمنترو بابەتیترینو تەنیا بڕیـــاری رووتو سەرکەش نەبێ ·· لە پێناو هاو کۆمەکـی بـــۆ خزمەتی ڕووشەی پیـــرۆزی کوردی بێت ·

کاظم ایوب سعید
ئەمینداری کتێبخانە

Institut kurde de Paris

کتێبی هاوکاری

شیعری شارستانیەتی جگەرخوێن

نووسینی : دکتۆر ئۆردیخانی جەلیل لە لایەن (دوکتور عیزەدین مستەفا رەسول)ەوە ئامادەکراوەو خراوەتە سەر زمانی ئەدەبی و تیپی کوردیی عیراق و پەراوێزی بۆ نووسراوە ..

جگەرخوێن لەناو ئەدەبیاتی کورددا وەك ئیلهام بەخشی خەباتی گەلی کورد لە پێناوی ئازادیدا وەك شاعیرێکی نیشتمانپەروەر ناسراوە. لای ئەو مەسەلەی نیشتمان ، مەسەلەی ئازادیی کوردو مەسەلەیەکی تەواو فەرزە . دیارە کە جگەرخوێن هەر لە منداڵییەوە دەربەدەر بوو ، تەواوی کوردستان گەڕابوو ، باری ژیانی گەلی کوردی دیبوو ، لەگەڵ گەلدا گریابوو ، شادبووبوو ، شایی و شینی گەلی بە شایی و شینی خۆی دانابوو . شاعیر دەبینێ کە خاکی وڵاتەکەی گەورەیە ، دەوڵەمەندە ، بەڵام میللەت لەناو ئەو سامانانەدا خاوەنی هیچ نییەو خاوەنی بەری ڕەنجی حەڵاڵی خۆی نییە . ئەمە بەلای جگەرخوێنەوە زۆر سەختبوو ، لە هۆنراوەی «پەمبوویە مەیە ، لێ ئەم تازینە - واتا - لۆکەمان هەیە ، بەڵام ئێمە ڕووتین» .

ئەو سەختییە نیشانئەدا ئەم هۆنراوەیە لە خواست و مەبەستیا ، لە فۆرمی نووسینا ، لەڕیزی ئەدەبیاتی کورددا جێیەکی لایقی هەیە .

دەوڵەمەندێن پوولپەرست ، تەم تەم دخۆت ماڵێ مە
بێ ئیمانو بێ ویژدان ، ئەوگوە نادن حاڵێ مە (٥)

کاتێ ئەو دەوڵەمەندە پوولپەرستانە «بۆ کاری خۆیان ، گەلێکی وا مەزن دەخەنە تاریکیی بندەستی خۆیانەوە ، جگەرخوێن گەلێك جار لە هۆنراوەکانی خۆیدا دەربارەی ئەو دەوڵەمەندانە دەنووسیٌ و ئەوانە ئەکا بە نموونە . بە ووتنی شاعیر ئەم دەوڵەمەندە پوولپەرستانە کە لای ئەو بریتین لە دەرەبەگی کورد ، دوژمنی گەلی خەباتکارن و بوونە چەکی دەستی ئیمپریالیستانی ئینگلیز و ئەمەریکا . هەر لەبەر ئەمەیە جگەرخوێن قەڵەمی خۆی بەرامبەر بەمانە ئەخاتە کار و ئەکەوێتە خەباتەوەو بە دوژمن نیشانی خەلکیان ئەدا .

وەك شاعیر دەڵێ :

کۆنەپەرستان گوناهکارن ، چونکە گەلی ڕەنجدەر بە فرمێسکی چاوی خاکەکەی خۆی ئاو ئەداو پەروەردەی کردووە . بەڵام خۆیشی بە ڕووتیو برسێتی ئەمێنێتەوەو بەری ڕەنجی خۆی نابینێ . بەری ڕەنجی گوندییان وەك دێت و دەڕواو دەسووڕێتەوە ، بە تەنیا ناچێتە گیرفانی ڕەنجخۆرانی گەل خۆیانەوە ، بەلکو دەشچێتە گیرفانی ئەو ڕەنجخۆرانەوە کەوان لە ئینگلستان و ئەمەریکا .

جگەرخوێن میللەت بانگئەکات ، کە هیچ کاتێ سەر بۆ وەجاخی کۆنەپەرستی هەڵخەڵەتێنەر دانەنەوێنێ ، دەستیان ماچ نەکات ، دیاریسان بۆ نەبات ، هیچیان بۆ سەرنەبڕێ ، چونکە ئەمانە بەلای شاعیرەوە « قوتبی ڕازی »نین ، تاج و شەوکەتیشیان هەر بۆ ڕەنجی بازووی ڕەش و ڕووتە . بازووی ڕەش و ڕووت ، بازووی گەلی خەباتکارە . جگەرخوێن پەسەندیی ئەو دەست و بازووە ئەدات .

لاوێکی کورد لە نامەی خۆیدا بۆ گۆڤاری «ڕۆناهی» کە چاپکراوە ، نووسیویە :

پێشان من لە گوندان کوردێکی جوتیار بووم ، بەڵام وا پێنج ساڵە هاتوومەتە عامووده‌و بە کاری بازرگانییەوە خەریکم .

من خوێندن و نووسینم بە کوردی نەئەزانی . هوشیار لە ماڵی خۆیداو بەم جۆرە منی فێری خوێندن و نووسینی زمانەکەی خۆم کرد . لەو کاتەوە زیاتر عەشق و ئەڤینی وڵات لای من گڕی ئەسەندو لەکۆڕی کوردانەوە نزیك بوومەوە .

لە ئەدەبی کوردیدا ، دیمەنێك یا ڕووداوێك ، یا بڵێین دەربڕینی لایەك لە ژیانی نەتەوەکەمان هەیە ، کە سەرەتاکەی لە حاجی قادری کۆیییەوە دەستپێدەکات . ئەویش باسی تەکیەو تەریقەت و هەولدانی ئەوەیە کە بە کوێری و نەزانی ڕێگەی خواپەرستی ئەگیرێت و ئەمە ئەبێتە ڕێگەگری خوێندن و سەرکەوتن و پێشکەوتن .

ئەم دیمەنە لە هۆنراوی حاجی قادری کۆیی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و تەنانەت مەحویشدا دەبینرێ . لەم سەدەیەشدا زۆر ڕۆشنتر ئەم باسە لە هۆنراوی موفتی پێنجوێنی و بێکەس و شێخ سەلام و قانیعدا دەبینین .

ئەمانە هەرچەندە لە ووشەو کەرەسەی دەربڕیندا جیابن ، بەڵام لە دەرخستنی (بیر)دا هەر یەکن و ڕەنگە چارەسەرکردنی مەسەلەش لای هەموان هەر یەك ڕێگەی گرتبێ .

جگەرخوێنیش - وەك لەزۆر دیمەنی هۆنراوەکانیدا شاعیرێکی ئەو پێڕەوو قوتابخانەیەیە . لەم باسەشدا هەر ئەو ڕێگەیەی گرتووە .

ئەگەر ئەمیش وەك ئەوانیتر ڕەخنەی لەو دیمەنەی ژیان گرتبێ ئەوا لە زۆر جێگەدا حاجی قادر زۆر تیژترو ڕۆشنتر ڕەخنەی لەو دیمەنەی ژیان گرتووە . ڕەنگە لەبەر ئەوە وا تیژتر بووبێ) چونکە حاجی لەوسا لووتکەی شۆڕشی ڕۆمانتیکیدا بووە . ئەمە لەلایەك و لە لایەکی تریشەوە حاجی لەدوور وڵات ئەو هۆنراوانەی نووسیوە . لەبەر ئەوە ماوەو سەربەستیی زیاتر بووە لە موفتیی پێنجوێن و سەلام و بێکەس و قانیع و جگەرخوێن و زیاتر وێراوێتی لەم بارەیەوە ڕای خۆی دەربڕێ . بەڵام ئەوەی جگەرخوێن لەم باسەدا لە حاجی قادر جیائەکاتەوە ، ئەوەیە کە شەقڵی ئەو سەردەمە زۆر ڕۆشنتر بە هۆنراوەکانی جگەرخوێنەوە دیارە . ڕەنگە لەم سەردەمەشدا ئەو شەقڵە لە هۆنراوەی جگەرخوێندا زۆر لەوی ئەو هاودەمانەی خۆی زیاتر دیاربێت . مەبەسیش لێرەدا ئەوەیە کە جگەرخوێن ئەو دیمەنانەی ژیان بە هیچ جۆر لە ڕژێمی کۆمەڵایەتی جیاناکاتەوە ، بەلکو هەوڵی ئەوە ئەدا کە ئەمە لە سنووری ڕژێمە کۆمەڵایەتییەکەی خۆشماندا ئەهێڵێتەوەو بیباتە سنووری جیهانەوە . واتا نەزانین و نەخوێندەواریی و پێشنەکەوتن ئەبەستێ بە ڕژێمی فیودالی - واتە - دەرەبەگییەوەو هەموو دیمەنێکی کۆنەپەرستیی بەلاوەیەکە . ئەمەش ئەباتەوە سەر سەرچاوەی ڕاستەقینە کە دەستی ئیمپریالیستی جیهانە لە هێشتنەوەی فیودال و کۆنەپەرستی و نەخوێندەواری و هەموو دیمەنەکانی تری دواکەوتندا .

٥ - هەر ئەوێ ، ل١٧٩

(ع.م.ر)

قوتابییەکی کوردو بڕوانامەیەك لەسەر شانۆ

کاك ئازاد حەمە شەریف ، یەکێکە لەو لاوانەی ، دەیەوێ لە ڕێگای خوێندن و شارەزایی ئاگادییەوە ، بەرهەمو بەهرەی ئەدەبی جیهانی بە خوێنەری کورد بناسێنێ ، لەبەر ئەوە دەبینی ، ناوبەناو بەرهەمی شاکاری ئەدەبی جیهانی وەردەگێڕێ بۆ کوردی و بڵاویان دەکاتەوە ، لەم دواییەشدا بڕوانامەی ماستەری لەسەر باسێکی زیندوی ئەدەبی و هونەری وەرگرت کە مەسەلەی شانۆیی و پەیوەندیەتی بە کۆمەڵەوە ... بەم بۆنەیەوە ... ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵدا کرد .

بڕوانامەکەت لەسەر چییەو کەی تەواوت کردوە؟

- دوای تەواوکردنی کۆلیجی ئاداب بەشی ئینگلیزی دەستمکرد بەم بڕوانامەیە کە دەربارەی شانۆی ئەمریکییەو بەناوی (ترازانی شیرازەی خێزان لە کۆمەڵێك لە شانۆنامەکانی ئارسەر میلەرو تینیسی و لیامز)دا کە لە ١٩٨٣/٩/٢٤ تەواوم کردوە .

● ئایا خۆت هەڵتبژارد یان چەسپاندیان بەسەرتا ؟

- لەڕاستیدا لە یەکەم جاردا ویستم بڕوانامەکەم لەسەر نووسینەکانی جویس بێ بەڵام قوتابییەکی تریش ئەوەی هەڵبژاردبوو ئیتر من نەمتوانی هەرچەندە ئەم قوتابییە وازی لەبڕوانامەکەی هێناو تەواویکرد بەڵام ویستم لەسەر نووسینەکانی هەمنگوای بێ بەڵام ڕازینەبوون دوا جار ئەمەم وەرگرت .

● بۆچی بەتایبەتی دیاردەی ترازانی شیرازەی ناوخێزانت هەڵبژارد لە شانۆدا ؟

- خۆی کۆمەڵی ئەمەریکی لە ساڵی (١٩٢٩تا١٩٥٥) بە بارێکی ئێجگار شێواودا تێپەڕی کە ئەمەش لە ئەنجامی کێشەی ئابووریدا بوو جا لە ساڵی ١٩٢٩دا بوو کە جەنگی دووهەمی جیهانی قەوما ، ئەمانە هەمووی بوونە هۆی لێکپچرانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی گشتی و پەیوەندییەکانی خێزان بەتایبەتی .

ئینجا کاتێ من ئەوەم هەڵبژارد بۆ لێکۆڵینەوە لەبەر ئەوەبوو ئەم دیاردەیە بەناسراوترین دیاردەی ئەو سەردەمە دادەنرێ و ویستم لەناو لێکۆڵینەوەکەمدا ئەوە بسەلمێنم کە شانۆش بە شێوەیەکی ڕاستوخۆ تێکەڵی گیروگرفتەکانی کۆمەڵ دەبێ و دەیەوێ چاریان بکات .

● ئایا نەدەبوو ئەم بڕوانامەیەت بەراوردێك بوایە لە نێوان شانۆی کوردی و ئەمریکیدا ، بۆ ئەوەی بتوانی زیاتر خزمەتی شانۆی کوردی بکەیت ؟

- نەخێر من لەگەڵت نیم لێرەدا چونکە شانۆی کوردی هێشتا لەیەکەم هەنگاویدایە بەنیسبەت شانۆی ئەمەریکی کە بەچەندەها قۆناغدا تێپەڕیوەو هەنگاوی سەرکەوتوانەی زۆری ناوە .

● باشە بسا بەراوردەکەت لەگەڵ شانۆی عیراقیدا بوایە بە شێوەیەکی گشتی .

- من ویستومە بۆچونێکی سۆسیۆلۆجی بکرمە بەر هەرکاتێك یەکێ ئەو بۆچونە بکرێتەبەر دەبی سروشت و گیروگرفتەکانی ئەو کۆمەڵەی ئەو شانۆگەریانەی تێدا نوسراوە لەبیر نەچێ ، جا بۆیەش وا دەبینم هەریەکە لە کۆمەڵی عیراقی یاخود کۆمەڵی ئەمەریکی چەشنێك لە خسوسیەتی تیدایە کە جیاوازە لە ئەوی تر لەبەر ئەوە لەو بەراوردەدا ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە تەواو سەرکەوتو نابێ و کۆمەڵ سوودێکی ئەوتۆیان لێوەرناگرێت .

● چۆن بڕوانامەکەت خزمەتی شانۆی کوردی دەکات ؟

- دەتوانم بڵێم ئەم شانۆگەریانەی کە من بڕوانامەم لەسەر نووسیون گیروگرفتی کۆمەڵی ئەمەریکی شیدەکەنەوەو دەیانخەنە بەرچاو خۆ ئەگەر بکرایە شانۆگەر یە کان و بڕوانامەکەشم وەربگێڕرانەیە سەر زمانی کوردی بەهەموو شێوەیەك خزمەتی شانۆی کوردی دەکرد .

● بیرو رات چییە بەرامبەر شانۆی عیراقی بەشێوەیەکی گشتی و شانۆی کوردیش بەتایبەتی ؟

- تا ڕادەیەك دەتوانم بڵێم شانۆ لە هەمووی عیراقدا بەگشتی هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێت بەڵام ناتوانم بڵێم دەگاتە شانۆی ئینگلیزی . چونکە ئەوان لەسەدەی دوانزەدا دەستیان پێکردوە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بێت و شانۆی عیراقی بەتایبەتی کوردی گیروگرفتەکانی کۆمەڵ شیبکاتەوە لەو بڕوایەدام دەتوانێ بگات بە شانۆی ئینگلیزی و ئەمەریکی .

● ئەوانەی بۆ شانۆ دەنوسن کێیت بەدڵە ؟

- جەلیل قەیسی و محی الدین زەنگەنە باش دەنوسن هەروەها طەلعەت سامانیش تا ڕادەیەك توانیویەتی کێشەی کۆمەڵ بخاتەروو .

● ئەو ئەکتەرو شانۆگەریانەی کە بەدڵتن .

- ئەحمەد سالار ، قاسم عەزیز ، سەعدون یونس لە ئەکتەرەکان لەشانۆگەریش (هەبوو نەبووم) زۆر بە دڵە .

● هیواکانت بۆ دوارۆژ .

- هیوادارم بتوانین ئەدەبی ئینگلیزی بەکوردی بناسێنین و کوردیش بە ئەوان بناسێنین .

سەرگوڵ تەیمور
ئامادەی کردوە

● نزار بەزاز ●

لێڤ و ددان
هەی جانێ جان تەنزەر
لولو و مەرجان
بن چاڤێ چۆی سەفەر
دۆورتە چەمیان
خڕ زەری و کەفەر
دلێ ب کوڤان
تو لێ بیە کەسەر
× × ×
دوو تلوڤان
ئەو بسکێ ژ ڕەش میا
بەر با هژیان
لەیزین سەر سەر ڕیا
پڕ مژیلان
باوشینکێت بن بریا
چاڤ بی دەرمان
کل و کلدان نەڤیا
× × ×

دەنگی ڤیان
ئاوازێت بلبلا
بەژن زبحان
قەفتەکە ژ جان گولا
قەید گرێدان
جانیاوێ دۆور دلا
مامە حەیران
ناف بەینا ئەو بلا
× × ×
ئەرزنگا جان
شەوق و ڕەوشا ستێرا
ژعشقا ڤیان
کەتمە ناف ئاگرا
لمن بی توفان
نابینم چ چارا
دبێژمێ قوربان !!
ئەو دبێژنەمن برا !!

سوکرات
باوکی فەلسەفەی تازە

بەشی دووەم —— عبدالمجید عبدالرحمن

سوکرات هەمیشە هەوڵی ئەدا دەمەتەقێ بکات لەگەڵ هەموو کەس و تاقمێك بۆ ئەوەی بە حەقیقەت بگات ، بە تایبەتی سوفستائییەکان کە هەموو چەشنە فروفێڵ و غەش و گومراییان دەکردو قسەو مانای قسەکانیان دەگۆڕی تەنیا بۆ ئەوەی دریژە بدەن بە دەمەتەقێ و جەدەلیان بۆ ئەوەی خۆیان دیاربخەن . واتە سوفستائییەکان زۆر شتیان غامیزترو نادیارتر دەکرد بە فروفێل و چەوتەکاری «المغالطه» بۆ ئەوەی خەلکەکە گومرا بکەن ، بەڵام سوکرات لە ڕوویانا ڕاوەستاو ڕیسوای کردن ، هەروەها سوکرات لەگەل لاوو قوتابی و مریدەکانی ڕادەوەستا دەمەتەقێ دەکرد بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ و بایەخ و گرنگی ئەدا بە لاوان وەك پیاوانی دوارۆژی وڵات و فیکرو فەلسەفەو سیاسەت .

سوکرات ئامادەبوو لەگەڵ هەموو چین و تاقم و مرۆڤێك گفتوگۆ بکات ... بەم چەشنە شارەزایی فراوانتر دەکرد وهەموو بابەتێکی ڕوونترو قووڵتر دەکردەوە . سوکرات داوای لە سوفستائییەکان دەکرد باسەکانیان ڕوون بکەنەوەو سنوورەکی ڕادەیی « حدی » بۆ ماهیات و کاکڵەو جەوهەری باسەکان دانێن ، هەروەها تەعریفێکی ڕاست و عەقلی بۆ هەر مەسەلەیەك دیاری بکەن بەم چەشنە سوکرات ڕێگای بۆ ئەفلاتون و ئارستۆ خۆش کرد .

ئەو ماموستایە بەرزە دەرسی لە قوتابخانەیەك نەدەووتەوە ، هەروا شوێنەکی تایبەتی نەبوو بەلکو لەگەڵ خەلکا کۆدەبووە لە هەرشوێنەك بوایە و دەستی بەگفتوگۆکردن لە گەل خەلکا دەکرد . بەم شێوەیە دیالکتیك یاخود « جەدەل »ی سوکرانی پەیدابوو . بەم ڕێگایە ئەم فەیلەسووفە هەوڵی ئەدا بەراستی و حەقیقەت و حیکمەت بگات بۆ ڕۆناك کردنی عەقل و گیان و دەروونی مرۆڤ ، بۆیی دروشمی فەلسەفی و ئەپشمو کسوژی (خۆت بناسەوە) لە دەمی سوکراتەوە بۆ یەکەمجار و بۆ هەزاران جار دەرچوو . ئەگەر بەسوکراتا بووترا بوایە « دانا - حکیم» وەلامی ئەدایەوەو ئەیووت کە تەنیا خودای مەزن دانایە ... وئەو خۆی حەز لە دانایی دەکات و بەدوای خودایی دەگەڕیت . حیکمەت « دانایی » مانای « کمال العلم » ئەبەخشی . کمال العلمیش لە کەمالی ئەخلاقەوەیە . واتە « کمال العلم » لە کەمالی ئەخلاق و کردەوە جیاواز ناکرێت بۆیی زانست « علم » فەزیلەتە و نەزانین و جەهالەت شەڕو ڕەزیلەت وزەبوونییە .. بۆیی دەبی مرۆف خۆی لە خۆی بکات (خۆت بناسەوە) ئەم مەسەلە بە گرنگترین مەسەلەی زاتییەت و وجودی مرۆف دەرئەخا .. . واتە سوکرات بڕوای بەتاکە مرۆڤی « الفردیە » وبیمەتی و توانای مرۆڤ هەیە .. مروڤ و کردەوەی و ئاکار - اخلاق - ی مروڤ تەنیا مەیدانی فەلسەفەی سوکراتە .

بڕوانە ل ٧

Institut Kurde de Paris

گۆڕێکی جەماوەری - پاشماوە

یەکانی پارێزگای تەئمیم لەم رۆژەی تێکۆشانەدا کۆلایەوە کە وڵاتەکەمانی پێدا ئەروات .

هاورێ سعدی مهدی صالح ئەندامی سەرکردایەتی وڵاتو رازگری نهێنی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست نووسینگەی رێکخراوی باکوور لەو کۆرەدا کە هاوڕیان رازگری نهێنیو ئەندامانی سەرکردایەتی لقی حزب لە تەئمیمو کادرەکانی حزبو سەرەکو ئەندامانی رێکخراوی پیشەییو جەماوەری پارێزگەکە ئامادەبوون وتی گەلە مەزنەکەمان بەسەرکردایەتی بەرێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین بەوتوانا مەزنەی کە هەیەتیو توانی ناخۆشترین دۆخ ببریو بە پتەوی یەکێتی نیشتمانی بەهێزی .. لە بواری دروستکردنی مرۆڤی نوێی عیراقدا کە توانای بەرەنگار وەستاندنی هەموو دەستدرێژییەکی بەهۆشێکی پر بەرپرسیاریو تواناو دروستکردنی دوارۆژی بۆ نەوەی داهاتوو هەیە هەموو جیهانی سەرسام کرد .

هاورێ ئەندامی حزبی سەرکردایەتی وڵات سلاوی بەرێز سەرەکی تێکۆشەر صدام حسینی بە جەماوەری پارێزگای تەئمیمو بەرێکخراوەکانی گەیاندو ئەو بەخششە هەمیشەییو ئامادەبوونە بێ وچانەیانی نرخاند کە بە نرخترین شتیان بۆ بەرگری لە نیشتمانی خۆشەویست بەخت ئەکەن .

لەگەڵ هونەرمەند - پاشماوە

شانۆیە من (جاحظو أبا حیان) ئەخوێنمەوە ئەمەش تایبەتکارییەو ئەمەوێ شانۆیان تێدا بدۆزمەوەو گومانیش لەوەدا نیە کە کەلە پوری عەرەب شانۆیی زۆر تێدایەو بەلام شانۆیی تایبەتی هەندێ جار لەگەڵ ناوەرۆکی یاساکانی شانۆگەری جیهاندا رێدەکەوێو جیاوازو دووریشە لە یاساکانی شانۆگەری عەرەبەوە بۆ دروستکردنی شانۆکەرییەکی تایبەتەوە بەدوایدا ئەگەرێن .

سەبارەت نەریتی رووناکی تایبەتی شانۆی عیراق وتی :

بەڵێ نەریتو جێ پەنجە مەن کە نووسینی شانۆیی شانۆی عیراق جیا ئەکاتەوەو تۆش بە ئاسانی ئەتوانی جێ پەنجەی (عادل کاظم)ی نوسەر لە جێ پەنجەی داستانەکانی (یوسف عانی) نووسەر جیابکەیتەوەو بەم جۆرە ئەتوانی جێ پەنجەی نووسەرەکانی تریش جیا بکەیتەوە .

- ئەتوانی باسی ئەو ناوەرۆکو نەریتانەمان بۆ بکەیت کە ئەتەوێ بیانخەیتە ناونوو سینەکانتەوە ؟

- ئەمەوێ ئەو شتەی لە ناخمایە دایڕێژم کە ئەویش نەریتێکی زۆر بە بایەخەو ئەویش ئەوەیە کە دیاردەی نیشتمانی بەرزو بەرامبەر بە کۆمەڵو گەلو نیشتمان بێ ئەوەی هەست بەو نیشتمانێتیو نەریتە بکەیت هەست بە بەرپرسیارێتی گەورە ئەکەینو کە ئەمەش لەهیچ شانۆییەکی جیهاندا نیە .

- تۆ نووسەری شانۆکەو دەرهێنەریشی تکایە باسی ئەم پەیوەندییەمان بۆ بکەو ئایا ئەمڕووە هونەرییەکەیە؟

- وتی : ئەمە لایەنێکە کە بەرێکەوت دەستم نەکەوتووە ئەمە ئەنجامی تەمەنێکە کە (٢٨) ساڵەو تاقیکردنەوەی تایبەتی بۆ ئەم پەیوەندی کردنەی لە شانۆدا راکێشامو ئەمەش پەیوەندییەکی ئاسانە بۆ وەدیهێنانی خواستو مەبەستو ئەو تەقەللایەی بۆ شانۆگەری تایبەتی ئەمداو ئەمەش بە گوێرەی هونەرمەندانی جیهانەوە دیارە وەك (طیب صدیقی)و (ویتربروك)و (فوخ)ی ئیتالنیو (بروتسکی پۆلەندییەوە کە ئەمانە نووسەرو دەرهێنەری شانۆکەرینو ئەمەش هەر ئارەزوو نیە بگرە تاقیکردنەوەیەکی زۆر وەدی ئەهێنێ .

- سەبارەت دواکاری لە شانۆگەری (داستانێکی میللی)دا لێمان پرسی

- وتی - یەکێ لەو تەقەللایانەی لەم رووەوە لە (داستانێکی میللی)دا ئەوەدەقەیە کە بە درێژایی (١٤) ساڵ نوسیومەو یەکێکیش لە ئامانجی ئەم کارەش بەشداریکردنی گەلە وەك تەماشاکاران بۆ زانینی شانۆگەری ..ئەمەش بێجگە لە شیکردنەوەو دەرخستنی دنیای ناوخۆی ناو گەلو بیرەوەری گەل لە شیکردنەوەو دەرخستنی دنیای ناوخۆی ناو گەلو بیرەوەری گەل لە ڕێ ڕێرەوی مێژوویی و هەڵوێستی مێژووییو وەرچەرخانی هونەری کە گەل لە بەر تۆماری کردوون .

سوکرات - پاشماوە

ئەو فەیلەسووفە تەنیا عەقڵو توانای عەقلی بەرزکردەوە ستایشی دەکرد ئەو کەسەیە قوتابییەکانی خۆی وێڵدەکات بە پرسیار کردنو هانیان ئەدا خۆیان زیاتر ماندوو بکەن بە تێفکرینو بەراوردکردنو دۆزینەوەی ڕێگای راستی بۆ خۆیان ... فەلسەفەی تازەی سەردەمی ئێستامان ئەم کردەوەیە فەلسەفییە بەش دەکا ، چونکە فەلسەفە وەڵامی دوای نییەو چارەسەری هەموو گیروگرفتێك ناکات ، بەڵکو زۆرجار فەلسەفە پرسیاری گرینگی بێوەڵام بەرپادەکاتو فەیلەسووفیش زۆرجار توانای نابێت وەڵامی بۆ بدۆزێتەوە .

ونبوونی هەویە

بەناوی نجاة رفیق حلمی یەوە هەویەکی تایبەت بە نەقابەی رۆژنامەنوسەکانم لێونبووە تکایە ئەوەی دۆزیەوە بیداتە لقی هەولێر .

چەند سەرنجێکی - پاشماوە

بو کوری گەورەو ئەگەر کوری گەورەشی ئەبوبێت ئەوا چوە بو برا ... وە ئەگەر هەر بەربەرەکانیشی بوبێت ئەوا لە بەینی بەرە بابەکاندا بوە کە بە عەرەبی پێی ئەڵێن (أفخذ) یان خێلایەتی واتا لەوانەیە خێلێك مەزنی کردبێت کە میرێك ببێت بە پاشا نەك یەکێکی تر چونکە دایکی ئەو میرە لە عەشرەتی ئەوان بوە .. نەك لە بەر ئەوە بوە کە فلان میر لە چینی چەوساوەیە و ئەویتر لە چینی خانەدان (ئوروستوقراتی)یە یان سەرمایە دارە وەکو چیروکەکە ئەیویست بیسەلمێنێ .

من نالیم لەو سەردەمەدا چەوسانەوە نەبوە ، چونکە چەوسانەوە لە هەمو ئانوزەمانێکدا هەربوە . بەلام بونی چەوسانەوە شتیکەو هەستپێکردنیو ئینجا خەباتکردن بو لابردنی لە رێگەی دانانی میرەکانەوە شتێکی ترە .. ئێمە تا ئێستا هیچ سەرچاوەیەکمان نیە کە دەری بخات زۆرانبازی چینایەتی ئەوەندە پێ گەیشتبێت کە جۆرە تیکوشانێکی لەو بابەتە لە میرنشینەکانی باباندا بوبێت .

مەبەستم لەم سەرنجانەم ئەوەیە کە ئێمە نابێت بە بیروباوەری ئەم سەردەمەوە سەیری ئەو زەمانانەی پێشو بکەین بەلکو ئەبێت بە هەمو شیوەیەك بچینەوە ئەو سەردەمەو شێوەیەکی راستەقینەو تەواوی ئەو کومەلە لەناوچوانە بخەینە روو نەك هەر لە روی جلوبەرگو کەرەسەو گفتوگۆیانەوە بەلکو تەنانەت لە روی بیروباوەڕیشیانەوە .

بەلام هێندێك هەرچەندە شانۆناسەکان ئەم راستیانەش ئەزانن کەچی لە گەڵ ئەوەشدا ، ئەگەر زۆر وریا نەبن هەر ئەکەونە هەلەوە

لە وولاتانی شانۆو سینەمایی پیشکەوتودا بۆ ئەوەی نەکەونە هەلەی واوە سالی صەدان پسپۆر (جنیر)، نەك هەر بۆ چیرۆکی مێژویی بەلکو لە هەرچ چیرۆکێکی تریشدا کە پێویستی بە شارەزاییەکی تایبەتی هەبێت بە کار ئەهێنن بۆ نمونە لە چیروکێکدا کە خەستەخانەی تیابیت .. نابێت هیچ دوکتۆریکی شارەزای لێهاتو بتوانێت بلێت کە بەو شێوەیە عەمەلیات ناکرێت یان وا فەحس ناکرێت یان شرینقە وا لێ نادرێت هەروەها بۆ دادگا ، وەرزش سوپا ، کشتوکاڵ تەنانەت قومارکردن ئەبێت لە لایەن شارەزایانەوە بنوسرێت و مەشق دابدرێن .. بەلام لای ئێمە بەلای هیندێکەوە ئیستاش لەو بروایەدان کە مادام تەمسیلە ئیتر هەرچونتێکی بکەیت هەر تەواوە .

بۆ نمونە تا ئێستا هەرچ چۆنێتیکی بکەیت هەر تەواوە .

بۆ نمونە تا ئێستا هەرچ چیروکێکی ئەمبینیم دیبێت کە دادگاو لێکولینەوەی تێدا بوبێت یەکسەر زانیومە کە ئەو کەسە نوسیویەی شارەزای یاسا نەبوە ....

بۆ نمونە وەکو هەراجەکەی چیرۆکی تەلەفزیونی (پێ بە قەدەر بەرەکەی خۆت راکێشە) چونکە بە پێی یاسای (تنفیذ) نە هەراج بەو شێوەیە ئەکرێت وە نە ئەو شتانەش ئەفرۆشرێت کە تێیدا فرۆشران . . . چی ئەفرۆشرێ لە کەلوپەلو کەرەسەی ناوماڵ من نافرۆشرێ ئەوە یاسای ناوبراو هەموی بە ووردی بەکالا کردۆتەوە کەوا دیار بو نوسەری ئەو شانۆگەریە بچکوترین شارەزایی تێدا نەبوە .

لە چیروکی تەلەفزیونی « تاوانێك لە ئاسماندا » کە توفیق الحکیم نوسیبویو ئێمە ئامادەمان کردبو بۆ شانۆو دەربارەی تاوانێك ئەدوا کە دادگای سزای گەورە ئەیبینی هیچ یاساناسێك نەیئەتوانی بچوکترین هەڵەی تیا بدوزێتەوە ، چونکە هەموی بە پێی یاسایی (المرافعات الجزائیە)و یاسای سزای گەورە ئەیبینی هیچ یاساناسێك نەیئەتوانی بچوکترین هەڵەی تیا بدوزێتەوە ، چونکە هەموی بە پێی یاسای (المرافعات الجزائیە)و یاسای سزای عیراقی بو ... نەك هەر ئەوە بەلکو ئەتوانین بلێین کە بابەتی یاسایی وای تیا بو کە بەلای یاساناسەکانشمانەوە تازە بێت .

چیروکی تەمسیلی ئەگەر لە ئاستێکی بەرزدا نە نوسرێ ، ئەگەر پاکژ نەبێت لە هەلەی زانیاریو هونەری و زمانو مێژو .. هتد وا ئەکات کە خەلقی ئەو ڕێزەیان نەبێت بو هونەری شانۆ کە پێویستە بیان بێت بوی .

. . . .

یان هێندێك جار تەنانەت لایەنی زانیاریش پەیرەوی ناکەن : هەمومان ئەیزانین کە ئەگەر پزیشك لە عیادەی تایبەتیدا هەستی کرد کە نەخوشێك پێویستی بە خوینی هەیە ئەوا پسولەیەکی ئەداتێ بۆ خەستەخانە .. لەوێ ئیتر کروپی خوێنی وەرئەگرێ ئەوسا یا لە بانقی خوێن لەو گرون خوێنی پێویستی ئەدرێتی یا خزمێ ، خێرخوایە لە هەمان کروپ خوێنی ئەداتێ وە ئەگەر هەر نەبو ئەوا لەو کەسانەی وەرئەگرن کە خوێنی ئەفرۆشن ئیتر ئەبێ تا ئەو خوینەی ئەکرێتە لەشەوە ئەو نەخوشە لە خەستەخانە بنوێت ... بەلام با بزانین لە چیروکێکی تەلەفزیونی (حاجی مکی)دا ئەم کارە چۆن ئەنجام درا . لەو چیرۆکەدا کە ناوەکەیم لە بیر نەماوەو دەمێکیشە نیشان نادرێت عەمەلەیەکی چەوساوە بە دەست دەست خاوەن(منجم)ێکەوە(١) ژنەکەی نەخوشی ئەکەوێت ئەکەوێت کە ئەیباتە عیادەیەکی تایبەتی پزیشکەکە پێی ئەڵێت کە ژنەکەی پێویستی بە خوێنە . . . ئەویش ژنەکەی لە عیادەکە بەجێ ئەهێلێتو بەقەرزو قۆلە شوشەیەك خوێن ئەکرێتو بەراکردن ئەیهێنیتەوە بو عیادەی پزیشکەکە .. بەلام کە ئەگاتە ئەوێ سەیر ئەکات ژنەکەی مردوە .

جا کەسێك ئەگەر شارەزا نەبێت لە خوێن گوێزانەوە لە یەکێکەوە بو یەکێکی تر بەو چیرۆکەدا وا تێ ئەگات کە خوێن بو هەمو کەسێك ئەبێت هەروەها وەکو ئەسپەنیکو شەربەتی پرتەقال لە دوکانەکان دەست ئەکەوێت تەنانەت وەك لە بیرم بیت قاپەکەشی قاپی ئەوت بو نەك هی خوێن !! باشە ئەوەی کە هەست بەم شتە چەواشانە بکات ئەبێ لە گالتەپێکردن چی تری هەبێت بۆ بەرهەمیکی وا .

لە چیروکی «گریان»دا کە سکپڕی کچەکە راست دەرنەچو (٢) زۆر کەس وتبویان شتیوا نیە ، وایان زانیبو کە من لە خۆمەوە ئەوەم دوروست کردوە لە کاتێکدا کە من بەر لەوەی ئەوە بنوسم زیاتر لە ووتاریکی زانستیم دەربارەی ئەو جۆرە سکپڕبونە خویندبوەوە وە لە بەر ئەوەی ئەگەر دەربارەی شتێکی زانستی دوایت سا ئیتر لە شانۆدا بیت یان لە هەرچ مەودایەکی تردا نابێت لەگەل زانستدا پیچەوانە بیت پرسیشم بە چەند دوکتوریکی مندالبوون کرد . لە لاپەرەکانی (الطب العدلی)دا روداوی زۆر جگەربڕی تیدایە کە چەندەها ئافرەتی داوێن پاکی کنول کەسوکاریان کوشتویانن کە لە دواییدا پزیشك چونە بنجوبناوانی شەیتان ئاوس بوە .

ئەو جۆرە سکپڕبونە ئەمەندە لە راستەقینە ئەچێت کە تەنانەت سەر لە دوکتورە تایبەتیەکانی سکپڕبونیش تیك ئەدات دوا روداو کە لەم روەوە خویندومەتەوە ئەوەبو کە گوایە لە یەکێك لە وولاتەکانی دەرەوە دوو پزیشك کە بە درێژایی ماوەی سکپڕبوون سەرەوکاری ئافرەتێك ئەکەن بریار ئەدەن کە لە بەر ئەوەی کاتی مندالبوونەکەی هاتوە ئەبێ لە خەستەخانە بنوێت . بەلام ماوەیەکی زۆر لە خەستە خانە ئەمێنێتەوە بێ ئەوەی منالەکەی ببێت . کە فەحسێکی ووردی ئەکەن کەبزانن بۆ منالەکەی نابێت ، چەند مایەی سەرسورمان ئەبێت کە بویان دەر ئەکەوێت کە سکپڕبوونەکەی شەیتان ئاوسیە !!

نوسەران ، هونەرمەندانی شانۆمان ئێمە ئەڵێین :

شانۆ قوتابخانەی گەلە .. جا کە شانۆ قوتابخانە بیت دەبا وانەی هەڵە لەو قوتابخانەیەدا بە میللەت نەڵێنەوە .....

١ - مەنجەم کە بۆ کانی خەلوزی بەردو ئاسنو ئالتونو (معادن)ی تر لە عەرەبیدا بەکار ئەهێنرێت لای ئێمە نیە وە ئەگەر هەر بشبێت هی میریە نەك خەلقی ئەوەی لای ئێمە هەیە هەر کانە بەردە کە ئەویش پێی ناڵێن مەنجەم .

(٢) لە کوردەواریشدا ئەم جورە سکپڕبونە زانراوەو پێی ئەڵین شەیتان ئاوس بە عەرەبیش (الحمل الکاذب - سکپڕبونی درۆزن) لە پزیشکایەتیشدا Pseudo-pregnacy واتا لەسکپڕبون چون .

هونەری - پاشماوە

دەبێ هەلوێستی چۆن بێت بەرامبەر رێبازەکانی تر؟ بێ گومان ئەویش پەیوەندی هەیە بەرادەی رۆشنبیری وهوشیاری رەخنەگرەوە ، سەرەرای تێگەیشتنێکی قوول لە بواری ئەو لایەنەی هونەر کە بەرهەمەکانی هەلدەسەنگێنیت ، لەم ئاستەدا دوو شێوە هەلوێستمان بەرچاوو دەکەوێت یەکەمیان دەهۆلێکی زۆر بۆ ئەو رێبازە لێ دەدات کە پەسەندە بەلایەوە ، وە بە ئاسپایی رێبازەکانی تر دەسرێتەوەو تا بتوانێ سەرەومیان دادەپلوسێت ، بەلام ئەوی تریان جگە لەو رێبازەی کە خۆی بەلایانگری دەزانێ ، ئەوانی کەش پشتگوێ ناخاتو تا رادەیەك بێبەشیان ناکات .

با سەرپێی چاوێك بگێڕیت بەو پێشەنگایانەی کە هونەرمەندانی کورد بەشداری تیادا دەکەن ، بێ گومان جۆرەها رێبازمان بەرچاوو دەکەوێت ، کوبیزم (التکعیبیة) ، دامالینکاری ، سریالیزم ، ریالیزمی سۆشیالیزم ، دەربرینکاری (التعبیریة) ....هتد....

لیرەدا مەبەستمان بیروڕاو هەلوێستی سەیرکارەکانە بەرانبەر ئەو پێشەنگایانە (بەلام باسی ڕێبازەکانو هەلسەنگاندنی تابلۆی چەند هونەرمەندێك ، بەجێی دەهێلین بۆ باسێکی تێکراو فراوان لە داهاتوودا..) . بۆ نموونە لەپێشەنگایەکدا چەند تابلۆیەکمان بەرچاوو دەکەوێت کە بە پێی ڕێبازی دامالینکاری ئەنجامدراوە ، دەروانین سەیرکاران لەچەند هەلوێستێکی جیاوازدا دەبینرێن ، هەندێکیان نارەزاییەکی زۆر دەردەبڕن وسەر ڕادەوەشێنن بەرانبەر تابلۆکانو جۆرەها پەلار لە دەمیان دەردەپەرێت وەکو : (باشە من تێی ناگەم ئەم هێلە لێك هەلکیشراوانەو سەرپیاوێکو پەنجەرەیەکی شکاو مانای چی دەبەخشێت) (دوورنیە ئەمانە نەتوانن نیگاری شێوەی سروشتی شتەکان بکێشن ، بۆیە پەنا دەبەنە بەر ئەم جۆرە هێمایە -الرمز-) (جا ئەگەر ئێمە لەم تابلۆیانە تێ نەگەین ، ئیتر نازانم هونەرمەند بۆچی خۆی ماندوو دەکات..) (لەم تابلۆیانەدا ، بابەت دراوەتە دواوە وە گرنگی دراوە بە فۆرم ، فۆرمالیستەکان بە گشتی بابەت پشتگوێ دەخەن) . وە هەندێ سەیرکاریش خۆیان بە لایانگری ئەو ڕێبازە دادەنێنو بەم جۆرە ڕای خۆیان دەردەبڕن : (بەراستی هەر ئەم ڕێبازەیە کە هونەر لە ئاستێکی بەرزدا دەهێلێتەوە .) (بەرهەمەکانی ئەم ڕێبازە بۆ کەسانی ساویلکە دەست نادەن) (هیچ پێویست ناکات بەرهەمی هونەری وەکو کەلوپەلی بازرگانی تەماشابکرێت) . ئەگەر پتر ووردببینەوە ، بۆمان دەردەکەوێ کە زۆربەی سەیرکاران جۆرە تابلۆیەکیان دەوێ کە لە ژیانیانەوە نزیك بێتو لە ئاستی تێگەیشتنیاندا بێت ، واتا بە بێماندووبوونێکی زۆر ، پەیوەندی نێوان واقیعو تابلۆکەیان بۆ دەرکەوێت . وە لە هەمان کاتدا دەڕوانین ڕێبازێکی هونەری یاخود بەرهەمی هونەرمەندێك بەلای ڕەخنەگرانو زۆربەی سەیرکارانەوە ، بە نالەبارو ناشیاو پووچ دادەنرێت ، بەلام پاش چەند سالێك ڕاو هەلویستیان دەگۆرێتو سەرلەنوێ دەکەونەوە هەلسەنگاندنی ، بێ گومان بە پێچەوانەی هەلوێستی پێشوویان ، بۆ نموونە (فان کوخ) تا خۆی زیندووبوو تەنیا یەك تابلۆی فرۆشرا ، کەچی پاش مردنی بەرهەمەکانی بەدەست ناکەوت ، جگە لە (فان کوخ) چەند هونەرمەندێکی تریش ، ژیانێکی تالیان بردۆتە سەر لە نێوان هێرشی ڕەخنەگرانو نارەزایی سەیرکاراندا ، بەلام پاش خۆیان بەوپەڕی ڕێزلێگرتنەوە لە مۆزاخانە بەناوبانگەکاندا جێگا بۆ تابلۆکانیان کراوەتەوە .

وە ئەگەر بەشێوەیەکی تێکڕا بروانینە ئەو بەرهەمانەی لە پێشەنگاکانماندا بەرچاوو دەخرێن ، سێ ئاستمان بۆ دەردەکەوێ ، ئاستی یەکەم لە هەموو ڕوویەکەوە زۆر بازاڕیو ساویلکەو نزمە ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ساویلکەییو ناشارەزایی ئەو کەسەی کە تابلۆکانی ئەنجامداوە (هەرچەندە ناشێت بەوجۆرە بەرهەمانە بووترێ تابلۆ) ، بێ گومان کاتی کردنەوەی پێشەنگایەك لەم بابەتە ، کەسانێك خۆشحالی خۆیان دەردەبڕن کە زۆر لە خاوەنی تابلۆکان هەژارتربن لە رووی هەستو بیرکردنەوەو هۆشمەندیەوە ، چونکە بینینی ئەم جۆرە پێشەنگایە هیچ بە سەیرکار نابەخشێت لە بێزاری بەولاوە ، وە بۆ ئەوەی ووردتر دیاری بکەین ، دەلێین ئەم شێوە بەرهەمانە ڕادەیان زۆر نزمە بەگوێرەی ڕادەی بیرکردنەوەو ویستی زۆربەی سەیرکارانەوە ، بەلام ئاستی دووەم زۆر لە سەیرکاران بەرانبەر تابلۆکانی سەرسووردەمێنێتو لێی تێ ناگەن ، چونکە خوێندنەوەی ڕەنگەکانو لێکدانەوەی شێوە داماڵێنراوەکان ، کارێکی ئاسان نی یە ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر تابلۆکە بشێت بۆ ئەوەی گرنگی پێبدرێت لە ڕووی بابەتو فۆرمەوە ، چونکە هەندێ تابلۆ بە لاوازو لەبارچوو دادەنرێت .

لیرەدا ئەو شێوازەی یاخود ئەو تابلۆیەی کە بەگرێی کوێرە دادەنرێت بەلای زۆربەی سەیرکارانەوە ، ناچارین بلێین لە سەرووی ڕادەی تێگەیشتنی بەشی زۆری جەماوەرەوەیە جا ئەگەر ئاستی یەکەم لەژێر ڕادەی بیرکردنەوەو ویستیانەوە بێت ، وە ئاستی دووەمیش لە سەرووی ڕادەی تێگەیشتنیانەوە بێت ، کەواتە پێویستە ئاستێك هەبێت کە بە لایانەوە پەسەند بێت ، ئەوەش بەستراوە بە جۆری ئەو بابەتانەوە کە هونەرمەند گرنگیان پێ دەدات وە پەیوەندیەکی قووڵیان هەیە بە واقیعەوە ، هەروەها بەجۆری ئەو فۆرمانەوە کە بابەتەکان دەگرنە خۆیان .

دیسانەوە کێشەی (پێوەر) لە هونەردا دووبارە دەکەینەوە ، واتا چۆنیەتی هەلسەنگاندنی ئەو بەرهەمانەی لە پێشەنگاکاندا بەرچاوومان دەکەوێت ، وە هەلسەنگاندن ئەوە نی یە لەرێپۆرتاجێکدا بووترێ (پێشەنگای هونەرمەند ــــــ سەرکەوتوو بوو... وە تابلۆکانی هەتا بلێی جوانو ڕەنگین بوون...) بەلکو پێویستە بە پێی پێوەرێکی دیاریکراو تابلۆ هونەری لەبارو سەرکەوتوو لە تابلۆی لاوازو جیا بکرێتەوە .

لە دەزگای گشتی کەرەسەی خانووبەرەوە

بۆ ئاگاداری

دەزگای گشتی کەرەسەی سەرەتایی خانووبەرە ئاشکرای ئەکات کە لە شوێنی کارگەی برینی بەرد لە پارێزگەی سلێمانی کەسەر بەم دەزگایە لە بەرەبەیانی رۆژی شەممەی رێکەوتی ٧-١-١٩٨٤ کەرەسەی جۆربەجۆری خانووبەرە (کەرەسەی خانوو دروستکردنو شتی پێویستی ناو خانووەکە) ئەفرۆشێ .

ئەوانەی ئارەزووی بەشداربوونی هەراجیان هەیە

بە بارمتەی یاسایی و گونجاوەوە لە شوێنو کاتی

ناوبراودا ئامادەبن .

بەڕێوەبەری گشتی

ونبوونی دەفتەری خدمە

بە ناوی خالد مصطفی حمد امینەوە دەفتەری خدمەی عەسکەریم لێون بووە کە لە تەجنیدی کۆیسنجق دەرچووە تکایە ئەوەی دۆزیەوە بیدات بە لقی هەولێر .

ونبوونی دەفتەری خدمە

بە ناوی کمال عثمان خدرەوە دەفتەری خدمەی عەسکەریم لێونبووە کە لە تەجنیدی هەولێری دووەمەوە دەرچووە تکایە ئەوەی دۆزیەوە بیدات بە لقی هەولێر .

Institut Kurde de Paris

ڕیالیزم لە تابلۆکانی هونەرمەند محمد عارفدا

لە ئێوارە کۆڕێکی دەزگاکەماندا

ئێوارەی سێشەممەی ڕابوردوو ، ڕۆشنبیرو ئەدیب و دۆستانی هونەرو ئەدەب و ڕۆشنبیری لە هۆڵی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی لە بەغدا ، لە چوارچێوەی چالاکیەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردیدا لە ئێوارە کۆڕێکی بەپێزدا بە هونەرمەندی ناسراو محمد عارف گەیشتن .

پێشکەشی کردو دوایی هونەرمەند محمد عارف بە وردی باسی ڕێبازی ڕیالیزمی کرد لە تابلۆکانیاو ئەوەشی ڕوونکردنەوە کە هەڵبژاردنی

ئەم ڕێبازە لە لای ئەو ،مانای ڕەتکردنەوەی ڕێبازو قوتابخانە هونەرییەکانی تر نیە لە لای ئەم وەك هونەرمەندێك کە دوور دەڕوانێ و بە چاوی هونەرمەندایەتی سەیری بزوتنەوەی هونەری تەشکیلی دەکات لای خۆمان و لە بەی فراوانتردا .

دوایی هونەرمەند ، تابلۆکانی بە سلایدی ڕەنگاوڕەنگ لە کۆڕێکی بە ـوزی موـــبعادا پێشکەش کرد .

دوایی بینەرانی تابلۆکان کە قۆناغەکانی کاروانی هونەری هونەرمەندیان تواندو کرابوون بە چواربەشەوە .لە لایەن ئامادەبووانەوە گفتوگو لەگەڵ هونەرمەندی گەورە محمد عارف کراو هەندێ لە ڕۆشنبیرەکانیش بازی سەرنجی خۆیان دەربارەی زەوتی هونەری ئەم هونەرمەندە پیشان داو کۆڕەکە سەعات و نیوێك زیاتری خایاندو

هونەرمەند محمد عارف لەم کۆڕەدا لە ڕیالیزم دوا لە تابلۆکانی خۆیدا . لە سەرەتادا ، برادەر محمود زامدار هونەرمەندی

یەکێك بوو لە ئێوارە کۆڕە ڕۆشنبیرییە سەرکەوتووەکانی دەزگاکەمان .

لەگەڵ هونەرمەند «قاسم محمد»دا

ذکریات محمد

هەیە هونەرمەند قاسم محمد نەناسێ کە خاوەنی قوتابخانەی شانۆگەری ئاهەنگی فراوانەو لە کەلەپوری عەرەبی کەڵك وەرئەگرێ بۆ ئەوەی بە شێوازی شانۆگەری پێشکەشی بکات .

بەم هونەرمەندە لە کاتی پێشکەش کردنی (داستانی میللی)دا کە بەرهەمی خۆیەتی گەیشتین .

لێمان پرسی ! شێوازی جیاوازی خۆت لە شانۆگەری بەرفراوانی ئاهەنگدا لە شێوازەکانی تری هەندێ وڵاتی عەرەب چۆن جیائەکەیتەوە ؟

— جیاوازییەکە زۆر گەورە نیە .. لە کاکڵدا هەموو هەر وەك یەك واین و جیاوازیم لەگەڵ ناسراوانی تری ئاهەنگدا شتێکە تایبەتە بە خۆم و ئەو شتەشی کە لە شانۆگەری ئاهەنگیدا من جیائەکاتەوە ئەوەیە کە من هەموو بەخشینێکی ئەکتەرکاری و درامی کە مەلاسی بووەو لە ئەزیتی میلیدا کەڵەکە بووە، پێشکەشی ئەکەم و ئەویەری تەقەلانە دەم و کە جمکە خۆشەویست و گونجاوەکانی لە شانۆو درامادا بگرم .

بەتایبەتی کە لە عێراقی خۆشەویستماندا ئەم شتانە زۆرن و هەمە یەشنەن کە جەماوەر پێی خۆشە .

پرسیارێکی تر ئەوە بوو کە ئایا هونەرمەند قاسم محمد لە ڕێگەی شێوازی شانۆگەری ئاهەنگییەوە ئەتوانێ ڕێبازێکی شانۆگەری دەستنیشان کراو بدۆزێتەوە ؟

هونەرمەند قاسم محمد وتی :

— سەبارەت بە خوێندنی کەلەپور من تایبەتکاری خۆم هەیەو ئەم تایبەتکارییەشم

بڕوانە ل ٧

هەرچارەی نووسینێک

لە زۆر نووسین و دەمەتەقێدا ئەم وشانە دەبینین یا گوێمان لێیان دەبێ (بەڕای من — بە بڕوای من — بە بۆچوونی من ...) مەبەستیش نیشکرایەو ئەو ئەدیب و نووسەرە دەیەوێ بڵێ : ئەو باری سەرنج و بۆچوونەی خۆیەتی و جا ئیتر ڕاست بێ یا هەڵە مافی کەسی تری پێوە نیە ..

گەر بە وردی لەو ڕاو بۆچوونانە بڕوانین بۆمان دەردەکەوێ نە ڕای خۆیانەو نە لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی خۆیانەوە پێی گەیشتوون .. بەڵکە لە بنچینەدا ڕاو بۆچوونی زاناو فەیلەسوف و ئەدیبانی ترەو دەیانەوێ بە زەبری ئەو ئایدیۆمەیەی کە ناوی (بەڕای من)ە هەرچی هەوڵ و تێکۆشان و لێکۆڵینەوەی ئەوانە لێیان زەوت بکەن .

لێرەدا هێندە هەیە کە تەنیا دان بیانان و بڕواهێنانی نووسەرێکی لای خۆمانە بەو ڕاو بۆچوونانەی کە دووبارەی دەکەنەوەو گەر بەناوی خۆیانەوە نەیخەنەڕوو هیچ قسەیەکمان لەسەری نامێنێ و کارێکی زۆر ئاساییە .

ئەمەیان بەهەر حاڵ .. بەڵام هەندێ جاری تر بەناوی ئەوەوە کە هەر کەسە سەربەستە (ڕای خۆی) دەربڕێ و پێویستە سەربەستی کەس لەم ڕووەوە زەوت نەکەین .. کار دەگاتە ئاست و بەڵایێك کە هەرچی قیمە مرۆڤایەتیەکانە بەناوی سەربەستی بیروڕا دەربڕینەوە بێ شێل بکرێن .. کە ئەمەیان هەندێ جار دەگاتە ئەوەی بە جاوی سوڵك و بێ بەهاوە بڕوانرێتە ڕاستیەکان ..

کە ئەمەیان زیانبەخشەو جا نازانم ئایا هەر دەبێ بەچاوی ڕێزەوە بڕوانینە ئەو کەسەی کە دەڵێ دوو کەڕەت دوو دەکاتە حەوت ؟! .. بەڕای گشتمان . ئەو کەسەی بە ناوی سەربەستی ڕادەربڕینەوە ئەمە دەڵێ .. درۆ لەگەڵ خۆی و خەڵکیش دا دەکات ...

ڕەئوف حەسەن

جیهانی ڕەنگاوڕەنگ

باوەڕ دەکەی یانا ... !

لە ساڵی ١٨٢١ ژنێك بە ناوی (کاترین خادی بوجارت) مردو بە خاکیان سپاردو لە تەنیشت گۆڕەکەیداو لەسەر داخوازی کەس و کارەکەی ئەو کولە دارەشیان خستە چاڵ کە هەمو جارێك مێردە دڵڕەقە خوا نەناسەکەی لەسەر هەق و ناهەق دەستی دەدایەو لەشی ئەو ژنە بەستەزمانەی شل کوت دەکرد سەیر ئەوەیە ئەو کوڵەدارە وشکە پاشی دوو سێ ساڵ ڕەگی داکوتاو چرۆی کردو بوو بە دارێکی گەورە بەتەنیشت گۆڕەکەیەوە .. ئێستا دارەکە ئەوەندە ئەستوور بووە لە ڕەگەوە ناوەڕاستی گۆڕەکەی کرنۆتەوەو کردوویەتی بە دوو بەشەوە ... !

گولیش فێڵ دەزانێ !

لە سروشتدا هەزار جەشنە گوڵ هەیە لێرەدا باسی گوڵ و جەشنەکانی ناکەین بەڵکو باسی تەنیا گوڵێك دەکەین کە پێی دەڵێن — گوڵی ئۆرکید — ئەم گوڵە بۆ بەردەوام بوونی ڕەگەزی خۆی فێڵێکی سەیر دەکات فێڵەکەشی ئەوەیە کە دەتوانێ شێوەی پەڕەکانی خۆی بگۆڕێ و خۆی وەکو مێینەی مێشەنگ لێ بکات و

جۆرە بۆنێکی وا بڕژێنێ کە مێینەی مێشەنگ دەیڕژێنێ ئەویشی بۆ ئەوەی نێرینەی مێشەنگ بەسەریدا بنیشێتەوەو لەم گوڵیانەوە بۆ ئەو گوڵیان هەڵفڕێ و بەهۆی قاچ و باڵەکانییەوە تۆوی نێرینەو مێینەی گوڵی ئۆرکید تێکەڵ کاو بەو جۆرە ساڵ لەدوای ساڵ گوڵی ئۆرکید ڕەگەزی خۆی لە نەمان دەپارێزێ و لە پێناوی مانی ڕەگەزی خۆیدا ئەو فێڵ و زەعەلە لە مێشەنگ دەکات ...

تابلۆی شەهید

● پاکیزە زەنگنە

بە بۆنەی ڕۆژی شەهیدەوە، پێشانگایەکی وێنەی فۆتۆگرافی سازکراو زیاتر لە ١٤ وێنەگری لەوانەی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی عیراق کار دەکەن بەشداریان تێداکرد .

لیژنەیەك پێکهێنرا بوو بۆ هەڵبژاردنی باشترین سێ وێنە لە ناو ٥٠ وێنەی فۆتۆگرافیدا .

خەڵاتی یەکەم درا بە وێنەگر محمود علی حسن وێنەگری ڕۆژنامەی «الثورة» لە سەر وێنەی دوو جەنگاوەر هەڤاڵێکی خۆیان هەڵگرتووە

لە کاتی جەنگدا شەهید بووە .

خەڵاتی دووەم درا بە وێنەگر حسین حسون لەسەر وێنەی تەرمی شەهیدێك لەناو مەزاری ئیمام حسیندا .

خەڵاتی سێیەم درا بە وێنەگر فلیح لەسەر وێنەی شەهیدێك بەرەو ئاسمان بەرزکراوەتەوە لەسەر دەستی هەڤاڵ جەنگاوەرەکانی .

چاپکراوی نوێ

چۆلەکە پاساری

لە بەرهەمی شاعیری ناسراو مامۆستا کاکەی فەلاح کۆمەڵە شیعرێك بۆ منداڵان بە ناوی «چۆلەکە پاساری»یەوە لەم دواییەدا دەرچووە کە بریتیە لە (٢٣) شیعر بۆ جگەرگۆشەکانمان لە (٥٤) لاپەڕەی قەوارە گەورەدا .

دیاردەی سروشتی لە کوردستاندا

● کمال سعدی ●

هەموو شتێك لەسەر ڕووی ئەم جیهانە فراوانەدا پێشڕەوو لوتکەی لە نێو جۆرەکانیدا هەیە ،

باڕوانینە جیهانی دارو دارستانی ئەم کوردستانە ، ئەم دیمەنە بەشێکە لە وێنەی بیرەداری کەنار ڕووباری بێقمە کە بە (چنارەگەز) ناوی دەرکردووەو مێژووی بەقەد مێژووی مرۆڤەکانی ئەشکەوتی شانەدەرە . ئەوەی شایانی باسە بانو بەرینی ئەم پیرەدارە مەگەر بە گوریسی بپێورێ و بەرزیشی بەقەد بەرزی سێ دارتێلی کارەبایە .

لە هەموو شتیش سەیرتر ئەوەیە ، ئەم چنارە گەزە کەوتۆتە لێواری ئەو ڕووبارەو بڕگەکانی بەقەد بەرزی مرۆڤ بردۆتە ژێر خاك و لەبەهاردا دەبێتە ناوکی ڕووبارەکەو ماسیەکان شایی لەدەوروەدا دەکەن ، هاوینانیش دەبێتە سەرواری ئەم لێوارەو هەوارگەی کاروانچیە کوێستانیەکان . چونکە ئازێکی ساردی ددان تەزێنی لەنێو ڕەگ و ڕیشەکانیدا هەڵدەقوڵێ و گەرویان فێنك دەکاتەوە .

جا کەوابوو بۆ ناو لەو چنارە گەزە مەزنە نەبێتە — لوتکە — کە بۆتە لوتکەی بەرزی و مەزنی دارستانەکانی ئەو دەوروبەرەو مرۆڤ لەسەر لك و پۆپیدا وەکو دەنکە بەرووێکی شیرینی بڕکی دار بەڕووەکەیەتی .

شیعر بۆ منداڵان

مامۆستا

ئەحمەد قادر سعید

مامۆستا چرای زانینە
مامۆستا مەشخەڵی ژینە
مامۆستا پێشەوایە
ئەو هەڵگری ئالایە
تاریکی ڕێ لادەبات
بۆ نەزانین هەوڵ و خەبات
گوێ ڕایەڵیان . ژیری یە
ئازایی یە ، دلێری یە
لە ڕوانگەی مامۆستایە
لە ژیاندا ، گشت سەرمایە
بەرووتدا پێی دەکەنێت
کەمامۆستانەبێت ، نابێت

چیرۆك بۆ منداڵان

بابچین بۆ زەماوەند

گۆڕین و ئامادەکردنی نیازی مصطفی

ڕۆژێکیان گورگێك زۆری برسی بوو ، بەدوای نیچیرێکدا دەگەڕا وورگی خۆی لێ تێرکات ، پاشی ماوەیەك تووشی کەروێشکێك بوو لانەولانی دەکرد ، مرخی خۆی لێ خۆش کرد لە دڵی خۆیدا ووتی : « خوا ناردویەتی ، ئێستا ئەم کەروێشکە ئاسکە دەخۆم » ، کەروێشکە بچکۆلە ، لە نیازی پیرە گورك تێ گەیشت بیری لە فێڵێ کردەوە خۆی ڕزگار بکات ووتی :

— مام گورگ ئایا نەتزانیوە لەم گوندەی نزیکمانەوە شایی و زەماوەندە :

— نەء نەمزانیوە .

— پێیان ڕاگەیاندم کە گۆشتی بەرخی ئاسك بەبرژاوی لەو ناوە ئەوەندە زۆرە کەس نیە بیخوات ، من و تۆش بانگ کراوین، با ئەم هەلە لە کیس نەدەین .

— ئەوە بەڕاستە ، خێرا کە بابڕۆین .

بەدەم ڕێگاوە کەروێشکە بە مام گورگی ووت :

— کە گەیشتینە ئاوایی خەڵکە بە پیرمانەوە دێن مەترسە ئەوە عادەتیانە کە پێشوازی میوان بەو شێوەیە بکەن .

— نەزانم ، نەفام ، تۆ من فێری وێل دەکەی .

هەر کە نزیك بوونەوە ، کەروێشکەکە قریوەیەکی کرد:

— هۆی خەڵکی ئاوایی ئەوا مام گورگی ئاشناتان بە میوانی هات بۆ لاتان .

ئیتر جوتیارەکان بە تەور و تەوراس و بێل و پاچ و خاکەنازەوە بۆی هاتن ئەوەندەیان لێ دا نیوە مردوویان کرد .

کەروێشکێك بە دەم ڕاکردنەوە ئەیوت :

— دەبخۆ ئەوە دەردت بێ ، نیازتەوا بوو بمخۆی چونکە بچکۆلەو بێ دەسەڵاتم ، ئەی نازانی عەقڵ لە تۆ گەورە ترە

* * * * * * * * * * * * *

جیهانی منداڵان

دارا عبید

رائد یونس

نیگار سردار

سەعدون محمد

سمیرە عبید

هاوکاری
دەزگای ڕۆشنبیری بڵاوکردنەوەی کوردی
شەقامی الخلفاء، مەیدانی الخلانی تەلەفۆن ٨٨٧٥٧٩٥

Institut Kurde de Paris

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی و سەرنووسەر
مصلح مصطفی جەلالی

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری
التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە

لەم ژمارەیەدا
● دەقی وتارەکەی سەرۆکی فەرماندە صەدام حسین لەکاتی بەخشینی مەدالیای ئازادی بەکۆمەڵێک لەشەهیدە سەربەرزەکاندا لە ل٢ دایە ٠

پێنج شەممە ٢٩/١٢/١٩٨٣ ژمارە ٧١٨ — ٨ لاپەڕە — بە ٥٠ فلسە — الخميس ٢٩/١٢/١٩٨٣ العـدد ٧١٨

سەرۆکی فەرماندە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکات

لێکۆڵینەوەی هاوسەنگی دارایی گشتی و پلانی بازرگانی دەرەوە و رەنێوهێنان

پێری بەیانی بەڕێز سەرۆکی فەرماندە صدام حسین سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی فراوانی ئەنجوومەنی وەزیرانی کرد کە نزیکەی پێنج سەعاتی خایاند ٠

لە کۆبوونەوەکەدا لە هاوسەنگی دارایی گشتی دەوڵەت و پلانی بازرگانی دەرەوەو پلانی رەنێوهێنانی ساڵی ١٩٨٤ کۆڵرایەوە ٠

لەم کۆبوونەوەیەدا بەڕێز عزة ابراهیم جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش طـه یاسین رمضان جێگری یەکەمی سەرۆک وەزیران و طـه محی‌الدین معروف جێگری سەرۆک کۆمارو بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و هاورێیان ئەندامانی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست و بەڕێز سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمارو وەزیرەکان و ژمارەیەک لە کاربەدەستانە شارەزایانی ... سەر لە دەزگاکانی دەوڵەتدا ئامادەبوون ٠

جەنگاوەرانی سوپای ئازامان لە ئاسمان و دەریا و زەوی یەوە دەستی مەردانە لە دوژمن دەوەشێنن

هێزە ئازاکانمان بەردەوامن لە چالاکی مەردانەیان بۆ پاراستنی سنووری وڵات و بەرپەچ دانەوەی جەوجۆڵی چاوچنۆکانەی هێزەکانی رژێمی داخ لەدڵی ئێران ٠٠

لەماوەی هەفتەی رابووردودا هێزە ئازاکانمان زۆر جار دەستی مەردانەیان لە بنکەو مۆڵگاکانی دوژمن وەشاندوەو زیانی سەروو ماڵی زۆریان لێداون و ئەمەش لەو بەیاننامانەدا دیارن کە ماوەی هەفتەی رابووردو سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان دەری کردوون ٠

بەیاننامەی ژمارە ١٣١٨ مژدەی دەست وەشاندێکی مەردانەو سەرکەوتنێکی تری گەوزەی کەرتە دەریایی و فڕۆکە ئاسمانیەکانی راگەیاند بە ئەفروتونا کردنی ٣ نیشانەی دەریایی دوژمن و گەڕانەوەیان بەسەلامەتی و سەرکەوتووی ئەو هێزانەی لەم هەڵمەتە گەورەیەدا بەشدار بوون و ئاژانسەکانی دەنگ و باسی جیهان و کومپانیا دەریاییەکانی جیهان دانیان بەزیانەکانی دوژمندانا لەم رووداوەدا ٠

بەیاننامەی ژمارە ١٣١٩ رای گەیاند کە دوای ئەو دەست وەشاندنە ئازایانەیە، پاپۆرێکی یاریدەری دوژمن ویستویەتی نیشانە پێکراوەکانی رزگار بکات بەڵام هێزی دەریاییمان ئازایانە لەویش هاتە دەست و ئەفرو تونای کرد ٠٠

هەروەها لە ناوەڕاستی ئەم هەفتەیەدا قسەکەرێکی عەسکەری سەر لەنوێ رای گەیاند کە بەرامبەر بە بەردەوامی نامەردانەی دوژمن لە بۆردومان کردنی شوێنە مەدەنیەکانمان، دەبێ دوژمن بزانێ کە ئارامی عیراقیەکان سنووری هەیەو دەتوانین دەستی مەردانە لە هەر نیشانە یەکی دوژمن بوەشێنن کە دەمانەوێ و لە قوڵایی ئێراندا٠ دیسان قسەکەرەکە درۆو دەلەسەی دوژمنی بە درۆ خستەوە کە رای گەیاندبوو کوایە فڕۆکەیەکی ئێمەی خستۆتە خوارەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە تۆپە نەیارە شکێنەکانی ئێمە لە کەرتی میسان فڕۆکەیەکی دوژمنیان خستە خوارەوە ٠

هەر لەم هەفتەیەدا فڕۆکە هیلیوکۆپتەرەکانمان دەستی مەردانەیان لە بنکەو مۆڵگاکانی دوژمن وەشاند لە کەرتی بەسرەو راستەوخۆ نیشانەکانی پێکا ٠

دووەم دەستەی جەنگاوەرانی فەلەستین لە ئامێزی بەغدای شۆڕشدا

پێری دووەم دەستەی جەنگاوەرەکانی شۆڕشی فەلەستین گەیشتنە بەغدای بەغدای شۆڕش لە ئامێزی وەفاداریی و خۆشەویستی شۆڕشگێڕانەی گرتن ٠

جەنگاوەرەکان وێنەی سەرۆکی فەرماندە صدام حسین و یاسر عەرەفاتیان هەڵگرتبوو، هەموویان دەریان بڕی کە هەڵویستی نەتەوایەتی عیراق چاکترین پشتیوانی شۆڕشی فەلەستین بووە ٠ بەڕێزو شکۆوە باسی هەڵویستی سەرۆکی فەرماندە صدام حسینیان کرد لە بەتەنگەوەهاتنی شۆڕشی فەلەستین و رزگارکردنی لەو تەنگانەیەی بەپیلانی زایونی و دارو دەستە بەناو عەرەبەکان تووشی بوو ٠

ئەنجوومەنی ئاسایشی دەوڵەتان و مەسەلەی فەلەستین

سەرچاوەیەکی رۆژنامەنووسی لە کوەیتەوە رای گەیاند کە ئێستا کار دەکرێ بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی دەوڵەتان بڕیارێکی نوێ دەربارەی چارەسەری مەسەلەی فەلەستین دەربکات ٠

سەرچاوەکە دەڵێ ئەم کارە بە هاوکاری میسرو فەرەنساو ئەمەریکا دەکرێ بە بەرچاو خستنی پرۆژەیەکی تر کە پرۆژەکەی میسرو فەرەنسا نێهەبەرێنێ کە تائێستا رانەبەرێنراوە ، دیسان راگەیەنرا کە هەوڵ دەدرێ بڕیارەکە بەرەودان بێ بە بڕیاری ٢٤٢ کە لە ئەنجوومەنەکەوە دەرچووە لە قەڵلایەکی نوێدا بۆ هەنگاو نانی بەرەو پێشەوە ٠

سەرچاوەکە ئیشارەتی بەوەشداوە کە وەزیری دەرەوەی میسری کاتێ لەواشنتۆن بوو لەگەڵ حسن عبدالرحمانی نوێنەری رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین لەم مەسەلەیە دواوە ٠

لە کوەیتدا گرتنی هەندێ لە گومانلێکراوەکانی بۆمبا تەقینەوەکانی ئەم دواییە

کوەیت : وەزیری ناوەوەی کوەیت شێخ نواف الاحمد بڵاوی کردەوە کە وا چەند رۆژێ لەمەوپێش کاربەدەستانی ئاسایش توانیویانە ژمارەیە لەوانە بگرن کە گومانی ئەوەیان لێدەکرێ دەستیان هەبووبێ لە بۆمبا تەقینەوەکانی ئەم دواییەدا ٠

هەروەها وتی ئەمانە خراونەتە ژێر پرسیارەوە بۆ ئەوەی بزانرێ ئایا پێوەندییان هەیە لەگەڵ ئەو رووداوانەدا یانا ٠

ئەم وەزیرە کوەیتیە وتی پشکنینی هەموو ناوچەکانی کوەیت بەردەوامە بەشوێن هەموو ئەوانەی دەیانەوێ ئاشتی و ئاسایشی وڵات تێکبدەن ٠

رژێمی بریتۆریا شارێکی ئەنگۆلا داگیردەکا

لیشبۆنە : ئاژانسی دەنگوباسی ئەنگۆلا بڵاوی کردەوە کە وا رژێمی خوارووی ئەفریقا هێرشێکی گەورەی سوپایی بردوەتە سەر خوارووی وڵات و شاری کاسینگای داگیرکردوە کە ٢٠٠ میل لە سنوورەوە دوورە ٠

ئاژانسەکە بەناوی وەزیری دەرەوە ئینیاسیۆ دی‌مۆرا وە وتی ئەم هێرشە رۆژی پێنج شەممەی رابووردوو براوەتە سەر وڵات ٠

وەزیری ناوبراو وتی هێرشبەرەکان برێتی بوون لە سێ لیوای سوارو چوار دەستە تۆپ و هێزێکی ١٠٠ فڕۆکەیی کە بە دەوام خەریکی هێرش و بۆردمانکردنی نیشانە ئابووریەکان بوون بێجگە لە قوتابخانەو دێهاتەکانیش ٠

زایۆنیەکان تلیاک فرۆشن

پاریس - ٢٧ - رویتر - ئا - د - ع - پۆلیسی فەرەنسا ئەمڕۆ ئاشکرای کرد کە چوار زایۆنی لە کۆتایی ئەم هەفتەیەدا گیراون کاتێ کە بیاوانی گومرگ لە فڕۆکەخانەی ئۆرلی لە پاریس پێنج کیلوگرام هێرۆینی پێ گرتوون کە لە هەگبەیەکی ساختەدا حەشاریاندابوو ٠

پۆلیسەکە ئەڵێ کە دامید سویسەش گیراوە کە تەمەنی ٣٠ ساڵە کاتێ کە کەبشتۆتە ئەستەمبوڵ و ئەوانی کە لە پاریس گیراون ٠

هەندێ گۆڕان لە سەرکردایەتی پارتی کومیونیستی سۆڤیەتدا

مۆسکۆ : کومیتەی ناوەندی پارتی کومیونیستی سۆڤیەت ف ٠ فروتنیکۆف و میخائیل سولومنسیفی بە ئەندامی نووسینگای سیاسی پارتی کومیونیست هەڵبژارد پاش ئەوە ئەندامی پاڵێوراوی ئەندامێتی نووسینگای سیاسی بوون ٠

هەروەها کومیتەی ناوەندی لەو کۆبوونەوەیەدا کە لە مۆسکۆ کردی ڤلادیمیر شیربکۆفی بە ئەندامی پاڵێوراوی نووسینگای سیاسی هەڵبژاردو ئەی ٠ لیخاچۆفی بە سکرتێری کومیتەی ناوەندی پارتی کومیونیستی سۆڤیەت هەڵبژارد ٠

سەرچاوە سۆڤیەتەکان ئەم دامەزراندنانەیان بە کارێکی رێکوپێکی رووت دانا بۆ پڕکردنەوەی شوێنە پارتیە باڵاکان کە بە مردنی ئەرڤید بیلشەی ئەندامی نووسینگای سیاسی و شەرەف رەشیدۆفی ئەندامی پاڵێوراوی هەمان نووسینگا خاڵی بوو ٠

رژێمی خومەینی هەر خەریکی ئاشووبنانەوەیە لە دەوڵەتە موسوڵمانەکانا

کۆلۆمبۆ : رۆژنامەی دەیلی میرەری سریلانکی ئەوەی ئاشکراکرد کە رژێمی خومەینی چەند دەستەیەکی خۆکوژی ئامادەکردوەو ناردوونی بۆ هەندێ دەوڵەتی موسوڵمان بەتایبەتی بۆ ئەندونیسیاو مالیزیا ٠

رۆژنامەکە وتی وەزیری دەرەوەی ئەندونیسیا بە شێوەیەکی توندوتیژ رژێمی ئێرانی لەمە بێدارکردوەتەوەو وتوویەتی باڵیۆزخانەی ئەم وڵاتە دەستی کردوە بە بڵاوکردنەوەو چاپکردنی نووسراو بۆ تێکدان و ئاشووبنانەوەو تایەفەچیەتی لە ئەندونیسیادا ٠

رۆژنامەکە ئەوەیشی دووپات کردەوە کە وا راپۆرتی چەندەها دەوڵەتی ئاسیا رژێمی ئێران ئاوانبار دەکەن بە هەڵگیرساندنی ئاگری ئاشووب و وێرانکاری لە مالیزیاو بۆرمادا بۆ ناکۆکی خستنە ناو گەلەکانیان ٠

شایانی باسە تاوانی رژێمی خومەینی لەم بارەیەوە گەیشتوەتە وڵاتانی کەنداوی عەرەب و یۆگۆسلافیا بەناوی بڵاوکردنەوەی « شۆڕشی » ئیسلامیەوە ٠

ئێران
گرتنی پاپۆرێک لە پور سعید کە چەک و تەقەمەنی بۆ ئێران دەبرد

رۆژنامەی - الجمهوریەی قاهیرەیی بڵاوی کردەوە کە دەستەڵاتداریەتی بەرپرسیار لە شاری پور سعید دەستی گرتوە بەسەر پاپۆرێکی بار گواستنەوەی یونانیدا کە دەیویست بچێ بۆ ئێران و چەک و تەقەمەنی هەڵگرتبوو ٠

هەروەها وتی پاپۆروانەکە داوای کرد بوو کە لە نۆکەندی سویسەوە بڕوات گوایە باری ئاسایی هەڵگرتوە ٠ بەڵام کرێکارانی دەزگای ئامێنی دەریایی میسری زانیان کە ئەم قسەیەی پاپۆروانەکە راست نیەو رۆژنامەکە وتی ئەم پاپۆرە کە لەمیسرەوە هاتبوو بەرەو ئێران دەچوو دەستی بەسەرا گیراو ئێستا لەژێر لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوە دایە ٠

پاریس سێ ئێرانی گومان لێکراو دەر دەکات

سەرچاوەیەکی فەرەنسایی رای گەیاند ئەو سێ ئێرانیەی هەفتەی رابووردو راگەیەنرا کە گومان لێکراون و دەبێ لە پاریس دەربچن دەکران و ئەو شوێنەی ناوی لێنرا بوو (مەڵبەندی ئیسلامی ئێران) لە پاریس داخراو ئەمەش لەسەر خواستی وەزارەتی ناوخۆیی فەرەنسا جێبەجێ کراوە ٠

بارودۆخی لوبنان هەر ئاڵۆزە

بێروت - ٢٧ - ئاژانسەکان - پێکداهەڵپژانێکی تری گەرم لە هەموو دێهاتەکانی کەناردا لە ناوچەی خۆرئاوای لبنان لە نێوان میلیشیای کەتائیب و چەکدارەکانی حزبی پێشکەوتووی سۆشیالیستدا روویداوەو بێدەنگیەکی سەرجەمیش بەشی زۆری کەنارەکانی بەری باشووری گرتۆتەوە لەوکاتەوە کە گەیشتوونەتە ئەوەی کە دوێنێ تەقە رابوەستێنن ٠

لە لایەکی ترەوە تەقینەوەیەکی ترسناک لە خانوبەکدا بووە لە ناوچەی مرسەو زیانی نەبەخشیوە ٠ هەروەهاش یەکێ لە شوێنە سوپاییەکان لە ناوچەی شاتیلا سەرلەبەیانی ئەمڕۆ تووشی تەقە هاتووە٠

موخابەراتی ئەمەریکا لە قەزافی رازیە

کاربەدەستێکی موخابەراتی مەرکەزی ئەمەریکا کە ناوی جۆزێف شوزبایە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا رای گەیاندوە کە بالوێزخانەی ئەمەریکا تەقەڵلای کۆدەتایەکی بۆ هەڵگەڕانەوەی قەزافی حاکمی لیبیا پوچەڵ کردەوە لە رێگای گەیاندنی هەموو مەعلوماتێ بە حکومەتی لیبیاو وتیشی موخابەراتی ئەمەریکا قەزافی بە چاکترین پیاوی دەزانێ کە سوودی ئەمەریکا بپارێزێ ٠

غاندی لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکای سۆڤیەت دەدوێتەوە

لەسەر خواستی سەرۆکی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ، حاتو ئەندیرا غاندی سەرۆک وەزیرانی هیندستان لەگەڵ رونالد ریگان سەرۆکی ئەمەریکاو یوری ئەندرۆپوف سەرۆکی سۆڤیەت گفتوگۆ دەربارەی چەکداماڵین دەکات ٠ ئەم داوایە بۆیە لە غاندی کراوە بەو ناوەوەی سەرۆکی دەورەی نیستای وڵاتانی بێلایەنە ٠

تۆفان و سەرما لە ٤٦ شاری ئەمەریکا

ژمارەی مردووەکان بەهۆی سەرماو سۆڵەو تۆفانی بەفرەوە کە ئەمەریکای گرتۆتەوە گەیشتە ١٦٠ کەس زۆربەیان لە رووداوی سەرماو سۆڵەی رێگاوبانەدا مردوون٠

سەرچاوەیەکی پۆلیسی ئەمەریکی لە نیویۆرک راگەیاند کە ئەم تۆفانە ٤٦ شاری ئەمەریکای گرتۆتەوە٠

دەستەیەکی تری «تودە» لەبەردەم محکەمەی خومەینیدا

تاران - ٢٧ - رویتەر - ئا-د-ع- رۆژنامەی (کیهانی) ئێرانی کە بە شەو دەردەچێ بڵاوی کردەوە کە (١٣) ئەندامی تری بەرەی سوپایی پارتی کۆمۆنیستی ئێران «تودە» ئەمڕۆ لە محکەمەیەکی خومەینی لیبان برسراوەتەوەو بە تۆمەتی ئەوەی بۆ روخاندنی رژێمی خومەینی تەقەڵلایانداوە ٠

ئەمە یتنجەم دەستەی ئەندامانی حزبی ناوبراون کە لە بەردەمی محاکەمەی خومەینیدا بەو تۆمەتە تاوانبار ئەکرێن ٠

Institut Kurde de Paris

دەقی وتارەکەی سەرەکی فەرمانـدە صدام حسین لە کاتی بە خشینی مەدالیای

ئازایەتی بـە کۆمەڵێك لـە شـەهیدە سەربەرزەکاندا

لادێ بەقەدەر خوێنی رۆڵەکانی وەردەگرێ و .. شارێش بە قەدەر دڵسۆزی و ئامادەیی بۆ قوربانیدان

کاتێ کە دەڵێین بەشی هەژاران لە شۆڕشدا دەبێ زۆرتربێ بۆ ئەوەیە عیراقی‌یەکان بزانن ئەوانەی بە سەنگێکی تایبەتی‌یەوە بەرگری‌یان لە نیشتمان کردوە هەژارانن پێش خەڵکی تر .

ڕەنگە هەندێ کەس بپرسن بۆچی هەر ناوی رەنجدەران و ناوی کرێکاران ئەمونەو ئەبەن . بەڵێ عیراقی‌یەکان هەموو پیاوی چاکن و هەموویشیان بەم یا بەو رادەیە قوربانی‌یان داوە بەڵام خوا ئاگای لێیە کاتێ کە باسی ئەمەم خستە پێش‌چاو هیچ سەرژمێری‌یەکم نەکردبوو بەڵام لە ویژدانما خوێندوومەتەوە کە ئەوانەی لە هەموو کەس زیاتر ئامادەی بەرگری‌کردنن لە نیشتمان و خوێن بەخشینی زۆرن و لە پلەدا پێش ئەوانی تر کەوتوون جووتیاران و پاش ئەمانیش کرێکاران و ئەنجا عیراقی‌یەکانی تر لە شوێنەکانی تردا .

● بەشتان دەبێ گەورەبێ

کە وایە جووتیارەکان بەشی ئێوە لە شۆڕشداو ئەمەیش قەرزە بەسەرمەوە پێویستە گەورەبێ بە قەدەر خوێنی رۆڵەکانتان تا ئەو رادەیەی توانام دەبێ بۆ هێنانەدی ئەم بەڵێنە چونکە بە چاو بینیومەو بە دەستم لێ‌داوە .

ئێمە باسی هەژارانمان‌کرد هەرچەندە سوپاس بۆ خوا ئیستا کاروبارتان باشە لەبەر ئەوە راستتر ئەوەیە لەجیاتی هەژاران بڵێین جووتیاران و کرێکاران و لەمەولا بەشیان بەگوێرەی داب‌ونەریتی تازە دەبێ .. هەموو دێیەك دەستکەوتی بە قەدەر خوێنی رۆڵەکانی دەبێ و .. بەشی هەموو شارێك لە شۆڕش و دەستکەوتدا بەقەدەر ئەو وەفاداری و دڵسۆزی و ئامادەبوون بۆ قوربانیدانە دەبێ کە لە پێناوی بەرگری‌کردن لە عیراقی مەزندا پێشکەشی کردبێ و کۆمەڵایەتی هەر عیراقی‌یەك بەگوێرەی ئەوە نابێ کە باوکی چی‌بووە بەڵکو پلەی کۆمەڵایەتی تازەی دەبێ کە ئادەمیزادی عیراقی‌ی پێ رێزلێدەگرین لەبەر رووناکی قوربانیدان و خزمەتکردنیا بۆ گەل و لە پێشەوەی ئەوانەی کە پێویستە خزمەتگوزاریان پێشکەش بکەین ئەوانەن کە لە خەڵکی تر زیاتر پێویستیان بە خزمەتەو .. توێژە شۆڕشگێڕەکان و ئەو چینە کۆمەڵایەتی‌یانەی کە وەك ئێوەن لەپێشەوەی ئەوانەی کە پێویستە خزمەتیان بۆ ئاراستەبکرێ .

● شاری صدام .. حالەتێکی تازەیە

شاری صدام کە ئەوسا ناوی مدینةالثورة بوو تەکنیکی‌یەکان پێیان وتین چارەکردنی ئامادەکردنی خزمەتگوزاری بۆ ئەم شارە کارێکی ئێجگار گرانەو .. هەر وەك زەلکاوێکی گەورە دەمێنێتەوەو .. سەرلەنوێ دروستکردنەوەی سێ ساڵی دەوێ بۆ ئەوەی تەواوبێ بەو گیانەی کە ئیستا باسی لێ دەکەین وتمان نەخێر ئەم شارە ئەو شارەیە کە زیاتر پێویستی بە خزمەت هەیەو ئەنجا شاری ئەوانەی کە قوربانی‌یەکی ئاشکرایان داوە .

کە وابوو دەبێ بە پەلە کۆشش بکرێ بۆ رزگارکردنی ئەم شارە بۆ ئەوەی بخرێتە پلەی گەرەکەکانی بەغداو دانیشتوانی شارەکە ناویان بۆ هەڵبژاردووەو .. ناویان‌ناوە شاری صدام . هەرکەسێ لە کۆتایی ئەمساڵدا کە چەند رۆژێ زیاتری نەماوە سەر لە شاری صدام بدا خۆی لەبەردەم حالەتێکی تازەدا دەبینێ .. شارێکی رێك‌وپێك‌و بە یارمەتی خوا لەگەڵ کۆتایی ساڵی ١٩٨٤داو پێش ئەم مێژووەیش دەبێ بە شارێکی تازە بە هەموو مانایەك .. کە وابوو خەڵکی شاری صدام شایانی خزمەتن بەپێی پێویستی‌یان بۆی و چونکە بەرگری‌یان لە عیراق کردووە شایانینی .

جووتیاران و کرێکاران یەك لەدوای یەك .. لە قوربانی و لە ئامادەبووندا بۆ شەڕ بەم جۆرەم بینیوە نەك هەر لەم دەستەیەی خێزانی شەهیداندا بەڵکو لەو دەستانەی لەمەو پێشیشداو .. کاتێ کە ـ ئەگاڵ و مێزەرە ـ دەبینم سەیر دەکەم ژمارەی حالەتەکانی تر زۆرترە .. ئێمە ئەمە لە دڵمانا دەبینین نەك لە چاومانا و ئەگەر هەر بە چاو ئەمەمان ببینیایە نەدەگەیشتینە ئەنجامێکی باش بۆ خزمەتی عیراقی‌یەکان .

● سەربەرزکردن لە دڵماندایە

من ئەم سەرژمێری‌یەم کردووە پێش ئێوە دوو دەستەم بینی‌لەتەلەفزیۆندا دەرنەچوون بەڵام ئەم دەستەیە لە تەلەفزیۆندا دەردەکەون نەك هەر بۆ سەربەرزکردنتان .. چونکە سەربەرزکردن لە دڵ و دەروونمان و لە دڵ و دەروونی هەموو عیراقی‌یەکدا هەیە بەڵکو بۆ ئەوەی عیراقی‌یەکان ئەم سەرژمێری‌یە ببینن .. بەشی جووتیاران ببینن لە شەهیدبوون و قوربانیداندا بە خوێنی رۆڵەکانیان بزانن چەندەو .. بۆ ئەوەی بەشی کرێکاران لە شەهیدبووندا و لە قوربانیداندا بە خوێنی رۆڵەکانیان بزانن چەندەو .. بۆ ئەوەی ئەوە تێبگەن بۆچی گرنگی‌یەکی تایبەتی دەدەین بە خزمەتکردنی ئەوانە .

بۆ ئەوە نیە کە دەوری عیراقی‌یە دلێرەکانی تر زل یا کەم بکەین لە هەر شوێنێکدا بەڵکو ئەمە دەربڕینە بۆ ئەرکی سەرشان .. یەکێك ئاوی بیری هەیە لێی دەخواتەوەو ئەگەر یەکێکی تر ئاوی بیری نەبوو دەبێ بیرێکی بۆ لێدەین .. یەکێك ماڵەکەی نزیکە لە رووباری دەجلەوەو یەکێکی تر دوورە لە رووباری دەجلەوە پێویستە ئاوی پاکی پێ بگەیەنین و .. کارێکی وا بکەین ئەوەی ماڵەکەی لەسەر رووبارەکەیە باشی ئەو نۆرەی بێت

تکام وایە عیراقی‌یەکان لێمان زویر نەبن کە دەڵێین بەرهەمی جووتیارەکان بە شێوەیەکی باشتر هەڵسەنگێنین و بە نرخێکی کەم هەیفرۆشن ئەی دەڵاڵەکان و ئەوانەی تر .. با جووتیارەکان کیلۆی پرتەقاڵ بە (٦٥٠) فلس بفرۆشن . با بفرۆشن .. چونکە بە درێژایی تەمەنیان لە کڵۆڵی و هەژاریدا ژیاون و هەمیشە جل‌وبەرگی شڕوهوڕیان لەبەرکردووەو پێ‌خاوس بوون .. با ئەو ئەفەندی‌یەی کە لە بارێکی باشتردا دەژی لە باریان (٦٥٠) فلس بدا بە برا جووتیارەکەی بۆ ئەوەی ژیانی خۆشتربێ .

کاتێ کە نرخی مەڕومالات زیادئەکا خەڵك دەست‌دەکەنە هاوارکردن و دەڵێین زۆرە ئایا دەزانن گۆشت چۆن دێت و ئایا دەزانن چۆن مەڕومالات بەخێودەکەن و تووشی چ ناخۆشی‌یەك دەبن لەم بارەیەدا بۆ ئەوەی گۆشت بگەیەننە قەساب بۆ ئەوەی بە ئازەیی دەستمان بکەوێ .. هەندێکیان ئەمە نازانن .. ئەمەوێ ئەمە بزانن لە لافاوی ئەو خوێنە تایبەتی‌یەی کوڕە جووتیارەکانەوە . کە قانوونێك دادەنێین بۆ دابین‌کردنی کۆمەڵایەتی کرێکاران دەبێ بەرامبەر بەمە ئیش هەبێ نەك هەر قانوون یا نەك هەر ماف .

کاتێ کە بە زەوی‌یەکدا تێدەپەڕم و سەیردەکەم رووت و قووتە حەزدەکەم ئەو جووتیارە بخەمە بەر پرسیار کە زەوی‌یەکەی نەکێڵاوە وەك ئەوەی پێویستە ئەگەر باروودۆخی شەڕ نەبوایە ئەو جووتیارەی بە زەوی‌یەکەیا تێپەڕدەبم و تۆوی نەکردوە فەرمان دەزدەکەم بۆ ئەوەی بیدەن بە جووتیارێکی تر کە بتوانێ تۆوی بکا .

بەڵام ئیستا باروودۆخی شەڕ رێگەی ئەمە دەگرێ و دەڵێین کوڕەکانیان لەبەرەی شەڕدان لەبەر ئەوە زەوی‌یەکەیان تۆو نەکردوە بەڵام کە بە یارمەتی خوا شەڕ تەواوبوو لە بەرهەم دەکۆڵینەوە .

. بەرهاممان لێتان دەوێ و ئیشێکمان لێتان دەوێ خزمەتی عیراقی پێ بکەن و خزمەتی خۆتانی پێ بکەن بارتانی پێ چاك‌بکەن .. چونکە ئەم ئادەمیزادەی بەرهەمی نەبێ ناتوانێ باری خۆی چاك بکا .. داوا لە عیراقی‌یەکان دەکەین بە گشتی کە گوێ بدەنە جووتیارو کرێکاران چونکە سەنگیان ئاشکرابە لە بەرگری‌کردننا لە عیراق .

● سەرتان هەمیشە بەرز دەبێ

بەخێرهاتنی خیزانی شەهیدان و منداڵ و ژن و خوشکی شەهیدان و دایك و باوکی شەهیدان دەکەین .. بەخێر هاتنی هەمووتان دەکەین .. بە یارمەتی خوا سەرتان هەمیشە بەرزدەبێ و هیچ گومانی تیا نیە ئەگەر خوا نەکا عیراق داگیر بکرێ هیچ سەرێك بە بەرزی نامێنێتەوە بەڵام بە یارمەتی خوا ئەم دوژمنە دەبەزێنین ئەگەر قورسیشی چوار ئەوەندەی قەوارەی بێ .. بە یارمەتی خوا و بە پشتگیری عیراقیەکان ئەیانبەزێنین و بڕبڕەی پشتیان دەشکێنین و ئۆڵەکەی عیراق و خاوەوی عیراق هەر بە بەرزی دەمێنێتەوەو بە یارمەتی خوا ئاڵاتان هەر بەرز دەبێ و ئەوەی مافی ئێوەیە بە سەرمانەوە ئەوەیە کە هەر ئاڵاکە هەڵگرین بۆ ئەوەی نەکەوێ و هەر خەریکی خزمەتکردنتان بین بە یارمەتی خوا و بۆ هەموو عیراقی‌یەکان تا توانای ئەوەمان تیابێ خزمەت بکەین .

بەخێربێن بەسەر چاو بە یارمەتی خوا بە سەربەرزی دەتانبینین و لە پێشەوەی ئەو خەڵکانەوە دەتانبینین کە پێشوازی هێزە چەکدارە پاڵەوانەکە بکەن لە کاتێکی وادا کە دوور نیەو لە پێشەوەی خەڵکی‌یەوە خێزانانی شەهیدە بەوەفاکان .. بەخێربێن بەسەرچاو .

لە بروسکەیەکدا بۆ سەرەکی فەرماندە

کادیرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڵێنی وەفاداری نوێ دەکەنەوە

ئەندام و کادیرانی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگـای هەولێر بەڵێنی وەفاداریان بۆ بەرێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین نوێ کردەوە کە بەردەوام بن لە بەرگری کردن لە دەستکەوتە مەزنەکانی گەلەکەمان .

لەو بروسکەیەدا لە کۆتایی کۆڕێکی فراواندا کە لە هەولێر بەستیان ئامادەیی تەواویان پیشاندا بۆ قوڵکردنەوەی رەوتی شۆڕشی پێشکەوتومان و پێ‌شێل کردنی نەخشەکانی دوژمنان و ئەمەش دەقی بروسکەکەیە :

ئێمە ئەندامان و کادیرانی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەم کۆڕە فراوانەدا کۆبوویەنەتەوە جوانترین رێزو دڵسۆزی بۆ بەرێزتان دەردەبرین و بەڵێن نوێ دەکەینەوە کە بەرەو پێشەوە برۆین بۆ خزمەتی عیراقی مەزنمان بەئامانجی قوڵکردنەوەی رەوتی پێشکەوتومان لە سایەی سەرکردایەتی مێژوویی لێهاتوو تاندا و پێ‌شێل کردنی نەخشەکانی دوژمن و هەر بەرەمزی یەکێتی نیشتمانی و سەرکردەی رەوتی گەلی عیراقمان بمێننەوە .

ئامادەبووانی کۆڕی فراوانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر

لە کۆڕەکەدا هاوڕێ هاشم حسن سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان باسی لە لایەنەکانی پیلانەکانی دوژمن کرد کە داموو دەزگاکانی ئیمپریالی و زایونی و هەندێ بەکرێ گیراوو ئاژاوەچی ئەوانەی خۆیان بە بێگانە فرۆشتوە دەیگێرن بە ئامانجی زەفەر بردن بە شۆڕش و دەستکەوتە مەزنەکانی .

هەروەها باسی زیادکردنی بەشداری رۆڵەکانی گەلی کوردمانی کرد لە جەنگی شەرەف و ئابرودا کە وڵاتە تێکۆشەرەکەمان دژی هێزەکانی رژێمی ئێرانی داخ لەدڵ دەیکات و چاوکردنەوە بەرامبەر جموجوڵی نۆکەران و بەکرێ گیراوان کە دەیانەوێ کۆسپ بخەنە بەردەم رەوتی شۆڕشە سەرکەوتوەکەمان و سەرکردایەتی بەرێز سەرەکی فەرماندە تێکۆشەر صدام حسین .

ئەمەو لە کۆڕەکەدا هاوڕێیانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و کادیرە پێشکەوتووەکان بەشدار بوون .

جەماوەری کوردستان خۆشی خۆی دەردەبڕێ بەرامبەر بە گرنگی دانی سەرەکی فەرماندە بە کرێکار و جوتیاران

بە تەلەفۆن لە رەفـانعیسی‌وە ـ لقی دهۆك‌ی د.ع

بە بۆنەی ئەو قسانەوە کە بەرێز سەرەك صدام حسین بۆ خێزانی شەهیدەکانی کرد لە رۆژی ٢٤ـ١٢ـ١٩٨٣ سەبارەت بەدەوری کرێکاران و جوتیاران لە شەڕی قادسیەی صدام‌دا لە کاتی بەخشینی مەدالیای ئازایەتی لە یەکێتی کرێکارانی پارێزگای دهۆك سەر لە بەیانی ٢٦ـ١٢ـ١٩٨٣دا کۆبوونەوەیەکی جەماوەری‌دا .

لە هاوڕێیان رازگری نهێنی سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی سەرکردەی شوعبەی دهۆك و هاوڕێیان ئەندامانی سەرکردایەتی شوعبەی ناوبراوو سەرەکی بەڕێوەبەرێتی و رێکخراوە پیشەیی و سەرەکی بەڕێوەبەرایەتی‌یەکانی پارێزگاکە ئامادەبوون جەماوەرەکە لە هاوار و قسەکردنیاندا خۆشی خۆیان دەربڕی بەو بایەخەی بەرێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین بە نیقابەی کرێکاران و جوتیارانی داوەو لەمەدا سەبارەت بە دەوریان لە بەرهەمدانی زیاترو دووبارە ئەودەورەیان کە هەیانە بۆ بەرگری کردن لە خاکی نیشتمان . بەرێز عبدالقادر مصطفی عەزوزی سەرەکی یەکێتی‌یەکە بەو بۆنەیەوە قسەیەکی کردووە لە کاتی کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەکەدا ئەو جەماوەرەی کە کۆبوونەوە بروسکەیەکیان بۆ بەرێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین بەرزکردەوە .

ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە یەکێتی نیقابەکانی کرێکارانی هەولێر کۆڕێکی بۆ کرێکاران بەست سەبارەت بەشی کردنەوەی مەوداکانی قسەکانی بەرێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین کاتێ کە مەدالیای ئازایەتی بە خێزانی شکۆدارەکان ئەبەخشی .

لە کۆڕەکەدا کە لە هۆڵی یەکێتی‌یەکە بەسترا لە پارێزگاکە دەمەتەقێی دەوری کرێکاران کرا دەربارەی بەرزکردنەوەی پلەی بەرهەم لە هەموو روویەکەوەو بەشداریان بۆ بتەوکردنی شەڕی شەرەف و شکۆداری کە وڵاتەکەمان دژی رژێمی ئێرانی داخ‌لەدڵ ئەیکات .

لە کۆتایی کۆڕەکەدا بەشدار بووان بروسکەیەکیان بۆ سەرەکی فەرماندە صدام حسین بەرزکردەوە تیایدا وەفای خۆیان تازەکردەوە کە جەربەزبازی بەوەفابن بۆ بەرگری کردن لە دەسکەوتەکانی شۆڕش و حزبی سەرکردە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست .

Institut Kurde de Paris

شوێنەواری مێژوویی :
ئەشكەوتی شانەدەر لە مێژوودا

غفور میرزا كریم

نوسین لەسەر ئەشكەوتی شانەدەر خەرمانێ لەباس و خواست ئەخاتــه بــەردەم رۆشنبیرانی كورد كەبێ گومان ئەیان هاوێژێتــه ناو دەریای ئەندێشەی بیركردنــەوەی جۆراوجۆر كــە بەچەشــنێ سەرو مێشكیان دائەگرێ و دڵودەروونیان دائەهەژێنــێ كەهەریەكە لەوان كە نازانــی لەچ كەلەبەرێــــك یــــا دەروازەیەكەوە بۆ ناوقولابی باسەكە بچێت ، تاله هویــه مویەك بكاتەوە ، لە كلافــەی بیریدا تالێ هەڵبژێــری وەبیخاتە سەر لاپــەرەی كاغەزێك بەدیاری پێشكەشی بە خوێندەوارانی بەرێــزی بكات .

جا لەبەر نــەبونــی ئەرشیفی كوردی ، وەكەمــ كەرەســەری ، ناچــار رۆشــنبیرای كــورد بــۆ باس كردنی لێكــدانــەوەو لێكۆلینەوەی مێــژووی شوێنەوارەكانی كوردستان ئەركێكی گەورەو گران بخەنە ئەستۆیان تا بتوانن بــە دروستی .. ئەم شوێنەوارانە بنرخێنن وە لەچوارچێوەیەكی زانیاری مێژوویدا بیخەنــە بەردەستی خوێندەواران .

ئێمە لێرەدا هەر بەركۆلی لەسەر ئەم باسە ئەكەیــن ولێكۆلینەوە كەمان بەپــێی توانای لە ئارالۆدایــــەو وەسەروێیەو بەس . لەپلەو قۆناغێكی تایبەتی مێــژوودا ئادەمیزاد بەهۆی هێرشــو هەلمەتی بەفەرو تەرووتوشــی وەبیشومەی بێئامانــــی سروشتەوە لە ئاســـتی زەبروزەنگی باووبورانی بــێ ئارامیدوە بەناچاری وازیان لە چیاو دۆلو دەشتەكان هێناو وەلەپێناوی درێــــژەدان و گوزەرای یان و دابین كردنــی مافی یان لەســــەر ئــــەم سەرزەمینە چارەنوس كردنی ژیانی دوارۆژیان ئەشكەوت و كەدبلەكان و دارستانەكانیان كرد بەبەلیەندی ژیانی یــان هەوارگەی نیشتەجــێی و مانی یان . شیاوی باســه ئادەمیزاد لەم هەوارگــــه تازەیەیاندا هەموو كاروبارێكی كۆمەڵایەتی ژیانی یان بە چاكی ئەبرد بەرێوە .. هەرچی یان لەو دارستانە بەراو كردن بــێ یان بەكۆكردنەوەی بەروبومی سروشتی دەست بكەوتاویــه هەموو پێكەوە بێمن و تــۆ تۆرمی ئەیان خوارد ، ئــەم چەرخە لەلایەن لێكۆلینەوەزان بشكنینەزان و مێژووناسانەوە بەدەوری كۆكردنەوەی خۆراك ناوئەبرێ چونكــــــه ئادەمیزادی ئەم چەرخــــه لەپلەی خۆراك خــــواردندا بوون بەس .

واتە هەر بەسەر سروشت و بەرهەمەكانی یەوە ئەژیــان ، بەواتایەكی تر هێشتا ئادەمیزاد پێی نەنابوە ناو پلــــەی كشتوكال كردن و ئــــاژال بەخێوكــــردن و ژیانــــی كۆمەلایەتی جۆراوجۆر ، یانی نەچوبۆە پلەی بەرهــــەم ـ دروست كەریەوە (القــوه المنتجه) .

ئەشكەوتی شانیــــدەر لەناو ئەشكەوتەكانــــی كوردستاندا جێگاو شوێنێكی دیاری كراوی وەرگــــرتووە وەبەیەكێك لەو شوێنەوارە مێژوییە گرنگانە ئەژمێررێ كە لە بوارێكی تایبەتی مێــژوودا دەورێكی بالاو مەزنی لەمانەوەو پاراستنی رەچەلەكی مــرۆڤ و درێژەدان بە ژیانــــــی و دابین كردنی چارەنوســــی دوارۆژی نواندوە وەگێراوە . سنگداكوتانی ئەشكەوتــی شانەدەری لە پاوەش چیــاو كەژەكانی كــــوردستاندا نیشانەی مرۆڤی كۆنــــی شەست هەزار سالی ئەخاتە روو ونمونەیەكی رەقــی تر لە گرنگی ناوبانگی و مێژوویی یەبالای .. ناوچەی ئەمرۆی، رەواندوزدا ئەبری سالەهــای سال ئەم ئەشكەوتە لەلایــەن خێل و هۆزە كۆچەریەكانــی كورد هاتوچۆی لەگەرمیانی و كوێستانی یاندان ، یاخــود دانیشتوی ناوچەكــه بــو دانیشتن بەجێهێنانی كاریان یابۆ تێكردنی مێ گەلەكانیان هێناوە ، بێئەوەی شــتی دەربارەی ریشەی كۆنــــی وەســەرگوزەشتەی مێژووری پەیدابوونی بــزانــن .. تاوەكو شووێنەوارێكــــی مێژووری ژیانگایەكــــی بــاو باپیریان میخوێنــــــەو رێزیگرنگـــــی لێبكــرن وبینرخێنن .

بشتكنینەزان و زانایانــی رۆژئاوایی بەتایبــــەتــی نێرراوانی زانكۆی مەشیكانی ئەمریكــی لە ســـالی ١٩٥١ دەستیان بەهەلكەنــــدن و بشكنین ئەم شوێنــــــەوارە مێژوویه كرد وەبــۆ هەوەل جار پەردەی نــــەزانیــن و نەهێنیان لەرووی مێــژووی ئەم ئەشكەوتە هەلدایەوە وەزۆر شووێنەواری كۆنیــان تیایا دۆزیــــەوە كەیــــوە بەسەرچاوەو بەلگــــه بــۆ دڕێنی ئەم ئەشكەوتـــــەوە

ژیاننامەی مرۆڤ .

شیاوی باسە ئەم نیرراوانە لە كاری پشكنینی یاندا تــا سالی ١٩٦١ هــەربەردەوام بون كە بەهۆی كۆششــــی بەرفراوانی یانەوە ئەشكەوتی شانەدەر دەوری گرنگــی لە كاروانی مرۆڤایەتی وەرگرت ناوبانگی ناوچەكە ..گەیشتە سەرتاپای جیهان نێرراوەكان دەلێن : درێــــژی ئــــەم ئەشكەوتە ٤٠ مـــــەترە بەرزاییەكەی ٨ مەترە یازنەی دەرگاكەی ٢٥ مەتــــرە ، ئەشكەوتەكە ئەكەوێتە نزیــك چیای برادۆست ئەرەوانێــــت بەسەر زێ گەورەدا وەلەنزیك ناوچەی شانەدەرە كــــــه ناوچەیەكە لە رەوانــدوز . ئەوەی تا ئێستا ئاشكرایوە چوار جین یان لە ئەشكەوتەكە هەلكەندوە، زۆر شووێنەواری مێژوو ییان تیایا دۆزیوەتەوە، دۆزینەوەی ئیسكو پروسكی ئادەمیزادی كۆن لەگــــەل ئێسكی ئاژاله كیویــــەكان ئەوراستیەمان بۆ ســـــاغ ئەكاتەوە كە ئەم ئەشكەوتــه لە بوارێكی مێژوویی گرنگدا دەوری تایبەتی لە كاروانــی بەرەوپێش چوونی مرۆڤایەتی دا نواندوەو وەبۆ ماوەتــەوە پاراستنی مرۆڤی سەرەتاری دەوری بەرد جێدەستێكــی بالای گێراوە .

پاش ئەوەی گەردوون لــە دەوری سەهۆل بەنــدان باوو بورانی قر لە مرۆڤ خستن دەرچو دەگۆرانــكاری تازە گونجاو لەگەل پێشكەوتنــی مرۆڤدا بەسەر سروشتدا هاتە كایەوە دەرگای گــەورە بۆ پێش كەوتنی ئادەمیــزاد لەهەموو روویەكەوە خرایــه سەر پشت بۆیە كاروانــی ئادەمیزاد لەم بارودۆخــــه نوێیەدا لە ئەشكــــەوت و كەویلەو دارستانەكانــــەوە بەرەو چیاو دوول و پێدەشت بۆ گوێ وزێی روبارەكـــان رویشتن وەبە هێزی بــازوو بیری تیژی بــەرەو دەوری كشتوكال و راهێنانی ئاژالوە نیشتەجێ چونەوە وەپێنایە قۆناغێكی تــری كاروانی پێش كــەوتن و شارستانی ترەوە . لــــەم پلــەو قۆناغــی تازەیەدا ئادەمیــزاد دەســتی بەبنچینەدانانی خانــــوبەرەو دێهات دروستكردن كرد .

بروانە ل ٧

بۆ هاورێیەكی مەهابادی

عمر میراودەلی

ئەی هاورێكەم
بەم مانگی رێبەندانە ...
بەم بەفرو بارانە ...
پەنجەی وورەت
لەگۆ نەچووە ..؟!
دیارە عەشقێكی پەروانەیی
لە دلە بچووكە گەورەكەتدا ..
جێگیر بووە .
دیارە بیری بۆنی
وەنەوشەی ئازادی و
گەیشتن بە ئاسۆی ..
دووری نزیك
تۆی لە بەختیــاری و حەسانەوە
بێبەش كردووە .

× × ×

ئەی هاورێكەم
مندالەكانی مهاباد ..
لە زامەكانت
گۆرانی نوێ
فێردەبن .
لەشەوی ئەنگوستەچاوا
چرای ئازارەكانت
پێ دەكەن و
كام شوێن
دوێنێ لایان پێواربوو
ئەمرۆ
پێی ئاشنادەبن .

سێ تابلۆ

شیعری : سەلام محەممەد

-١-

كە توورە بووی ..
بە پێش تۆری چاوەكانما .. ئەفرێت
بەرەو ئاسمان ئەرۆی
لە شەوانی تەنیاییدا ، مانگ پێم ئەلێ
دلدارەكەت بۆتــــە كۆتر ..
هێلانەكەی ،
بە تەنیشت تەختی خواوەیە
وەرە خوارێ .. ئەی كۆترە تۆراوەكەم
ئەترسم خوا لە ئاسمانا عاشقت بێ و
منیش لەسەر زەمینێكی
چۆل و وشك و جێهێلراوو پر تاوان
ئاوی گونام .. بخۆمەوە

-٢-

لێزمە وردەكەی بارانی
نیوە شەوانی كەركووكت بینیوە چۆن
لەبەر تیشكی رەنگاورەنگا
چەشنی رشتە مرواریەك ، سەما ئەكات
منیش ئاوا ، لە دوورەوە ..
هەزار پرۆژە دائەنێم
ئەگەر هاتم پێتی بلێم ..
بەلام كە دێم ..
هەمووم لە بیر ئەچێتەوە ...

-٣-

زۆردارێكی دەسەلاتدار
تا دوا دەمار . .
چەقۆی تیژی ، نایە ملی
منالێكــی رووت و هەژار
دل رەقانە ، كەللەی سەری جیاكردەوە
دایە بەر شەق و وتی : گۆل !
«گیانە .. دونیابە ، دونیایە
هەتا بلێی بێ وەفایە ..»
دەسا پێش ئەوەی خەنجەری درندەیەك
بما نگاتێ . .
بێنە ماچێ ..

محمود زامدار

هاوەدەنگی ... !

لەقەوارەیەكی شیرین و خاكی و جوانكیلەو بە (٦٦) لاپەرەو لەدوا ساتەكانی سالــی رابوردودا ، دەستــه خوشكی ئەدەبی بێگانانو بەرهەمێكی بەپێزو بە ناوی (هاوەدەنگ)ەوە هاتە نێو دنیای چاپەمەنی كوردییەوە.

ئەم پرۆژەیە ـ ئومێدەوارین بەردەوام بێت ـ چەند بەرهەمێكی هەلبژاردەی دەستە لاوێكــــی خوێنگەرم و بەهرەداری هەولێرەو لەم بانیژەیــــەوە تەماشای دنیای سەوزو جوانی وشەی شیرین ئەكەن و دەنگیان بەرز ئەكەنەوەو خۆیان و زادە مەست و هونەرو بیریان بە كۆمەلانی خەلكی كوردستان ئەناسێنن .. لە هەمان كاتیشا ئەبكەن بە كلیلەو پشكــــەی رازە قوولەكانی خۆیان و خودی مەلایساوی هاوچەرخانەیان تێرا لە زاخ ئەدەن و بەسەر سەدەیەكیش بــۆ جۆرە هەناسەدانێكی پاك و تایبەتی و پێنگاف هەلێنانێكــــی تر ...

پرۆژەكە ـ بەپارەی گیرفانی ئەم دەستەبــــە جێبەجێ كراوە ـ و پلانەكەیشی خراپ نیەو بریتییە لە : (٩) چامەو شانۆنامەیەكی دووپەردەیی و پەخشانە شیعرێك و (٢) دوو چیرۆك و ئەم خوشك و برایانەی تێدا هاوەدەنگن :

(رۆستەم باجەلان ـ سەباهەت تاهیر ـ ئازاد حەمەشریف ـ ئەنوەر مەسیفی ـ نەوزاد رەفعەت ـ قاسم شێروانی ـ فەرهاد پیربال ـ محسن ئاوارە ـ جەلال بەرزنجەیی ـ هاشم سەراج ـ سەلاح عومـەر ـ عباس عبداللە یوسف ـ نەژاد عزیز سورمــــێ مولود ابراهیم حسن ...)

ئەوەی شایانی باس و سەرنجدانیش بێت :

بە رەهەمەكان هەر هەموویان رەسەنن و لە ژان و هەژانێكی كوردانەو خۆمالیانەوە هەلقولاون .. لــــە هەمویش سەرپەرتر ئەوەیە كە : دەنگێكی رەسەنــی ژنان ، دەنگی (سەباحەت تاهیری) خوشك و هونەرمەند لە دوو تابلۆی جوانا خۆی ئەنوێنێ و بەهێــــزو هەرەنگێكی تازەوە دێتە بەر میكرۆفۆنی ژانگرتووی شیعرەوەو ئەچریكێنێ :

نیومشەویك پرچەم لە برینێكاپێچاو
نامۆو سەرگەردان رۆیشتم

تا گەیشتمە سێبەری شاخێك و لێی نوستم
خەوم بینی ...
فەرماندەی تیپێك بالندە بووم
لە خەوما بوو !
ئەوەی ئاسن بوو نەمابوو
باروتی دنیا رژابوو
ئازار توشی سەرێشەی تاراوگان بوو بوو ،

نیازخوازین ئەم پرۆژە خنجیلانەیە جێگــــەی شایانی خۆی بگرێت و لە پاشەرۆژێكی نزیكیشــا ببێ بە ئەزموونگەیەكی فراوانی تاقیكردنەوەی گشت خامە بەدەست و بەهرەدارێكی ئەم نیشتمانـــــــه سەمەندەرە ...

لە ئەنجامیشاو لەگەل پیرۆزبانی و پەنجەگوشینی یەكەی ئەو لاوە دلسۆزانە ئەلێم : خۆزیا دەنگــه رەسەنەكانی تری هەولێر ـ بەتایبەتی پێشرەوەكان !ـ لەم پرۆژەیەدا بەشدار ئەبوون و خۆزیا قەوارەكەی سێ ئەوەندەی ئەم ژمارەو بەشە ئەبوو .. خۆزیـا لەتەك بەرهەمی هەر نووسەرێكیشا ژیاننامەو وێنەیەكی بلاو ئەكرایەوەو خۆزیا لێكۆلینەوەیەكی بەپێز لەتەك ئەم بەشەدا ئەبوو .. خۆزیا بەشدارانی چیــرۆك زۆرتر بوونایەو خۆزیا چەند خوشكێكی تری غەیری سەباحەت خان بەشداریان تێدا ئەكردو خۆزیــا ناوەكەشی ئەگۆراو ناوێكی شیاوتری بۆ دائەنرا .. خۆزیا .. خۆزیا .. خۆزیاو بەلام ..!! هـــەر چاوەنۆرین .

كەلەپور

كونەڤ

★ـ هەكە ژدوبرڤــــەهێڤكەینە تورێ زارۆا ، بو مە وەسا دیارو خویا دبیت ئەڤە دەرگەهە بساناهــــی ترین و سڤك ترین رێكە بــو نڤیسینێ ژبەركو نڤیسین بو زارۆا دڤێ سادەو بساناهــی بیت .

● عبدالرحمن نقشبندی

لێ ئەڤ هەست و هزركرنە نە دچارچوڤێ خویـــــــێ زانستی دانە . جنكو راستــه تورێ زاروكا دڤێ ســادەو بساناهی بیت ، لێ جیهانــا زاروكی و هزرو بیرێن وی و ڤیان و ئەڤیا نێن وی هــندێ بێژی بگرێ نەو بێشـــــــك كوزیشكن . ژبلی ڤێ ماتــی زێكرنا بچویكی كارەكێ گەلە مەزن و بسەهمە . چنكــــو چەوا تو بخودان كەی چــەوا هوی كەی هەكو دبیتە مێرو مەزن دبیت وەسا دێ هـوی بیت . ژبەر هندێ گەلە جارا دێ بینین مروڤەك پێ مەزن و پێ هندێ یە بكاریت بخــو بژیت و تشت بیت دجڤاتــا خــودا . ، دێ بینین بــێ دەسەلاتە نەشێت دگەل جڤاتا خو بژیت و باوەری بخو نینە، سوێجا ڤێ چەندێ بێ خش دایك و بابن تان ئەوێن ماتــی ژێ كری . دیسا تـــورێ زارۆا وەزیفێ وی هەر ئــەو نینە پاشە روژێ بــو زارۆی ڤەوژێریت و مروڤەكــێ وەج بیت دجڤاتا خودا . بەلكــی تورێ زارۆا وەزیفێ خویــا گافێ ژی هەیە . یانی ئــەو ژێ زارۆ تێدا ، ڤێجا چ ژیی بیت لوی ژی وەجەكێ بخــو ژوی تورەی ببینیت . بكورتی تورێ بچویكی دو وەزیفــن بنەرەتی هەنە . ئێك نهــو وەجێ ژێ ببینیت و یــێ دوێ پاشە روژێ . ژنــوی زڤان هەردو وەزیفا چــەقە تا ژێ دچن گانێ هـــــەر رەنگــەكێ ئەدەبــی بو چ وەزیفە بكار دهێت . ئەكــو هەر (تور) دڤێ ئــەڤ هەردو وەزیفە هەبــن بەلكی دڤێ خانكەهێ ژی ئــەڤ هەردو وەزیفە هەبن ، لــێ مخابن خاندنكەهێــــن مەو ئاوایێ دەرس گوتنــــێ پویتەی بوەزیفێ ئێكــــێ نادەن كو (نهو) دڤــــێ ئەو خاندن وەجەكــــێ بدەتە قوتابی . بونمونــــه هەكە قوتابیەكی پرسیارەك ژسەیدایێ خو كرو گوتــێ : سەیدا بوچیــیە ئـــــەم دخوینوین ؟ دێ چ وەج ژێ وەرگرین ؟ بێخش بەرســڤا سەیدای دێ ئەڤەبیت) كورێ من دا سوبەهی ببیە مێــرو بخو بزانی . ئان دێ سوبەهی ئەڤ خاندنە بوتە بیتە وەج . (سوبەهی) گەنكــی زارۆ هەتاكو ئەڤ بەرسڤە بــو ببیتە پالدانەك كو بخوینیت .

زارۆ (ژســــوبەهی) ناترسیت ، ژبــەركو ئــــه خوشی و تەنگاڤی یێن ژینێ نەدیتینەو نزانیت چنە . ئەو لهزرا وی نینە كو (سوبەهی) دێ مینتە برسی و دەستێ خو لبەر خەلكێ ڤەگربــت ، هزرا سوبەهی دكــــەت .

بروانە ل ٧

شێخ سەعیدی جزیری شاعیرو سوفی مەلا ئەحمەدی باتەیی

رێكخستنا عبدالرقیب یوسف

شیخ سعید كورێ حسین كورێ حاجی علی كورێ جانگیرە د باژێرێ جزیرا بوتاندا ژدایك بویــه د سالا (١٢٩٠ك = ١٨٧٣ـ١٨٧٤ز)دا .

د شاری جزیردا خوەندییە لێ ئەم نزانین ل نك چ سەیدایەكی خوەندییە بەلێ ئەدورە یەك ژ سەیدا یێن مامێ وی (ملا محمد بشیر)بێ یێ كو زانایەكــی گەلەك باش بو وملا عبدالسلامێ جزیری ـ ژی ل نــك خوەندییە وئیجازا مەلایەتی ژی وەرگرتییــە. (١) ئەدورە شیخ سعید لە كوردستانا باشــوری دا ژی خوەندبی چونكە هاتییە بو هەورامان ومدەهەكی ل نك (شخ حسام الدین)ی تەویلە (طویلە)ی مایە وكەتیــه (خلوەتی) وخەلیفەتی ژی وەرگرتییە هەروكو شیخ سعیدی كورێ عمری باژاری یێ كو خەلكی جزیرییەو/ وبرادەرێ شیخ سعید بویە خەلیفەتی ژ شیخ حسام الدین وەرگرتییە ئەدورە پیكڤە ژی هاتبن هەورامان .

شیخ سعید زڤریە بو جزیرێ وشیخاتی كرییــه هەتا كو دسالا (١٣٣٢ك = ١٩١٤ز)دا كوچــی دوایی كرییە وگوراوی د حوجرەیەكی دایە د فریەفتەكیدا یاكو دكەڤی (مەحەلا طورێ) د روژهلاتا (مەدرەساسور)

ئەڤ مزیەفتە ب ناڤێ ڤێ پێدبێــــژن «مزیەفتا شیخ سعیدێ مەجزوب»و هەروها «مزیەفتا شیخ سعیدێ مەرحوم» ورەوی ئەڤ مزیەفتە دكەڤــێ باكور یانی دكەڤی (چیاێ دێرا).

شیخ سعید سوفی یە جێل بو گەلەك وەختێ خۆدا (اعتكاف) و خلوەتێدا دبوراند دبێژە جارێك یەك سالی تمام د خلوەتێ داما هەتا ناڤ و بانگی بلاڤ بـــوە ب شیخ سعیدی مەجزوب (مجذوب) .

شیخ سعید كتێبەك د (تصوف)یدا دانییە ب ناڤێ «مختصر السلوك»ڤە .

ژ غەیری سوفیاتیێ شیخ سعید مەجروب گەلەك حەز شعرو ئەدەبێ كرییە دبێژن دەنكێن دیوانا مەلایێ جزیری ـ كێم بون شیخ سعید هندەك دەنك ژی دانــه نڤیساندن .

شیخ سعید دیوانەك یا شعرێ هەیە دەنكاوی ل باژارێ جزیرێیە (١٠٥) روپەرە ژ (٢٦٠) هەلبەستان (قەسیدەیان) پێك هاتییە بیشیاوێ ب ڤان مالكــــان دەست پێدكە :

نوایا حطربێ عشقێ لمن خوندە دفو نایــــی
ژ فضلا خوە ورە ساقی بشربێ می صبح گاهــی

دیوانەكە ب خەتی فارسی یان مەیتە فارس هاتییە نڤیساندن ئەدورە ب خەتی خودانی دیوانێ بــێ و د كوردستانا باشوری یان بیژن لە هەوراماندا شیــخ سعید عەلیبی ڤی تەخلیتی نڤیسنێ چونكە لوێ دێ بلاڤبو ول جزیری ئەڤ تەخلیتە خەتە بلاف نەبو یان بیژین گەلەك ناڤی نڤیسەڤان و میژوا (تاریخا) نڤیسینا وێ لسەر نینە . ئەڤە قەسیدەیەكە ژ دیوانــاوی ب ئملایا تازە :

دیسالە (رابویا؟) ئەڤین ئەی با نەسیم پەردێ
هلین بكا ل سەر دیمێ زمرین رسواكرین حق الیقین
تەنها نە ئەز رسوا هەمە در صبحی (لست) رسوا
هەمە دمر حكمەتا شەرخا(٢) كەریم بوبو نصیب حبو ئەڤین
حبو ئەڤینا صور گولی بریە عەقل ژڤی بلبلــی
هوشێ (سعید)ی هوشمەند ئاڤێت ئەڤینا عشقێ (زین)
(زینا) ل باغی میرەكان(٣) شادو خورەم وەك بلبــلان
ئاگاه مەدی مەیزایە (زین) راكر ژ دل هوشی شیرین(٤)
ئاواز پەروازێ ئەڤین دەركەت ژ برجا سونبولیــــن
ئاوازو پەروازو ئەنین هاتن ژ جاما زەركەشــــین
ئەطوارو ئەحوالێ ئەڤین ما ئەز دبم حق الیقیــــن
هەم نای و دەف ئەم مەیخورین لە مادحێ بەژنا شیرین

بروانە ل ٧



Institut Kurde de Paris

خۆشەویستی و ژیان

نووسین و ئامادەکردنی
ئەحمەد قادر سەعید

ژیان بەهەموو بارەکانی یەوە، بریتیە لە فێر بوون و خۆ ئامادەکردن و ڕاهێنان لەگەڵ ئەو بارو دۆخەی ئادەمیزادی تێدا دەژی .. ئەوەی کارەبای داهێناو شەوی دەیجووروو ئەنگوستە چاوی ڕووناک کردەوە، لەبەر ئەو بوو پێویستی یەوە بۆ ژیانی ڕوانی، هەر لەوێشەوە بۆ هەموو داهێنراوە. کانی دیکەو یان ئەو شتانەی تائێستاش لەدایك نەبوون ..

سەیر نییە پێویستی و خۆشەویستی دایك و باوك کاری لەرادە بەدەر بکەن، بۆ گۆش کردن و پەروەردە کردنی منداڵەکانیان، ئامادەیان کەن بەر ژیانداو فێری مەبەستی پیرۆزی یان دەکەن، ئەدی ئەو مەبەستە پیرۆزە، چۆن دێتە دی، ئەگەر ئەو دایك و باوکە، هەر بە زگماکی بەنرخترین ئەندامی لەشیان لێ سەندرابێتەوە، کە «گوێ و زمانە»، واتە ئەو دایك و باوکە «کەرو لاڵ بن».

ئەو وێنەی لەبەر چاوتانە، وێنەی خێزانێکی، کرێکاری، بەختیاری شاری قەڵادزێیە. ژن و هاوسەر، کەرو لاڵن، کارو تێگەیشتنیان تەنها بە نیشانە بەڕێوە دەچێ .. باشە، ئەی ئەو دوو مرۆڤە بەجەرگە چۆن منداڵەکانیان پەروەردە دەکەن؟ دایکە چۆن لەکۆرپەکەی دەگات؟ چۆن هەست بە ئازارە کانی دەکات؟ کە دەگریاو ڕووی لێ نییە چۆن دەزانێ؟ شەوانە چۆن هەڵدەستێتەوە سەری؟.

شایەنی ڕێز لێنانە، کەسەکانی «ئامینەخان»، کاتێك «هەڵکەوت»ی چاوگەش چاوی بۆژیان کردەوە، بەدەنگ ئەو ئازارەوە چوون و خزمەتی باشیان بۆ ئەنجامدا. بەڵام دڵی دایکی بەوڕازی نەبوو، هەر خێرا خۆی لە گۆش کردنی هەڵکرد، ئەو ئەرکەی ڕەوای خۆی دەزانی کۆرپەکەی پێ بەخێو بکات ڕۆژانە ئەوەی لە تواناىدا بوو ئەنجامی دەدا. ئەی شەوانە! خۆ منداڵانی کوردەواری فێری ناو لانکەو شەتەك دانی دەسرازەن؟ وەشتێکی زۆر ئاساییە کە منداڵ لە لانکەدا، بەشەوان دووسێ جار هەڵدەستێت و دایکی دەبێ لەگەڵیدا بێدار بێتەوە، پێویستی یەکانی بۆ ئەنجام بدات، ئەی «ئامینەخان» چی بکات باشە؟

بەلای ئەوەوە کارەکە لەوە ئاسانترە، باسی لێوە بکرێت .. لە ڕێگای نیشانەوە تێی گەیاندین کە: «شەوانە پەتێك دەهێنێ و سەرێکی دەکاتە قولفەو لە ملی خۆی گرێ دەدا. سەرەکەی دیکەشی بەکورتی لەدەستی منداڵەکەی دەبەستێت .. بێ گومان هەرکاتێك منداڵەکە وەخەبەر بێت دەستی دەجووڵێنێ وەکە جووڵاشی پەتەکە دەجوولێتەوەو ئەوکاتە ملی ئەویش هەست دەکات و خەبەری دەبێتەوەو هەڵدەستێتەوە سەری ..».

«هەڵکەوت» و «هاوسەر»، خوشك و برای ئازیزی ئەو گۆشە بەنازەن و بڕەی خۆشی هیچ کاتێك لەسەر زاری کاك حەسەن و ئامینەی هاوسەری ئاوا نابێ، لەگەڵ ئەوەشدا کە کاری پیاوە کرێکارەکانی ڕۆژانەبەو وەك یەك کەوتەیەك لای لێنەکراوەتەوە. وەئەوەی لەهەموو شتێك گرانترو جێی داخە لەوە دەچێ منداڵەکانیش وەك ئەوان لەم خۆشی زمان و گوێیە بێ بەش بن جێی سەرنجە «توانای وێنەکیش کە برای «ئامینە»یە نازی تایبەتی لەسەر منداڵەکانە ..

ئەسپ لە مێژوودا

مرۆڤ لەوەتی ئەسپی ناسیوەو بەخێوی کردووە کەڵکێکی زۆری لێ وەرگرتووە .. مرۆڤ سەرەتا ئەسپی بۆ ئەوە دەگرت کەڵك لە گۆشت و کەوڵەکەی ببینێ ..

ئامادەکردنی: لطیف محمود

پاش ساڵانێکی دوورو درێژ کە مرۆڤایەتی هەنگاوێکی بۆ پێشەوە ناو پێویستی یەکانی مرۆڤ زیادی کرد ئیتر مرۆڤ پێویستی بەوە بو کە ئەسپ بۆ سواری و گواستنەوەی شت و مك بەکار بێنێ .... ئەسپ لە دەشتایی یەکانی ئاسیادا دەژیان و لە ئاسیاوە بەرەو ئەورووپاو لایەکانی تری جیهان بڵاو بوونەوەو گەلێ نەوەو وەچەو ڕەسەنیان نایەوە .. ئێستا لە جیهاندا گەلێ جۆرە ئەسپی ڕەسەن هەن بەڵام ناودارترینیان دوو جۆرن جۆری یەکەمیان بە هێزەو لەشی گەورەیەو لە ئاسیاو باکووری ئەورووپا دەژی ئەم جۆرە لەسەر خۆیەو زوو مەشق دەدرێ ... جۆری دووەمیان پێی دەڵێن ئەسپی عەرەبی . .. ئەم جۆرەیان سەر کێشەو بە گران دابین دەکرێ و جوانەو ئازایەو خێرایەو لە دەشتایی کانی دوورگەی عارەبی و ئەفەریقیا دەژی ... لە بارەی بارەی ئەسپی عەرەبی یەوە ئەفسانەیەك هەیە گوایە دەڵێن دوو هەزار ساڵ پێش لە دایك بوونی حەزرەتی عیسا ماینێکی بۆ حەزرەتی اسماعیل لە ئاسمان هاتە خوارەوەو دەڵێن هەموو ئەسپەکانی دوورگەی عارەبی لە نەوەی ئەو ماینەن . . . شایانی باسە لە تێکەڵ بوون و جات کردنی ئەسپ و ماینی عەرەبی و جیهانی گەلێ جۆرە ئەسپ و ماینی جوان و خێراو ئازاو بەهێز هاتووەتە ئاراوە ... یەکێ لەو جۆرانە لە نەوەی ئەو سێ ئەسپەیە کە بەهێزترین ئەسپی عارەبی بوون و ساڵی (١٦٩٠ و ١٧٣٠) بران بۆ ئنگلستان و لەگەڵ ماینی زێڕینی ئنگلستانیدا جووت بوون ... ئەم جۆرە ئەسپە لە بازاڕی جیهانیدا پارەیەکی زۆر دەکات .. .

هەروەها هەندێ جۆری ئەسپ و ماین هەن لە یاری وەرزشی و سێرکدا بەکار دێن و ئیتری گەلێ مەشق دەکرێن . . . هەروەها هەندێ ئەسپ و ماین لە کاروباری کشت و کاڵ و ڕاکێشانی گالیسکەو بار گواستنەوە بەکار دێن . .. جگە لەوەش هەندێکیان بۆ ڕاو کردن بەکار دێن .. . هیچ سەیر بشی نیە ئەگەر بڵێین ئەسپ و ماینی زۆر بچووك هەن و بەرزایی باڵایان لە - ٥٨ - ئینچ تێناپەڕێ ئەم جۆرە ئەسپ و ماینانە تایبەتن بۆ منداڵ و پێشبڕکێ و دەوی منداڵان . . . ولە وڵاتی ئوسکوتلەندە ...

شایانی باسە گەلێ لە شاعیرانی خۆمان لە شیعردا کردووە لە شاعیرانی خۆمان شاعیری پایە بەرزمان شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە شیعرێکیدا باسی ماینێك دەکات کە جاران چوست و چالاك بووەو بەڵام دوایی پیر بوەو گوزج و گۆڵی جارانی نەماوە شێخ ڕەزا لەو بارەیەوە دەڵێ:

مایینە کوێت جاران کە دەتووت زەوتی ... زەوتی
. . ئامووە نێستە هەستانی لەسەر ئاخوور
بەباهو با هووە گەر بە ئاوزەنگی پەڕاسووی ئەم
سەر ئەو سەر هەڵدرم هێند
نابڕوێ بزانم ماوە یا خۆ مردووە.

ئەسپ و مرۆڤ لە هاوڕێتیدا مێژوویەکی کۆنیان هەیە لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا ئەسپ زیاتر بۆ شەڕ بەکار دەهێنراو گەلێ جاریش لە شەڕدا پێش سوارەکە دەکوژرا ... دەتوانین بڵێین ئەسپ جاران لە شەڕدا دەوری دەبابەی بینیوەو دەوری ئەسپ ئەوەندە ئەوەندە گرنگ بووە مێژوونووسان دەڵێن ئیمبراتۆرییەتی ڕۆمانی بە پێ لەقەی ئەسپ رووخا... لە قورئانی پیرۆزیشدا باسی ئەسپ کراوەو خوا ئەسپی بە سەرچاوەی هێز لە قەڵەم داوەو لە سوورەتی - العادیات -دا خوا سوێن بە چارەوی دەخوات دەبێ ئەوەشی بزانین لە سەرەتای پەیدابوونی ئەسپدا لە ئەوروپادا هەر کەسێ ئەسپێکی ببوایە ئەوە بە خانەدان و خاوەن ڕێز لە قەڵەم دەدرا ... لە ئەورووپادا گەلێ پیاوی ناودار لە ڕمبازی ئەسپدا گلاون و مردوون یەکێ لەوانە مەلیکی فەرەنسا (هێنری دووەم) لە ساڵی - ١٥٥٩- لە یاری یەکی ئەسپ بازیدا گلاو مرد ... ئەسپ زۆر بە وەفایەو دەڵێن هەندێ ئەسپ کە سوارەکەی دەگێرێ و بریندار دەبێ یا دەمرێ دەکەوێتە چوار ناڵەو هانا دەیا بۆ خەڵك و کەسی و کارەکەی کە فریای کەون... یا هەندێ جار دوای مردنی خاوەنەکەی لە ئاوو مان دەگرێ هەتا دەتۆپێ . . . لەبەر ئەوەی کە ئەسپ مایەی هێزو شکۆ بووە مارکۆ پۆلۆ لە گەشتەکەیدا باسی بە هێنری لەشکرەکەی جەنگیز خان بەوە دەکات کە نزیکەی - ٢٥٠ - هەزار ئەسپی لەگەڵدا بووەو بەقەی ژمارەی ئەسپەکانیشی سوار چاك ... لە لای خۆشمان ئەسپ خۆشەویستەو ئەسپی وا بووە نرخی لە نرخی ئۆتۆمبێلێکی باش کەمتر نەبووە . . . هەروەها سوار چاکی و ڕمبازی بە ئەسپ هونەرێکی دێرینەی کوردەواری بەو لە بابەتی فۆلکلۆری و کەلەپووری نەتەوایەتیماندا زۆر باسی کراوەو لە گەلێ داستاندا پاڵەوانی داستانەکە کوڕەکە چەلە بە سواری ئەسپێکی شێ لەسەر چاڵێکی چل گەز قووڵ و چل گەز پاندا باز دەدات و کەرەو لە پاشا دەباتەوەو دەبێتە زاوای پاشا ... لە هەندێ داستانی تردا ئەسپ قسە دەکات و ڕێنمایی پاڵەوان دەکات پێی دەڵێ لە کام ڕێگاوە بڕوات و لە کام ڕێگاوە نەڕوات! جگە لەوانەش هەمووی تا چەند ساڵێك بەر لە ئێستاش لە لادێکانی کوردستاندا لە بووك گواستنەوەدا ئەسپ دەورێکی باڵای هەبو لە مێژووی تازەشماندا شاعیرمان شێخ ڕەزای تاڵەبانی زۆر بە وردی باسی سوارچاکی لەشکری بابان دەکات ...

ئۆپێراو .. گەشتێکی دوورو درێژ

ئۆپێرا وەك هەموو هونەرەکانی تر لە سەرەتادا ساکارو سادە بووەو جەماوەر گرنگیەکی ئەوتۆی پێ نەداوەو گاڵتە کراوە بەوانەی خەریکی ئەم هونەرە بوون .. بەڵام هونەرمەندانی ئۆپێرا بە کۆڵنەدان و بەردەوامی و پێشکەشکردنی بەرهەمی باشترو ڕێکوپێکتر توانیان جێی ئۆپێرا بکەنەوە لە جیهانی هونەرداو جەماوەرێکی زۆری لێ کۆبێتەوەو شان بەشانی هونەرەکانی تر بڕوات.

ئامادەکردنی : هیرش محمد امین

ئۆپێرا لە شیعرو مۆسیقاو نواندن پێکهاتووە، پێشکەشکردنی بەشێوەی گۆرانی و نواندن و سەماو ئیشارەت کردن دەبێت.

لەبەرئەوەی ئۆپێرا بە کۆکردنەوەی ئەم هونەرانە پێك دێت بۆیە بە گرانترین و ناڕەحەترین و بە مەسرەفترین هونەر دادەنرێت.

یەکەم ئۆپێرا لە جیهاندا لە ساڵی ١٥٩٧ز بە ناوی « دافن » بوو لە یانەی جاکوبو کورسی ی ئیتالیا پێشکەش کراوە.

ئۆپێرا زیاتر لە هەموو هونەرە مۆسیقاییەکانی تر لێکۆڵینەوەو ڕەخنەو لێدوانی لەسەر کرا، دژایەتیەکی زۆر پەیدا بوو لە نێوان داهێنەرەکانیدا بۆیە بڵاوبوونەوەی بەشێوەیەکی تەسك بوو، هەروەها هۆیەکی تریش کە بووە هۆی بڵاونەبوونەوەی لە نێوان جەماوەردا دوور کەوتنەوەی بوو لەو جەماوەرە چونکە تەنها لە کۆشك و ماڵە دەوڵەمەندەکاندا پێشکەش دەکرا، گەر بهاتایەو وەکو هونەرەکانی تر لە ناو میللەتدا سەری هەڵبدایە شێوەو ڕوخسارێکی تری دەبووو زووتر پەرەی دەسەند. ماوەیەکی زۆری پێنەچوو ئۆپێرا گۆڕاو هەر میللەتێك و هەر کۆمەڵێك بەشێوەیەك و مۆرکی تایبەتیانی پێوە دیار بوو، ئەم ئاڵۆزی و شێوانە بوو بەهۆی ئەوەی لێك جیا نەکرێنەوە ... ئۆپێرا ڕۆژگارێکی بەسەربرد بەم شێوەیە تا دەرکەوت ئەمانە هۆکەی تێڕوانینی تایبەتی و ئارەزووی دانەرەکان بوو تاوەکو (دیبوسی و بول دوکاس) هاتن شێوەی دەربڕینی ئۆپێرایان گۆڕی و وتیان مۆسیقا دەبێت شتێکی ڕۆحی بێت و کارتێکردن و ئاڵۆزی تێکەڵاو بێت لەگەڵ هەست و دەروونیدا.

هەروەها چەند دانەرێکی تر توانیان چەند شێوەیەك لە ئۆپێرا دابنێن جیاوازی هەبێت لەوانەی پێشوو تر لە ناوەڕۆك و پێشکەشکردنیدا . . پاش ئەوەی مۆسیقای (بیتهۆڤن)یان خستە ناو کارەکەیانەوەو خەڵکەکە شاد دەبوو بە بینینی ئەم جۆرەو بێزار نەدەبوون.

ناتوانرێ مێژووی ئۆپێرا بەتەواوەتی دیاربکرێ چونکە گەشتی ئەم هونەرە زۆری خاياند، لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا (مونتڤردی (١٥٦٧ - ١٦٤٣) ئۆپێرای (ئەرفیو)ی دانا لە کاتێکدا ئەبنووسی ژنەکەی لەسەر پێخەفی مردن بوو، ئەمە مانایەکی نوێی بە ئۆپێرا بەخشی و پاش ئەمەش پتر لە شەش دانەی تری نووسی.

لە سەدەی هەژدەهەمدا مۆسیقا زانی ئەڵەمانی (جلوك) بە هاندانی (ماری انطوانیت) ئۆپێرای (ئورفیوس)ی لە پاریس دانا بەمە ئۆپێرای گۆڕی و هەوڵی ئەوەی دەدا لە قالبی لاسایی کردنەوە دەریبهێنێت.

لە هەمان کاتدا لە هامبۆرگ و ناپولی و بندقیەش ئۆپێرا پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە دی و بەناوبانگترین ئۆپێرا لەو کاتەدا ئەم ئاڵایەی هەڵگرتبوو (ئادەم و حەوا)ی (جوهان تیل ١٦٤٦-١٧٢٤)و (زەنوبیا)و (کیلۆباترە)ی (جوهان ماتهوسن) بوو.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە کە بیتهۆڤن ناوبانگ دەرئەکاو خەڵکی بە مۆسیقاکانی شارەزا دەبن، هونەری ئۆپێرای بێزازێنرایەوە بۆیە کارەکانی (فیبر ١٧٨٦ - ١٨٢٦) ئەم مۆرکەی بە جوانی پێوە دیارە.

هەروەها (رۆسینی) لە (سەرتاشی ئەشبیلیەو ولیەم تیل)دا ویستی ئۆپێرا سادە بێت و بەرهەمی زۆر پێشکەش بکات و خۆی ڕزگار بکات لە ئەومەزۆ ئاڵۆزی و نیگارکێشان.

هکتور برلیوز لە سەرەتادا گاڵتەی بەم هونەرە دەکرد بەڵام لە دوایدا هەوڵی دەدا ئەم هونەرە پێش بخات و بەرەو ڕۆمانسیەتی بەرێت، هەروەها لەگەڵ ئەمانەشدا قوتابخانەی ڕوسی دەورێکی گرنگی هەبوو لە پێشخستنی ئەم هونەرەدا.

لێکۆڵەرەکان دەڵێن ئۆپێرا لە سەدەی بیستەمدا گەورەترین گۆڕانی بەخۆیەوە دی کەوتبووە نێوان ڕۆمانتیکیەتێکی دواکەوتوو واقیعیەکی سروشتی یەوە ئەمە لە لایەك لە لایەکی تریشەوە لە نێوان کارتێکردن و دەربڕیندا.

بەڵام ئەو ئۆپێرایانەی بەناوبانگ بوون و دەرکەوتن لە سەدەی بیستەمدا هۆکانی ڕاگەیاندن (ڕادیۆو تەلەفزیۆن) کاری تێکردبوون. هەروەها بوون بە پردێك لە نێوان ئۆپێراو جەماوەردا، ئەمانەو هەوڵدانێکی باش درا بۆ ناسینی مۆسیقا بە جەماوەر بە گشتی و هونەری ئۆپێرا بەتایبەتی.

ئۆپێراکانی سەدەی بیستەم بیری ڕووناك و گەشەداری پێشکەش جەماوەر دەکردو ناوەڕۆکی بابەتەکانی لە ژیانی ڕۆژانە وەرگیرابوون.

بریخت ڕێنمایی ئەم هونەرەی کردو بەم شێوەیە چارەی دەردە کۆمەڵایەتیەکان دەکات و لە قالبێکی ئاشکرا دیاردا. ئەم ڕێگەیەو چەند ڕێگەیەکی تر وایانکرد ئۆپێرا لە ئاڵۆزی و گێژداوی ئەومە دوور بکەوێتەوە کە چەندەها ساڵ پێوەی ئەتلایەوەو بگاتە ئەم ڕادەیەی کە ئەمرۆ تیایدایە.

ئەڤ کچا گەنج و شانۆ

محسن عثمان عبدالله

مرۆڤ هەکە بێت و هندرێت خۆ دشانۆیێدا بکەت دێ چ بینیت ؟؟

دێ بینیت کۆشانۆ لڤینەکا بلندە بۆگوهورینا هزو بیرا ..دێ بینیت کو شانۆ سەرکێشا ئازادی یە ... ستونیا دلێ مللەتی یە .. خوویکا ڕاستە بۆنەزانا ؟؟! ئەڤجا ژڤەرانە شانۆ پیچەکێ بێتە بایەخدان ..

ئەمازە ژ لایێ کچا کورد ڤە پیچەکێ پویتەی بدەنە شانۆیێ ..چونکی شانۆیا کوردی گەلەکا لاوازە ژ لایێ ئەندامێ ژ نێڤە ،

ڤێجا ژ ڤەرا کو کچا کورد کێولێ خۆ بدەتە شانۆیێ. دا شانۆیا کوردی ژی دگەل کاروانێ شانۆیا جیهانێ بچیتە پێش ..،

ئەڤ گەنجە (شلێر احمد کۆیی) ئێکە ژ وان کچا یێت کو شانۆ ڤیایی و ڕۆژ بۆ ڕۆژێ ڤیانا وێ دگەل شانۆیێ زێدە بیت ...

ئەڤ هونەرمەندە ژ بنەماڵەکا شانۆڤینە سەرکێشێ وان دلۆڤان (صبحی کۆیی) بۆ ..

ئەڤ زارەڤانا هێژا ل ساڵا ١٩٦٥ زا ل باژێرێ کۆیێ (کویسنجق) یا هاتیە دونیایێ ..

ل ساڵا ١٩٧٨ زا بۆ جارا ئێکێ هاتە سەر دەپێ شانۆیێ ،ل شانۆگەریا (عەورو ساهی) ژ نڤیسینا چەتو حسن و دەرهێنانا صباح عبدالرحمن تاکو نوکە ئەڤ گەنجە بابەر دەوامە لسەر کارێ خۆ (شانۆیێ) ...

بشکداریا وێ و شانۆیا دا..

١ - شانۆگەریا (عەورو ساهی) ژ نڤیسینا چەتو حسن و دەرهێنا صباح عبدالرحمن لساڵا (١٩٧٨)ێ .

٢ - شانۆگەریا (هەبوو نەبو) ژنڤیسینا قاسم محمد و وەرگێرانا عمر شێخ‌الله و دەرهێنانا صباح عبدالرحمن ل ساڵا (١٩٧٩)ێ .

٣ - شانۆگەریا (لاس و خەزال) ژ نڤیسینا ناظم دلبند و دەرهێنانا صباح عبدالرحمن ل ساڵا (١٩٨٣)ێ .

٤ - شانۆگەریا (جەنابێ جەناوەر) ژ نڤیسینا حسین عارف و دەرهێنانا زهیر عبدالمسیح ل ساڵا (١٩٨٣)ێ.

٥ - شانۆگەریا (مرۆڤ و ئێشێت وان) ژ نڤیسینا پیتر فایس و دەرهێنانا صباح عبدالرحمن .

٦ - شانۆگەریا (سورمەڤان) ژ نڤیسینا محمد عبدالله و دەرهێنانا صفوة الجراح ل ساڵا (١٩٨٣)ێ .

٧ - تەمسیلیا (گورچیسك) ژ نڤیسینا ناظم دلبند و دەرهێنانا صبحی کۆیی (١) ل ساڵا (١٩٧٩)ێ.

٨ - شانۆگەریا (ئادابا) ژ نڤیسینا معد الجبوری و وەرگێرانا شێرکو احمد و دەرهێنانا هاشم زینل ل ساڵا (١٩٨٣)ێ [٢] .

١ - ئەڤ تەمسیلی بە یا هاتیە تۆمارکرن ل ئێزگەها کوردی ساڵا ١٩٧٩زا .

٢ - ئەڤ شانۆگەریا یا دئێتە پرووەدا ل هۆلا ڕۆشنبیری و جەماوەری ل هەڤلێرێ ..

● بنەرەتێکی پتەو بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەکی هۆشیارو لێهاتوو ·

● چالاکی جۆرو پێشکەوتوو بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانیاری قوتابیان ·

● پێشنیارێك بۆ ئەوەی ماوەی خوێندن لە خانەی مامۆستایاندا ببێتە پێنج ساڵ ·

له خانەی مامۆستایانی کچانی هەولێر

عبدالوهاب تالەبانی
لقی هەولێر

● گومانی تیا نیە کە دروستکردنی کادیری پەروەردەکردنو پێگەیاندنی بنکەی زانستو پەروەردەفەرمانێکی ئاسان نیە ، بەلکوپێویستی بە تیروانینو تێگەیشتنو بیرکردنەوەیەکیزانستیانە هەیە ، لە عیراقیئێمەشداو لەم ساڵانەی دواییەدا گرنگیەکی زۆرچاك بەم لایەنە دراوەو بەڵکو دەتوانین بلێین شۆڕشێکی تیا بەرپا کراوە·

● کە خۆت دەکەی بە خانەی مامۆستایانی کچانی هەولێردا ، هەر لەیەکەم روانینی ناوەوەی بینایەکەدا بۆت دەردەکەوێ کە لەم شوێنەدا هەوڵێکی زۆر تایبەتی دراوە بۆ پاراستنی پاکی وتەمیزی وئەوپەڕی رێکی وپێکی ··

ئەمە دیمەنی دەرەوەیە بایزانین دیمەنی ناوەوە چۆنە · ؟

● مامۆستا نافعه عثمان ابو بکر بەڕێوەبەری خانەی ناوبراو قسەی بۆ کردینو وتی :

– خانەی مامۆستایانی کچان قوتابخانەیەکی گرنگی پەروەردەکردنی نەوەی نوێو پەروەردە کارانی دوارۆژە ، لێرە هەموو هەوڵێنك و توانایەکمان لە پێناوی ئەوەدایە کە قوتابیەکانمان بە پێی بنەڕەتی شۆڕشگێڕانەی راست سوود لە دەرسەکانیان وەرگرنو پێ بگەنو ، لەبەر رۆشنایی بیروڕاکانی حزبی سەرکردەدا هەنگاو بنێنو بیریکەنەوە ·· ئێمە دلنیاین لەوەی کە قوتابیانمان بەتایبەتی لە سەردەمی جەنگی قادسیەی صدامی پیرۆزدا زیاتر هەست بە ئەرکی سەرشانیان دەکەنو ، دەوری پێویستی خۆیان لە بزوتنەوەی دروستکردنی عیراقی نوێدا دەگێرن هەروەها من لێرەدا بەهەلی دەزانم کە پێشنیار بکەم ماوەی خوێندن لە خانەی مامۆستایانی هەولێردا بکرێتە پێنج ساڵ وەکو هەموو پارێزگاکانی ترو ، سیستەمی (الامتحان الموحد)ی تیا جێ بە جێ بکرێ ·

– ساڵی چەند ئەم خانەیە کراوەتەوەو چەند قوتابیتان هەیەو حالی حازر ماوەی خوێندن لە لاتان چەند ساڵە؟

● خانەی مامۆستایانی

کچانی هەولێر لە ساڵی ١٩٧٥ دا کرایەوەو حالی حازر (٨٠٠) قوتابیمان هەیەو ماوەی خوێندن لەلامان سێ ساڵەو ، وا چاوەڕوان دەکرێ ئەمساڵ (٩٦) قوتابی لامان خوێندن تەواوبکەن ·

– جگە لە مەسەلەی خوێندن ئایا هیچ چالاکییەکی ترتان هەیە ؟

● بەڵێ : لێرە چەند لیژنەیەك بۆ پەرەپێدانی

چالاکی تر هەیە وەکو، لیژنەی چالاکی وەرزش لیژنەی رۆشنبیریو راگەیاندن ، لیژنەی ئاهەنگ لیژنەی زمانی عەرەبیو ، لیژنەی زمانی ئینگلیزیو ، لیژنەی کاری میللی ·· هتد ·

– وەزعی میلاکی تەدریسیتان لە چیدایە ؟

● زۆر باشەو هیچ کەمو کوڕییەکمان نیە وحالی حازر ١٨ مامۆستا لێرە دەرس دەڵێنەوە ·

لە پاشا چاومان بە بەڕێز (سەروین جلال) یاریدەدەری بەڕێوەریە کەوتو داوامان لێ کرد باسێکی ئەو بنیتە تایبەتیەمان بۆ بکا بۆ قوتابیەکانیان رێکی دەخەن ·

له وەلامدا سەروین خان وتی :

– ئەم بلیتە زانیارییەکی تەواومان دەربارەی پلەی زیرەکیو سەرکەوتنی قوتابیو شەخسیەتیمان دەداتێو ، تۆمارێکە دەتوانین لە رێگەیەوە ، تەواوی گیروگرفتو لایەنەکانی ژیانی قوتابی بزانینو ، زۆر لەو گیروگرفتانەی بۆ چارەسەر بکەین ·· ئەمە ئەگەر بێتو ئەو معلوماتانەی لە ناو رێژگەی بلیتەکە هەیە بەتەواوی پڕ بکرێتەوە ، من لێرەدا پێشنیار دەکەم کە پڕ کردنەوەی ئەم بلیتانە بدرێتە پسپۆڕێکی شارەزاو دەرچووی کۆلیجی ئاداب (بەشی زانیاری دەروون) ··

– ئەی یاشە خۆ مامۆستا تۆ خۆت سەرپەرشتی کاری ئەو پەشەی ؟

● راستە ، بەڵام ئەوی معلوماتەکان پڕ دەکاتەوە من نیم ، دوایی جگە لەو ئیشە من فەرمانی تریشم پێ سپێرراوە کە زوربەی وەختەکەم دەبا ·

● دوایی مامۆستا واجده عبدالغنی ، یاریدەدەرو سەرۆکی لیژنەی کاری میللی وتی :

– ئیشی لیژنەکەمان چاودێری کردنی پاکیوتەمیزی ناوەوەی قوتابخانەکەیەو ، وابزانم ئەگەر تەما شایەکی پۆلو رارەوەکان بکەی بۆت دەردەکەوێ کە لیژنەکەمان چەند چالاکە ··

● بەلێ ·· ئێمە هەر لە سەرەتاوە ئەممان دەستنیشان کرد ···

● لە پاشا چاومان بە مامۆستا نەسرین بهجت کەوت ، ئەویش دەربارەی لیژنەی وەرزش قسەی بۆ کردین :

– ئاشکرایە کە وەرزش لایەنێکی گرنگی پەروەردەیە، پێش بڕێ لەگەڵ تیپی قوتابخانەکانی تردا رێك دەخەینو هەروەها بۆیە لێرە ئێمە زۆر بایەخمان داوەتێو ، ئێستا چەند تیپیکمان بۆ هەموو یارییەکان هەیەو ، بەردەوام سەرکەوتنمان وەدی هێناوە ·

● لە پاشدا چاومان بە مامۆستا «جمیلة غریب» یاریدەدەرکەوت دەربارەی کاروباری قوتابیەکان قسەی بۆکردینو وتی :

– من وەکو لێپرسراوێکی ئەم لایەنەی خانەی مامۆستایان پەیوەندیەکی چاکم لەگەڵ قوتابیەکاندا هەیەو وەکو هاوڕێیەکو خوشکێکی گەورەیان تەماشام دەکەنو هەر کیرو گرفتێکیان

هەبێ بۆمی باس دەکەن ، منیش لەگەڵ ئیدارەدا ئەوی چاك بێو لە سوودی گشتیو قوتابیەکەدا بێ دەیکەین ··· ئەنجومەنی دایکانمان هەیە·· کە ساڵی سێ جار لەگەڵیانا کۆدەبینەوەو لەگەڵ کچەکانیاندا زوو بەروویان دەکەینەوەو ئەماش سوودێکی باشی هەیەو ، ئەوەی ئەمڕو زۆر بەجورئەتەو هۆشیارەو چاوەڕوانی ئەرمانی گەورەیان لێ دەکرێ ·

● بەرێکەوت مامۆستا حسین قدری یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر هاتە خانەی مامۆستایانی کچان ، بە هەلمان زانی کە رای ئەویش دەربارەی قوتابخانەکە بزانین ·· لەوەلامدا وتی :

– ئێمە سوپاسی بێ پایانی مامۆستا نافعەو هەموو مامۆستایانی ئەم قوتابخانەیە دەکەینو خانەی مامۆستایانی کچان بە نموونەیەکی پێشکەوتوو دادەنێین ··

● دوایی سەرێکمان لە ژووری قوتابیاندا ··

ژوورێکی سارد ،هیتەرێکی بچوکی لێبوو ، بەڵام هەی ئەوە نەبوو سەرماو سۆلەی زستان گلداتەوە ··لەوەش دەچوو هیتەرەکەیان لە جێگەیەکی ترەوە هێنا بێ ·· ئەمە دیاردەیەکە پێویستە چارەسەر ، بکرێ ··

چەند قوتابییەکی لێبوو ··لێمان پرسین هیواو ئومێدیان بۆ ساڵی نوێ (١٩٨٤) چیە ···وتیان :

چنار محمد عبدالله : سەرکەوتنی تەواو بەسەر رژێمی ئێراندا وەدەست بهێنین ·

ساهرە : پێش ئەوەی شەڕ راوەستێ بچمە بەرەی جەنگ و بەشداری تیا بکەم ·

فائزە : شەڕ راوەستێو لە دەرسەکانمدا سەرکەوم ·

انغام : خوەیینی بمرێو (بەپێکەنینەوە) دەرسی کیمیاش لا بچێ !؟

نەرمین : جەنگ تەواو بێو بەسەر دوژمندا زاڵ بین ·

دیمەن : مامۆستایەکی سەرکەو توو بم ··

رێزان : بتوانم خزمەتی گەلەکەم بکەم وەکو مامۆستایەکیچاك ·

لەم خانەیەدا دوو شاعیریشیلێیە : ئاواز خورشیدو نەسرین نوری ·

ئاواز خان شیعرێکی خۆی بۆ خوێندینەوە تیایا دەڵێ :

ئەی گوڵ کوای لە کوێی
وا بەهارە کاتی گوڵانە
کاتی شادی ژیانە

نەسرین نووریش شتێکی لە شیعرەکانی خۆی بۆ خوێندینەوە :

دایە گیان مەگری لە سەر تەرمەکەم
فرمێسك مەرێژە لەسەر گۆڕە کەم
مەڵێ دایەگیان رۆڵەت کوژراوە
ناوم لە مێژووی سەربەرزی نوسراوە
لە حاج ئۆمەران لەپێنجوین میسان
لە خوارووە تاکو کوردستان
کاکە صدام تا لە سەر خاك بین
بۆ نیشتمانمان هەمیشە پاك بین

راپۆرت

٣٤٩ پرۆژە لە ماوەی سێ ساڵدا لە هەولێر تەواوکران

بەڕێوەبەرایەتییەکانی حوکمی ناوخۆی پارێزگای هەولێر ٣٤٩ پرۆژەیخزمەتگوزاری بە خەرجی هەژدە ملیۆنو ٨٧٧ هەزاردینار لە جێگای جۆربەجۆر لە پارێزگاکەدا تەواوکرا ··

بەڕێز یحی محمد رشید پارێزگاری هەولێر بۆ ئاژانسی دەنگوباسی عیراقی روون کردەوە ئەو پرۆژانەی کە تەواوکراون (٢٢٩)ی هی بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆیەو دوو ملیۆنو ٨٤٦ هەزار دیناریان تێچووەو (٤١) پرۆژەی هی شارەوانی هەولێرەو چوار ملیۆنو (١٨٨) هەزار دیناریان تێچووەو (٦٥) پرۆژەیان هی بەڕێوەبەرایەتیشارەوانی پارێزگاکەیە ملیۆنێکو (٩٧٠) هەزار دیناری تێچووەو (١٤) پرۆژەی بەڕێوەبەرایەتی ئاوو ئاوەڕۆی پارێزگای هەولێرو بەڕێوەبەرایەتی راپەراندنی پرۆژەی ئاوی پارێزگاکەیە کە (٩) ملیۆنو (٦٢٧) هەزار دیناریان تێچووە ··

ئەو پرۆژانەی کە تەواوکراونو بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆ رایپەراندوون (١٨٥) خانووی نیشتەجێی موچەخۆرانی دەوڵەتو (٤٠) قوتابخانەی سەرەتاییو (٢٣) قوتابخانەی ناوەندنو (١٤) باخچەی مندالانو قیرتاوکردنو تەختکردنی شەقامەکانی دێی کانی قرژاڵەو هەنجیرۆکی هاوچەرخو شەش خانووبەروی تاقیگەو دوومەلبەندی تەندروستیو کە دوو خانویان لەگەڵا ئەگرێتەوە بێجگە لە پێکهێنانی جۆگەو پرۆژەی جیاوازیتر ·

بەڵام ئەو پرۆژانەی کە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی هەولێر تەواوی کردوون بریتییە لە (٨) بازاری هاوچەرخو دوو پردی هاتووچۆو گەراجێك بێجگە لە قیرتاوکردنی شەقامەکانی ناوخۆو دروستکردنی خوارە لە باخچە گشتییەکان·

هەروەها ببەڕێوەبەرایەتی شارەوانی پارێزگاکە کۆمەڵی بازاری هاوچەرخو خانووی موچەخۆرانو گازینۆی تەواوکردووە لەگەڵ قیرتاوکردنو چاککردنی شەقامەکانو گەلێ پرۆژەیتر ··

ئەو پرۆژانەشی کە بەڕێوەبەرێتی ئاوو ئاوەڕۆو بەڕێوەبەرایەتی راپەراندنی پرۆژەکانی ئاو تەواویان کردووە فراوان کردنی پرۆژەی کۆنی ئاوی هەولێرو پرۆژەی ئاوی سەریەشمەو پرۆژەی ئاوی کۆیەو ئاوی هەنجیرۆکو شۆڕشو پرۆژەی ئاوی دێکانی قەراجو پرۆژەی تازەی ئاوی هەولێرو ئاوی سەرمەیدانو ناوچە پیشەسازییەکانو گەرەکی پۆلیسی خەلەکانن ·

بەڕێز پارێزگاری هەولێر دووپاتی کردەوە کە ئەم ژمارانە بەروونی بەلگەی ئەوەن کە دۆخی شەڕ کاری نەکردۆتە سەر رەوتی بزوتنەوەی گەشەسەندنو فراوانبوونی بارستەی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان ·· لەگەڵ هەموو ئەو تەنگاوکردنەدا کە دوژمن بەکاریان هێنانو کارگێڕانی ئەم دەزگایانە لە پلەی بەرزی بەرپرسیاریدانو تەقەللای زیاتریان بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژانە داوە کە لە ئەستۆیان بووە ئەمەش پڕ بە پڕی خواستی سەرکردایەتی حزبو شۆڕش لە سەرووهەموویانەوە بەڕێز سەرەکی تێکۆشەر صدام حسینە بۆ زیادکردنی بەخششو دروستکردنی دۆخی گونجاو لەگەڵ سەرکەوتنەکانماندا لەبەرەکانی جەنگو باشی رەوتی بزوتنەوەی گەشەسەندن لە ولاتە تێکۆشەرەکەمان هاوسەنگ بێ·

هەواڵەکانی ناوچەی کوردستان

هەولێر دهۆك :

کرێکاران ، قوتابیان

● یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی دهۆك کۆنگرەی چوارەمی لە ژێر دروشمی (بەزانیاریو بەکار سەرکەوتنی عیراقی هەردوو قادسیە پتەو دەبێو سەرکەوتنی مەزنی خۆی بنیات ئەنێ) بەست ·

بەڕێز نامق رقیب محمد پارێزگاری دهۆکو هاوڕێ رازگری نهێنی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست شوعبەی دهۆك هەریەك وتەیەکیدا هەردووکیان لە وتەکانیاندا پەنجەیان بۆ سەرکردایەتی مێژوویی بێ هاوتای بەڕێز سەرەك صدام حسینو بەشداری کردنی قوتاتابیان راکێشا لە شەڕی رەواماندا دژی رژێمی داخ لەدڵی ئێران ·

لە کۆنگرەکەدا کە لە هۆڵی صلاح‌الدین بەسترابوو راپۆرتی سەرجەمی خوێندرایەوە کە بریتیبوو لە گورجوگۆڵییەکانی رابوردوو قۆناغی داهاتووی یەکێتی لە بواری رۆشنبیریو هونەرو راگەیاندنو بڵاوکردنەوەو ئامادەکردنو لاوانو کاروباری دارایی ·

پاش ئەوە لە کەشێکی دیموکراتیانەدا (٢٩) ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتیو دەستەی بەڕێوەبەرایەتی نوێ لە ناو (١٨٠) پالێوراودا هەڵبژێران ·

لە کۆتایی کۆنگرەکەدا بەشداربووان بروسکەیەکیان بۆ بەڕێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین بەرزکردەوە تیایا بەڵێنیاندا کە هەرسەربازی دلسۆزی حزبو شۆڕش ئەبنو ئەوپەڕی ئامادەن کە بچنە ناوشەرەوەو چەك هەڵگرن ·

● کرێکارانی کەرتی تایبەت لە هەولێر بەڵێنیان دا بە سەرکردایەتی حزبو شۆڕشو بە بەڕێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین کە بۆ بەرزکردنەوەی گیانی سەرکەوتنو پەرەپێدانی وزەی بەرهەمدان تەقەللای زیاتربدەن ·· ئەمەشی لە کۆڕێکی فراوانی کرێکاراندا بوو کە یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی هەولێر بە ئامادەبوونی بەڕێز ئەمینداری گشتی یەکێتی – بەکەو ئەندامانی نەقابەی کرێکارانی نەوت بەسترا و کۆڕەکە بۆ نەوتو غازفرۆشەکانبوو مەوداکانی ئەو پیلانانە شیکرانەوە کە دژی وڵاتەکەمان دەکرێ بەتایبەتی ئەو دەستە خەیاڵ بووچەی ئێران کە دژی وڵاتە تێکۆشەرەکەماتن ·

کرێکاران زۆر بە گەرمییەوە رێزی ئەو سەرکەوتنانەی دوای هێزە چەکدارەکانمانیان گرت کە لە کەرتی پێنجوین وەدیانهێناونو ئەوپەڕی ئامادەی خۆیان نیشاندا بە هەروزەو توانایەك هەیانە بەرگری لە نیشتمان بکەن ·

● هەروا لە پارێزگاکەدا رۆژی ٢٤ی ئەم مانگە کۆنگرەکانی کەرتەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عیراق لقی هەولێر ·· لەژێر دروشمی (بە زانیاریو بەکار سەرکەوتنی هەردوو قادسیە پتەودەبێو سەرکەوتنی مەزنی خۆی بنیات ئەنێ) بەسترا

هەروا لە کەرتەکانی قەزای شەقلاوەو صدیقو مەخموور هەڵبژاردنی کرا بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردن ·

سلێمانی :

ئۆبوونەوەی جوتیاران

● جوتیارانی پارێزگای سلێمانی ئەوپەڕی خۆشەویستیو شانازی خۆیان بە سەرکردایەتی مێژوویی بەڕێز سەرەك صدام حسینو ئەو داستانی سەرکەوتنو گیان بەخشینە دەربڕی کە سەربازە دلێرەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژی رژێمی نەزانی ئێران تۆماریان کردووە ·

لە کۆڕێکی فراواندا کە سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست شوعبەی سلێمانی رێکیخست بەڵێنی خۆیان تازەکردەوە کە سەربازی بەوەفاو دلسۆزی شۆڕش بنو بەرگری لە هەموو بستە خاکێکی عیراقی مەزنمان بکەن ·

هاوڕێ رازگری نهێنی حزب شوعبەی سلێمانی لە وتەیەکی لە کۆڕەکەدا مەوداکانی خاپاندنی دەستدرێژی رژێمی نالەبازی ئێرانی بۆ سەر وڵاتە تێکۆشەرەکەمانو دەوری جەماوەری جوتیارانی روون کردەوە بۆ پتەوکردنی سەرکەوتنە مەزنەکانمان ئەمەش بە رێگەی پێشخستنی کاری کشتوکاڵو بەرزکردنەوەی پەی کشتوکاڵو کۆڕەکە دووبارە باسی رەوتی راپەراندنی نەخشەی کشتوکاڵی وەرزی زستانی ئەمساڵی تێداکرا ·

Institut kurde de Paris

مامۆستا عوسمانی هەورامی و گفتوگۆیەك دەربارەی ئەدەب و كەلەپوور

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ مامۆستا عوسمان هەورامی‌دا (کە شارەزایی لە ئەدەبی کەلەپووریماندا هەیەو چەند بەرهەمێکی ئەو بوارەی لەچاپداوەو کە دەق و تێکستی ئەدەبی کەلەپووریمانی لەفەوتان ڕزگارکردووەو لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە) .

ئامادەکردنی : لەتیف هەڵمەت

دانیشتین و لە بارەی ئەدەب و کەلەپووری ئەدەبی کوردی‌یەوە گلۆلەی باسمان کردەوەو کەوتینە قسەوە ئەمەش دەقی ئەو باس و خواس و گفتوگۆیەیە هیوادارین خوێنەران کەلکی لێوەربگرن :

بەلای ئێوەوە کەلەپوور چی دەگرێتەوە ...؟

: لە سەرەتای هەست و چێژی ئەدەبیما پێم وابوو وشەی کەلەپوور یەکێکە لە دەیان وشەی دروستکراو و تازە داتاشراو چونکە لەژیانی ڕۆژانەدا ئەم وشەیەم لە زاری هیچ پیرو لاوێکی خوێندەوار نەبیستبوو ... ڕۆژێکیان لە شارۆچکەی خنجیلانەکەی ـ تەوێڵە ـ لە کۆڕێکا باس هاتە سەر دابەشکردنی ماڵ و پارەو باخ و خانووی پیاوێك کە تازە مردبوو ... بەسەر منالەکانیا لەوانەی قسەیان ئەکرد ... حاجی مامۆستا مەلا حەمە ئەمینی قاڵە کە تەمەنی لە هەشتا ساڵ تێپەڕیبو لە ڕستەیەکیدا وتی : [بابەگیان هەر لە زەمانی ئادەمەوە کەلەپووری باوك هی منالە] چەند جارێکی تریش وشەی کەلەپووری بەکارهێنا ...

لێم پرسی واتای کەلەپوور چییە ؟!

بەسەرسامی‌یەوە وتی : چۆن واتای ئەم وشە ڕەسەنە نازانی !!

ئەی نازانی هەرچی لە باوك و دایکەوە بۆ منالەکانیان بەجێبمێنێ ئەوە کەلەپوورە !!

دوایی بۆی روون کردمەوە کە ئەم وشەیە بشتاوپشت هاتووەو بەکارهێنراوەو کوردی پەتییە ...

کەواتە ئەبێ وشەی کەلەپوور هەمو بەجێماوێکی بوارە بەرینە پێشکەوتووەکانی ژیان بگرێتەوە .. کە یەکێکیان ئەدەبەو ئەم وشەیەش زۆرتر لەم بوارەدا بەرچاو ئەکەوێ ...

لە کەیەوە خەریکی کۆکردنەوەی کەلەپووریی و یەکەم بەرهەمی چاپکراوی ئەو بوارەت کامەیە ..؟

سەرەتای گەشتی خوێندنەوەم لە بواری ئەدەبی کوردی‌دا بەناو بەرهەمی شاعیرەکانی سەردەمانی پێشوودا سەری هەڵدا .. وەکو ئەحمەد موختار ... حاجی قادر .. سالم .. مەولەوی .. نالی ... صەیدی هەورامی .. شێخ ڕەزا ... هتد ... وەك زۆربەی بخوێنان زۆجار لەبەر خۆمەوە ئەموت نابێ ئەمە هەموو بەرهەمی ئەم کەلە شاعیرە بەتوانایەمان بێ ... پێویستە هەمو کون و قوژبنێکی کوردەواری بگەڕێین بۆ دۆزینەوەو ساخکردنەوەی بەرهەمەکانیان ... ئیتر بەم چەشنە ئەم کەڵکەڵەیەم لە گەڵایەو هەردەسنووس و بەیازێکی دێرینەم بەردەست کەوتبێ کەڵکم لێوەرگرتووە .. وەك گەڕیدەیەکی ماندوو نەبووش بە خۆشی و شادییەوە بەدوای بەرهەمی کەلەپووری ئەدەبی کوردا سەرگەردانم و سەوداسەری تۆمارکردن و ساخکردنەوەو توێژینەوەی بووم .. لە ساڵی ـ١٩٧٠ـدا بۆ یەکەم جار بەشی یەکەمی دیوانی ـصەیدلی هەورامی‌ـم بە هەورامی و سۆرانی بەچاپ گەیاند ... لە ـ١٩٧٦ـدا ژیان و هۆنراوەی وەلی دێوانە . لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردی‌یەکانیشدا بە پێی بواردان و لەم بوارەدا هاویەشیم کردووە ...

: بەڕای ئێوە ئایا هەموو کەلەپووری ئەدەبیی کوردی بەزۆرو بۆریەوە شایانی ئەوەیە لەچاپدرێ ... یا پێویستی بە گوڵبژێر کردن هەیە ...؟

: قسەی ئەستەق و پەندی کوردی قوتابخانەیەکی ڕەسەن و دەوڵەمەندن و زاخاوی مێشك ئەدەنەوە ... کوردیش هەرگیز لەگەڵ پەندی (زۆربێ و بۆربێ)دا نەبووەو نابێ بەتایبەتی لەبواری ئەدەبدا .

لەبەر ئەوە پێویستە بەبێ پەلەکردن لە پێشەوە ... باسکی لێ هەڵکەین بۆ لەچاپدانی شوێنەوارە زۆرباشەکان و بوارو هەلی پێشتر بۆ ئەمان تەرخان بکەین . جا دوایی بۆ بەرهەمەکانی تر ... خۆ ئەگەر بشمانەوێ لە پلەکانی گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونی ئەدەبەکەمان ئاگاداربین و بەدوای ڕاستی خۆمان و وشەی ڕەسەن و کوردی پەتیدا بگەڕێین ... پێویستە کەلەپوورە چاخەکانمان دەرس بکەین و وەك سەرچاوەیەکی زۆر ڕەسەن کەلکی لێوەربگرین

: ئێستا لە بواری کەلەپووردا چ بەرهەمێکتان بەدەستەوەیە ؟

: لە ساڵی ١٩٧٥دا نوسخەیەکی ئامادەکراوی دیوانی بێسارانیم دایە لای مامۆستای پایەبەرز مەلا عبدالكریمی مدرس و مامۆستا محمدی کوڕی ... تا لەگەڵ هۆنراوەکانی لای خۆیان و بەناوی هەرسێکمانەوە لە چاپی بدەن ... بڕیاریش وابو لە ماوەی دووسێ ساڵدا ڕەوانی بەچاپ شادبێ ... بەڵام بەداخەوە لە ڕادەبەدەر دوورکەوتەوە ئەوەبوو لەم دواییەدا ئەمینداریتی گشتی لاوان بەشی یەکەمی بۆ برادەرێکی ناسیاوم ـکاك کەیومەرث نیك رەفتارـ بەچاپ گەیاند ...

ئێستاش هەر هەمان بەرهەم کەلکەڵەمەو هەر هۆنراوەیەکی بەردەست نەکەوتووی بێسارانیم دەست کەوتبێ ئامادەم کردووەو ناردوومە بۆ کاك محمد تا بە شێوەیەکی دروستترو باشترو ئەکادیمیانە ئەم بەرهەمە بکەوێتە بەردەست ... من پێم وایە خۆخەریك کردنی چەند بنوسێك بە بەرهەمی هەر ئەدیب و شاعیرێکەوە جا چەند جارێکیش لە چاپدانی ئەو بەرهەمە ... مایەی زۆرتر ساخکردنەوەو توێژینەوەی بەرهەمەکەیەو خاوەنەکەی زۆرتر ئەناسرێ ......

هەر لە ساڵی ـ١٩٧٥ـ یشدا دیوانی ئەحمەد موختارم دایە کۆڕی زانیاری کورد تا ئەرکی لەچاپدانی بگرێتە ئەستۆ بەڵام پاش ماوەیەك و لەبەر چەند هۆیەك درایە دواوە ... لە هەمان کاتیشا پێشنیاز کرابوو دەسنووسەکەیان پێ بفرۆشم ... بەڵام من ئەم کارەم نەکرد ئێستاش هەروەکو خۆی ماوەتەوە ... ئێستاش بەرهەمی دەیان کەلە شاعیری خاوەن بەهرەی دێرینم لەبەردەستایەو

بڕوانە ل ٧

دار بەروو

ئەز دارەکا بەڕەیێیمە
ماڵا چویچکا
کەپرا ڕێڤنگا .. هەژارا
سیبەرێ ددەم
خەملێ د دەم
ژدورێت ڕوژێ ، ڕوناهی‌یێ ..
... بۆ خۆ دئینم
بەلگ و طایێن خودخەلینم
ڕەهو ڕیشالێن من ..
.. لتەڤ جها دبەلاڤن
هێشتا هێشتا ......
دێ بەلاڤ کەم
من دڤێ ناڤ و دەنگێ من
(خەمل و سیبەر)
ب گەهنە تەڤ خەلکێ جیهان
سیبەر بو ببیتە خانی و ..
... خەمل ، ژیان
ئەگەر بێن و

... من ببڕن
بەلگێن من هەما بوەرنین
طا بشکێنن
من هویر هویر کەن
ئو من بخون
یاژواناڤە .. ئەز دێ مرم
ئێدی بو من ناهێت بەهار
ئەو نزانن
مەژی‌یێ وان
دێ بۆ من بیتە ئاخ و وار
دێ هەر شین بم
هەزار هەزار بەلگا دێ دەم
جارەکادی دێ بمە دار
هەمی قولاچکێت جیهانێ
دێ ڤەکرم
ڕهێن خو تێدا بەلاڤ کەم
هەر دێ ڤەژیم و نامرم
ئەز نامرم

بهجت محمد هروری

گەنار دۆڤەر

شیعری : ماتیو ئارنۆلد

ئازاد حەمە شەریف لە ئینگلیزی‌یەوە کردوویە بە کوردی

ئەم شەو دەریا خامۆشەو
خیزاو زۆرەو
مانگیش قەشەنگ لەسەر ڕوومەتی جۆگەلە
خۆ دەنوێنێ ،ـ
لەسەر کەناری فەرەنسی تیشكوا
دەترووسکێتەوەو ئینجا سەرلەتوو
وون دەبێ ،
لووتکەکانی ئینگلتەرا بریسکە دەدەن ،
لەباوەشی گۆمی مەنگدا
یەکجار بەرین دێنە بەرچاو
دەوەرە بەرپەنجەرە ، ئەم شەو هەواخۆشە !
تەنها لەسەر مێڵێ درێژی پرۆشك
لەو شوێنەی کە دەریاو ووشکانی سپی بۆوەی
بەرتریفە بەیەك دەگەن ،
گوێ ڕاگرە !
گوێت لە هاواری گری ووردە چەو دەبێ
کە شەپۆل لێی دەکشێتەوەو
تووڕیان دەدات .
لەگەڵ گورزە شەپۆلی بەرز ،
دیسان لە نوێ ـ دەوەستێتەوە ـ
لەنوو دەست پێدەکاتەوە ..
خڕ ئەمانە بە لەرزۆکی
دەنگی سەرمەدی غەمباری
دێننە گوێ .

× × ×

زۆر دەمێکە
کە سۆفۆکلیس(٢) لە ڕۆخ (ئێجە) گوێی لەمە
بووە ،
ئەمە لەگەڵ هاژەی بەرزو نزمی شەپۆل
وای بە خەیاڵ هێنا
کلۆڵی مرۆڤ ببینێ ....
ئێمەش لەناو هەمان دەنگدا
بیرێکمان هەر بەخەیاڵ دێ
کە لە دەریای ژووروی دوورا
ئەم دەنگانەمان دێتە گوێ

× × ×

دەریای بڕوا
جارێکیان تا کەنارپڕ بووو
بەدەوری گشت کەناراوەکانی زەمین
ببوە پشتێنێکی زۆر گەش ،
بەڵام ئێستا
تەنها گوێم لە هاشەیەکی غەمبارە
لەگەڵ نرکەی درێژو کشاوەی
بۆ باوەشی دڵتەنگی کزەبای شەو
دەڕەخسێنێ
کە بەسەر ڕووی
بەچەو داپۆشراوا
تێدەپەڕێ .

× × ×

دەتۆ وەرە ئازیزەکەم
با لەگەڵ یەکدی ڕاستگۆبین !
چونکی ئەو دونیایەی بەرچاومان
کە وەك جیهانی خەون ، ڕەنگین و جوان و
نووخۆ دەردەخا ،
لە ڕاستیدا
نەشاد بەخشە ، نەجێ عیشقە ، نەڕووناکی
نەئومێد ، نە ئاسوودەیی و نەجێی ئازار
لەناوچوونە ،
دەڵێی لەسەر پارچە زەمینێکی تارین
کەپڕ مەترسی و پەشێوی
لێکدان و ڕاکردنە ،
لەکاتێکا
کە سوپای بێ‌ئاگا لە جەرگەی نیوەشەو
یەکتر دەکوژن .

(١) مەبەست لە دۆڤەر ئەنگەبەری دۆڤەرە .
(٢) سۆفۆکلیس : شانۆنامەنووسی بەناوبانگی گریکە لە مابەینی ئەو (١٢٣) شانۆنامەیەی نووسیویەتی تەنها حەوتیان گەمیشتوونەتە دەستمان . بەناوبانگترین شانۆنامەکانی (ئەنتیگۆن) ، (ئێلێکترا)و (ئودیبی پاشا)ن .

× ماتیو ئارنۆلد (١٨٢٢ـ١٨٨٨) شاعیرو ڕەخنەگرو ووتارنووسی ئینگلیزی ناودارە .
× دوو بەرگە شیعری بەڕایی ئەم شاعیرەمان لەلایەن خەڵکی باوەشی بۆ نەکرایەوە ، بەڵام سێیەمیان (کۆمەڵە شیعرێك : چاپێکی نوێ) بووە مایەی ناوودەنگی .
× (کەنار دۆڤەر) یەکێکە لە هەڵبەستە هەرە ناودارەکانی ئارنۆلد . لەم هۆنراوەیەدا گومانی ڕۆشەنبیران بەرامبەر شارستانی نوێ دەردەخات و پەنجە بۆ ئەوە درێژ دەکات کە مرۆڤی ئەم سەردەمە هەمیشە بەدەستی هەزاران کولکی بەسوێ دەناڵێنێ .
× لە ووتارە هەرە بەناوبانگەکانی نووسەر (ڕۆشنبیری و ئاژاوە)یە .

وەرگێڕ .

باڵندەکانیش کۆچیان کرد

ـ١٥ـ

نووسینی : یەشار کەمال ، احمد محمد اسماعیل کردویەتی بە کوردی

شاعەلی لە دۆلابدەرە دادەنیشی ، ئەو دۆلابدەرەیەی کە گەورەترین و قەڵەباڵغترین و تێکچرژاوترین شوێنی ئەستەموولە .

ئەستەموول گەورەیە ، پان و بەرینە ، ئەم سەرو ئەو سەری دیارنیە ، هەروەکو مێرووڵە خەڵکی تیا هەڵدەقولێ ، بەڵام گەورەییەکەی و پان و بەرینی‌یەکەی و هەمەچەشنەیی ئەستەمول ، سنووری خۆی هەیە . ئاشکرایە دولابدەرە بچووکە ، بەڵام دونیایەکی سەربەخۆیە ، هەمە چەشنەیی دولابدەرە ، پان و پۆری ، گەورەیی ، خەڵکەکەی و بەیەکاهاتنیان بێ‌سنوورە . بێ‌سڵەمینەوە دەتوانین بڵێین لە هەمە چەشنەیی‌دا لەرووی زەمین‌دا تاکە . کەوتۆتە سەرەرێگای دونیا ، چەپیشە ، قۆناغە ، جێگای خواناسانە ، کارخانەیە ، شوێنی ئابڕوودارانە ، پیسی و بۆگەنییەکەی هامتەقای ئەستەموولە . پاکی‌یەکەی بنێشتێکەو بیجووە ، قیامەتە ، ڕۆژی حەشرە .

لە خۆرئاواوە ، لە ڕۆژهەڵاتەوە ، لە خوارووو باکورەوە دالدەیان بۆ هێناوە ، دالدەی بێ‌دالدەیە ، وەستای پایسکلی لەدوو پارچە کاسن یەکێکی نوێت بۆدەکات . ئاسنگەرەکانی ، دەریاوانی ، ئەوانەی لە (فەتەر)ی سەردەریاکان کاردەکەن ، کرێکاری قەواڵە، کوێتاڵ فرۆش شۆفێرەکان ، ئەوانەی چەکەرە دەگێڕن ، مەی‌خۆرە فیزدارەکان ، سەرخۆشە هیچ و پوچەکان هەمووی لە دولابدەرەوە دەبینیتەوە . حەفتاو دوو میللەت ڕووی لێ کردووە، هەرکەسێ تەنگی پێ‌هەڵچنرابێ خۆی گەیاندووەتێ و سەری ئیشێکی بەدەستەوە گرتووە .

دۆلابدەرە پێوانەیەکی تایبەتی بۆ چاکەو پیاوەتی و ئینسانەتی و دوستایەتی و دوژمنایەتی و خۆشەویستی ، خیانەت نییە . وەلحاصل شارێکی گەورەیە دولابدەرە .. خەڵکەکەی لە کوێوە هاتبێتن گرنگ نییە .. با لەدیوەخانی خانەدانان و وەچاخزادەوە هاتین ، یا لەژێر دەواری کاولی‌یەوە بێ، کە کەوتە دولابدەرە . ئیتر لە های‌وهوی و قوڕوچڵپاوی دولابدەرە دەرچوونی نابێ با دونیا خاپووربێ ئەو هەر بەدولابدەرەوە دەلکێ .

کاولی‌بکرە ، ئینگیزی ، عەجەمی ، فرەنسی ، کوردی ، تورکی لازی ، تورکمانی ، عەرەبی ، کە چووە دولابدەرە ، جارێکی کە ماڵیی تایبەتە دەری .. لە دولابدەرەدا بە حەفتاو دوو زبان قسەدەکرێ ، کاولی ڕومەت خور بردوو ، پرچ‌زەردی سورکەلە ، کوردی کەڵەگەت ، خەڵکی کورجستان ، تورکمان ، هەریەکەو شێوەی خۆی لەگەڵ خۆدا هێناوە .

دولابدەرە لە ئەستەموولدا وێنەیە تیپە ، وێنەی هەیە ؟ ئەوەی وادەڵێ با لە پێش مندا وابڵێ .. دولابدەرە لە دونیاشدا وێنەی نییە . لە پایزی ١٩٤٣دا دولابدەرەیی‌یەکی ، قەدبارێك ، پرچ‌ڕەش درێژ پرچی‌درێژی دەیدا لە پاژنەی و دەبریقایەوە دولابدەرە لە پرچدرێژیشدا یەکەمە . لەش‌پرونزی ، چاوبەڵەك ، زوهرەی دولابدەرەیی سەماکەربوو . لە دەقیقەیەکدا مەگەر خوا بزانێ چەند جار خۆی بادەدا ، جارێکیان سێ ڕۆژو سێ شەو لە قاسم‌پاشا کەوتە پێش برکێ لەگەڵ (سولوقولەیی‌یەکاندا) . بەزاندنی خستنیە خوار خۆبەوە . لە خۆبادان و سەماکردندا سولوقولە لەدونیا یەکەمە. دولابدەرە ئەم یەکەمینەی ئەخستە دەست خۆی ؟ دارو دیواری سولوقولاش لە داخا وەك شاخی شەقی ئەبرد؟ ئێستاش ناوبانگترین کەسی دولابدەرە شاعلی‌یە . لێرەدا بێجگە لە شاعلی. ڕۆستەمی کەمانجەژەن و لووتی ، لەگەڵ حلیمی کەمانجە ژەن و ، گول‌عوزاریش بەناوبانگن بەڵام خۆیان نادەن لە شان و شکۆی شاعلی .

بەکە پیاوی سولوقولە ، عاقل و داناکانیان ، سەروەرەکانیان کاولی‌یە قەرسەکانیان ، بەهیچ جۆری نە لە پیاوەتی، نەلە دوستایەتی، نەلە مەردایەتیشدا، بە ئاو بەدەسا کەری شاعلی نابن . شاعلی. قایشێکی سووری پان دەبەستێ. کاتی خۆی سەرەوەری هەموو کاولی‌یەکانی ئەدرنە بووە کە بە زمانی ئەرنا ووتی هەرچەند دەڵێ «نابامۆزرا».

کی دەزانێ لەوانەیە ئەرناووت بێ .

کەس نازانی لەکوێوە هاتووە. گورکیش کەس جێگای نازانێ . خوا دەزانێ کەی بابشە بابشە هەر وەك لە دەرگای ماڵی باوکی بدات لە دەرگای دولابدەرەی داوە. هەرکە هات ناوبانگی دەرگردو بووە پیاوێکی ناسراوی ئێمرۆ. پیاو بە عەقڵەوە دەنازێ .

بووە جێگای ڕازونیازی خەڵکی. ڕۆژێ کە لە سەرۆوەرێتی بێزاردەبێ، هەروەك سەرووەرێتی چاکەتێك بێت لەبەرداکەنێ ، چووەتە لای جەماعەتەکەی و ووتوبوی (ئەمەش ئامانەتەکەتان ، ئەم‌کارە بەمن ناکرێ ، هەر خۆشین)، لەدوای ئەمە ئیتر ڕووی لە کوێ کردەو بۆکوێ ڕۆیشتووە مەگەر خوا خۆی بزانێ. هەرکەسێ شتێکی لێ‌داواکردبێ و هانای بۆ بردبێ دەستەوسان ڕانەوەستاوە. بۆ هەر کارێکیش بوابە ڕوویان لێ‌دەکردو ئەویش دەستی بەرووی کەسەوە نەدەناو دەرگای لەڕووی کەسد پێوەنەدەدا .

ئەو سمیحەش کە شاهۆکەی ڕقاندو هاوڕێکانی لە دەشتایی‌یەکەی قلوریا بەو حەمکە پەلەوەرەوە بەجێ‌هێلا ، بێ‌پارەو پول و بێ‌کەس و برسی . ئەو سەمیحە بەکسەر دەڕوات بۆ لای شاعلی .

باشە ئەم شاعلی لوکوێ دەناسی؟ هێی ئەوە سەمیحە سەمیح. ئەستەموولی نەکردووتە ئەموستیلەیەکو لە پەنجەی نەکردووە ؟ پێ بلاوی دراوی لەو جێگایاتەی نەگەڕیداوە کە کەس ڕووی لێ‌نەکردووە ..

شاعلی سمێڵێکی درێژو زەردی پێوەیە ، ئەو شاعلی‌یە هەمو بەیانی‌یەك بەڕۆنی بادەم سمێڵی گفی چەوردەکات .

دەستی بێدا دەهێنێ و دەبریسکێتەوە... جاران لە خەنەی دەگرت . دوو ساڵ دەبێ ئەو خووەی تەرك کردووە کە لە خەنەی‌دەگرت سوور دەبووەوە ، ئەوکاتەش جفتێ وەرووەری بە قەدا دەکرد. پولیس نەبوو بڵێ کورە ئەمە چی‌یە؟ کەس هەقی بەسەر ئەوەوە نەبوو. توخوا هێشتا نزیکی بکەوتایەن!! . گیرفان‌بڕو ڕێگرو دزو پیاو کوژو ، کرۆکاڵی دولابدەرە بەرامبەر ئەستەمول داخ لەدڵن ڕۆژێ دێ خاپووری بکەن .

سەمیح دەڕواتە لای‌شاعلی و ، ئەم شاهۆیەم بۆ زابێنە ، بەجۆرێکیش بۆمی ڕایی بکە ڕۆژی سەد دووسەد پەلەوەرم بۆ بگرێ . چونکی لەم دونیایەدا کەس وەکو شاعلی لەزمان و خووی باڵدار نەگەیشتووە. نابێ ، بەهەفتەیەك ڕایی نەکات بەدووهەفتە زۆرزۆر بەمانگێك شاهۆت وا بۆ لێ‌دەکات ببێ یە عزرائیلی پەلەوەر .

سەمیح بەسەر «کنیو سونا » دەڕوا ، سبەی لەوێیە .

لەرۆخ دەریاکە چادرێك هەڵدەدا ، ئەگەر ویستی ناشتەبینەوە ئەوا درێژو خەیری دێنێتە لای خۆی .

لە دوور را لە خاکەکانی ئەوبەر دەریای ڕەشەوە دێن دەریا تەی دەکەن و دێن، پەلەوەرەکان ماندوون دەکەونە تەنگاوەکانەوە ، کە بەسەر دەریاکەدا دەفرن باران دەبارێ پەلەوەرەکان تەڕدەبن ، گراندەبن ، توانای فرینیان نامێنێ پیرە شاهۆیان تێ‌بەردەدەن ، شاهۆ بەسەر سەربانەوە دەنیشێتەوە ، شاهۆ نێچیرەکەی ناخوات ، چاوەڕێی سەمیح دەکات،سەمیح بەڕاکردن دەڕواو پەلەوەرەی لە چنگ دەردەکات ...

Institut Kurde de Paris

هەفتەی هاتوو چۆ

لە بەغداو لە هەموو لایەکی وڵات ڕۆژی سەرلەبەیانی ٢٤ـ١٢ـ١٩٨٣ ئاهەنگی فراوانیان بە بۆنەی یادی دەیەم ساڵەی هەفتەی هاتوچۆوە بەخۆوە بینی ·

بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ رەوتێکی گەورەی پێکهێنا لە شەقامەکانی پایتەختەوە دەستی پێ کرد لە پێشەوەی رەوتەکەدا وێنەیەکی گەورەی بەڕێز سەرۆك صدام حسین و بەیداخی عیراق هەڵگیرابوون و دەستەیەك مۆتۆڕ سوارو ئۆتۆمبێلی هاتوچۆو ئەجدەو بەرگری کردنی میللی و ئاگر کوژێنەوەو ئیمازکردنی کووت و پرو کۆمەڵی ئۆتۆمبێلانی عیراق و گەشت و گوزاری و بەڕێوە ـ بەرایەتی یەدانی کەرتی سۆشیالیستی و ئۆتۆمبێلەکانی مەصلەحەی گواستنەوەی هاتوچۆکەران بوون کە رەوتەکە بە بەردەزگای بەڕێوەبەرێتی گشتی هاتوچۆدا تێپەڕین و بەشدار بووان وێنەی گەورەی سەرۆك صدام حسین و ئەو دروشمانەیان هەڵگرتبوو کە دووپاتی بایەخدانی فراوانی جەماوەر ئەکاتەوە لە هەفتانەی هاتوچۆدا وەك خۆپیشاندانێکی پێشکەوتوو کە رەنگدانەوەی ئەو بواری پێشکەوتنەبوو کە وڵاتە ئێکۆشەرەکەمان لە سایەی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی تەمووزی ئەمردا بەسەرەزەکایەتی بەڕێز سەرۆکی فەرماندە صدام حسین بەخۆیەوە دیوە ·

لە لایەکی ترەوە بەڕێز عدنان غیدان جێگری وەزارەتی ناوخۆ سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٤ـ١٢ـ١٩٨٣ پێشانگەی وێنەی سەردیواری کاری هاتوچۆی کردەوە کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ پێکی هێنابوو ·

پیشانگە کە وێنەی سەردیوازبوون کە نیشانەی هەمو جۆری هاتوچۆو کارەساتی ناخۆشی تیدابوو کە لە ڕێگە گشتی یەکاندا روو باندابو لەگەڵ بەشداری کردنی پیاوانی هاتوچۆی پارێزگاکانی نەینەواو ـ بصرەو هەولێرو قادسیەو دیالەو نەجەف لە ئاسان کردنی کاری هاتوچۆکردن و جێ بەجێ کردنی یاسای هاتوچۆکردندا ·

لە کردنەوەی پیشانگاکەدا بەڕێز لوا ·· بەڕێوەبەری گشتی هاتوچۆو بەڕێوەبەری هاتوچۆی بەغداو ژمارەیەك لە کاربەدەستانی بەڕێوەبەرێتی گشتی هاتوچۆو پەیوەندیەکان و ڕێ نیشاندانی سیاسی ئامادەبوون ·

لەگەڵ مامۆستای هونەرمەند

ئیبراهیم جەلالدا

● ـ هونەرمەندی شانۆیی هەمیشە تەقەلای بەشوێن ئەکتەرێتی خودیدا ئەگەڕێ ·

● ـ لە خشتەبردن لەلایەن تەلەفزیۆنەوە ئەکتەری شانۆی بەپاکی نەهێشت ·

● ـ لەهەموو ئاشتیێك لێ ناکەم بەڵام ئەمەوێ پیاوانی گەورە بخوێنمەوەو گیرۆدەیان بم ئەوانەی کە لە بواری هونەریدا کەڵك بەخشن ·

ذکریات محمد

هونەرمەند ابراهیم جلال دەرهێنەری شانۆیی و مێژووی بریەتی لەوەدەستهێنانی نایاب و لە قسەکردندا سەبارەت ئەو ماوەیە زامان ئەکێشێ بۆ بەرهەمەکانی و ئەو بۆچوونەی سەبارەت هونەر بە گشتی و شانۆیی بەکۆن و تازەوە هەیەتی و بۆ ئەم مەبەستەو گیرۆدەبوونی بە بریخت و هاریکاری لەگەڵ هونەرمەند عادل کاظم وتی :

ـ لە بواری مێژوویی شانۆی هەروڵاتێ بیگری جێ پەنجەی نەریت و کەلتوری پێوە دیارەو ئەم کەلتورەش بەرهەمە رۆشنبیری بەکەی بزوتنەوەی کۆمەڵە ·· بەڵام بەداخەوە ئیستا شانۆ لەگەڵ ئەو دەمەدا ئەگۆڕێ نەریت و کەلتوری خۆی لە لایەن هونەرمەندەوە پێشکەش ئەکراو بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی ئەوەوە کە تەلەفزیۆن هونەرمەندی لە خشتەبردووە ئەو کەلتورو نەریتانە پەرش و بڵاوبوونەوەو هیچیان بەسەر هیچەوە نیە ·

پاش ئەوەی کە چوار ساڵ لەدەرەوەی وڵات بووم و گەڕامەوە تێبینی ئەوەم کرد کە هەندێ هونەرمەند کەوتوونەتە دۆخی ئەکتەری خودی یەوەو وازی لە بەگرتنی توانای بەدەسەڵات هێناوەو کاری شانۆیی زۆر نزم بۆتەوەو ئەو هونەرمەندەش کەوتووە کە بەدوای ناوبانگدا رای ئەکرد ·

لەبەر ئەوەی کەمن لە کۆلیژی هونەرەجوانەکان و ئەکادیمی هونەرەجوانەکان بووم ·· بەڵام لە مەیدانی ئەوەی کە خوێندومەتەوەو بینیومە شتێکی وانە ناوێکی تایبەتی بەخۆم نادەم و هێشتا بەدوای شێوازدا ئەگەڕێم بۆ دەربڕینی ئەوەی لە رووی شانۆو دەرهێنان و شانۆگەری بەوە پێشکەش ئەکرێ و من خۆم لە کۆکردنەوەی تاقی کردنەوەکانی ئەوانەی لە پێش منداڵبوون و ئەوانەی برادەرم بوون نالێم تایبەتکاری خودیم هەیەو لەو دەرهێنەرو ئەکتەرانەی کە لەگەڵمدا کاردەکەن زۆر گوێ لە ڕێ نیشاندان و ئامۆژگاریان ئەگرم ·

لەهەموو کارێکی نوێدا کە پێشکەشی ئەکەم رێبازی شانۆیی نایابکارەکان ئەگرم هونەرمەندە هەرە گەورەکان و راستی یەکەشی ئەوەیە هەر دەقێ بێ ئەبێ بکرێتە شانۆگەری و شانۆگەریش کارێکی بزوێنەرەو گۆڕاوەو تەنیا هەر وێژەو قسە نیە ·

کاریش لە لای ئەو ئەکتەرەوە دەست پێ دەکات کە تەکنیکی دەنگی و ئەو دەروون پڕی یەوەیەتی کە هەیەتی ·· چونکە هەموو دەقێ کە بە دەنگەوە بوو (لە گوێی بینەرا وێنەیەکی بەکار ئەنەخشێنێ و کاتێ کە لە جوڵان و نواندندا لە ئەك دەنگ دەربڕینی بە باشی و لەگەڵ جوولانەوەی لەشدا بە هەموویان ئەو کارە مرۆڤایەتی یە پێکدەهێنن کە هەر بینەرێ هەرکەسێ ببینێ هەستی پێ ئەکات ·· ئەم دۆخەشی بە داخەوە داخەوە لای ئەکتەری عیراق نیەو نە ئەخشەی دەور ئەکەن و نە ئەچنە قوڵاییەوە لەبەر ئەوە هونەرمەندی عیراق وەستا ·

● ئیستاش لە شانۆگەری (داستانە میللی یەکە)دا کە نووسەر مامۆستا قاسم محمد کە خۆی دەوری پیاوێکی ناوداری تێدا ئەبینێ نووسیوێتی ویستی کە تایبەتکاری یە لە شانۆی عەرەبدا بکەین ·· ئێمە بەمە تەکنیکی جیهانی بۆ دەرخستنی ئەوشتە میللیانەی لەناو عەرەبدا وشك ئەکەین و ئەمەش پێویستی چەسپ کردن و پڕ بەپێست کردنی یەوە ئەبێ لە ڕێگەی ئەکتەرەوەو ئەو شتانەی دەوری ئەکتەرەکەیان داوە داوە مەبەستم ئەبێ نەك بە تەقەلای وێنەو کەلتورو نەریت بێ بگرە بە جوڵانەوە ئەقلیدی یەکەوە ئەبێت چونکە ئەو داستانانە وێنەی بزوتنەوەی رۆشنبیری و کەلەپوری رۆشنبیریمانن ·

سەبارەت بەوەی کە بەمن ئەڵێت تۆ (بریخت)ی ئەڵێم من وەك هونەرمەندێك ئەرکی سەرشانمە کە شتی ئەوانە بخوێنمەوە کە لە شانۆدا لە پێش مندا بوون لە (ئینجلوس·· تا ·· بتراول لە کرۆفسکی تا (بریخت)و ئەبێ ئاگاداری هەموو زانیاری ووێژەو مەترسی یەك بم ·

بریخت سەرنجی راکێشام هەر وەك چۆن متەنەبی و شکسپیر سەرنجیان راکێشام ·

کاتێ کە هەستم بە برخت کرد ئەو بەرنامەگەری یە جیاوازەکەی لەگەڵ هەموو ئەو شتانەدا ئەگونجێ ئەمە رایکێشام بۆ ئەوەی کە شتی تازە بدۆزمەوە وەکو ! ·· بریخت پێش سۆز بە دوای کاردا ئەکەوێ بەڵام ئەرستۆ بە پێچەوانەوە ·

ئیستا کە من خەریکی دەرهێنانی عطیلی شکسپیرم ·· کاتێ کە شکسپیر چارەسەری عطیلی کرد من هاتم ئەمەم لە چیرۆکێکی ایتالی وەرگرت و مافی خۆشمە کە لەرووی بۆ چوونی تازەی هونەرەوە ئەم شتانە بکەم ·

عادل کاظم ·· یەکەم نووسەری عەرەبە کە چارەسەری مەترسی فەلسەفی بە بەرنامە گەرێتی تەنیا مامۆستا صفاء مصطفی ئەبێ پێش هەموو نووسەریکی تر کردووە ·

هەروەك « کارۆدی » ئەڵێت هەموو شانۆگەری ناوخۆ شانۆگەری یەکی دوواکەوتووە چونکە شێوەیەکی نابزوێن و هەمیشە بیمان پیشان ئەدات و شێوەی ئەبزواویش ناوەرۆکێکی بزوێنەر نابەخشێ ·· چونکە ناوەڕۆك شۆرشەو شێوە تەقلیدە یان دواکەوتنە ·



ئەم هونەرمەندە

لطيف محمود

لقى سليمانى

ئەیووب شەریف محمد امین هونەرمەندێکی لاوە ساڵی ١٩٥٥ لە شاری کەرکووك لەدایك بووەو خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە کەرکووك تەواوکردووەو ساڵی ١٩٧٩ زانکۆی تەکنەلۆژیان لە بەغدا تەواو کردووەو ئێستا لە بەڕێوەبەرایەتی رێگاوبانی تەئمیم ئەندازیارە ··· لە گفت و گۆیەکدا لە گەلی دا سەبارەت بەسەرەتای هونەری خۆی وتی :

ناتوانم بڵێم لەگەڵ لە دایك بووندا بەهرەی هونەری دخولقێ بەڵام دەتوانم بڵێم بەهرەی هونەری خۆم ئەودەمە چرۆو نەش و نمای کرد کە لە قوتابخانەی ناوەندی ئیمام قاسم قوتابی بووم و مامۆستای دەرسی رەسمیش لەو دەمەدا دەورێکی باڵای لە هاندانمدا هەبوو بۆ ئەوەی زیاتر باوەش بکەم بە جیهانی هونەردا ··· لە ساڵی ١٩٦٩وە لە هەموو پێشانگایەکی قوتابخانەکاندا بەشداریم کردووە تاوەکو ئامادەیی کەرکووکم تەواو کردو بەرەو بەغدا بۆ خوێندن چووم ·· لە ماوەی خوێندنی زانکۆشدا لە میهرەجانی هونەریی یەکەم و دووەم و سێیەمی زانکۆکانی عیراقدا بەشداریم کردوە ···

لە وەڵامی پرسیارێکیشدا سەبارەت بە هونەری کوردی وتی : بەڕای من هەتا ئێستا هونەرێکی تایبەتی کوردی نەهاتۆتە کایەوە لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ هونەرمەندی بەرزمان هەیە لەوانە اسماعیل خەیات و دارا حەمە سەعیدو گەلێکی تر ·· توانیویانە لە بواری هونەردا داهێنان بکەن بەڵام بە گشتی هونەری کوردی تایبەتێتی خۆی بۆ ساز نەبووە ·· هونەر شارستانیەتی کات و شوێنە هەل و مەرجی خۆی هەیە بۆ ئەوەی تایبەتێتی خۆی دروست کات··· و یەکێك لە تەگەرە گەورەکانی رێگای هونەرمان نەبوونی رەخنەی هونەریی و رێبازی رەخنەی هونەری یە ··· هەتا ئێستا رەخنە گرێکی شێوەکاریمان نیە··· بەڵام ئەم سەرەتایەی هونەری کوردی بێ ترووسکە نیەو مژدەی ئەوە دەدات کە ئەکەین خۆمان ماندوو کەین هونەرەکەمان پاشەڕۆژێکی رووناکی دەبێ ···

شێخ سعیدی ـ پاشماوە

مەستە ژقالا موحبەتێ (طور)ن شەبهێ (ایمنی)
مەشفواف ل مهرا ئەینکی صوهتن ژ هوجرا ئەسمەرین
دلبەر ژ عەینی کەوکەبێن السکو ژ رەنگی سوسنی
رەش کاکلا بوغەبدن ئەم کوشتیی لەعلی شیرین
روخسار ژوی جاما صەدەف گەردمن پڕە ڕۆ ماوەرە
ذەقنا سحر چاها سرە ئەبرو هلالی قەوس چڤین
گوشی هلالا ئەبروبان مائل دبن بەر کاکلان
زولفا موسەلسەل دێم کران جەعدا سیاه
بورشەوشین(٥)
جەعدا موخەددر بو ددا قەتلی دکت روزو شەبان(٦)
خونا درەندان کر حەلال بوبوم شەهید (رەشوشین)
نازا درێژت ئەیشەکەر گوفتار ژماوەردا تەمەر
نازا ژ (برجا؟) باقەمەر دەر حکمەتی رسواکرین
بەرقی وەرین وی غەبرین ئەز کوشتیی حبو ئەڤین
(· · · · · · · · · (٧)·
جوماە حەمی بو من بیار حەتتا ئەبەد بادی ببار
(· · · · · · · · · (٨)·
من دی شەپالا مەی پەرست وەقتی سەحەرگاها (ألست)
(· · · · · · · · · (٩)·
زولفا سیاهابی وەفا لەومن گرفتی ژی وچەفا
عینی تری عین الصفا لەوسەر خوشی روی گەشین
زلفا سیاە غەیر وەشاند ڕەش ئەبروان ژێر وەشاند
الله شهید فی الهوی رەمزا (أنا الحق) هەرکەشین
تیران ژ برجا عەقرەبێ خوبزیا ژ نورا غەبفەبێ
دەرکەت ژ برجێ کەوکەبێ ئەی جان بگو (ماتامرین)
زولفا سیاها بێقەرار لەو مەست کرم هەر بێ قەرار
خەبل و جونونی مەشدەم هەر من گرفت ژ حبو ئەڤین

تیبینی :

بەرێز مەلا خەلەفی بافەیی ئەڤ مەعوماتانە ل سەر داواکرنا من دەربارا شیخ سعیدی مەجزوبدا کوم کر وژبو من هنارد هەر جاری هندەك مەعلومات من ژی دخوازت ژ بو وی کو ب کەڤی دۆیف سەرهاتیا ژیانی وی ب تمامی · ژبەر وی کو ئەڤە ب ئەسل تەعبا مەلا خەلەفی زیرەك وهیژایە من واباش زانی کو ب ناڤی وی ڤە بلاڤ بکم ·

پەراویز :

(١) ملا عبدالسلام کوڕی مرادی جزیری دسالا (١٨٧٨)دا لەدایك بوە ودسالا (١٩٥٢)دا گوچی دواهی کریە · مروڤەکی گەلەك زانابویە دیوانا مەلای جزیری ل پیش مەلا احمەدی زەنگی شەرح کری یەو نوسخا وی ل نك کوڕی وی زین العابدین ل (قامشلی) هەیە ·ملا عبدالسلام برەك شعرین نیشتمانی ژی هەیە · مەسەرهاتیا ژیانا وی بلاڤ کرییە د (پاشکوی عیراق‌دا ژمارا ٢١ سالا ١٩٧٩)ێ·

(٢) «شەرخا» ب (خێ) هاتیە نقیسین بەزرا من «شەرحا» ب (حێ) یە ·

(٣) (باغی میرەکان) دکەتە حەوشا کەلها جزیری (برجا بەلەك)دا دنیف بەینا دیوازی کەلهێ و سورهێ داو سورەهی ژی دکەناری روباری دجلەدایەو هەمی وەختی ئاف لێ ددە · نهوژی ناڤی « باغی میرا » وهەروها « رەزی میرا » لسەر دەڤی خەلکی زیندوە ·

(٤) مەیزایە : یانی دیاربوە خەلکی جزیرێ ووشێ (مەیزێ) و (مەیزە کە) ب کار تینن دباتی ودیتی و (دیت) ب ئەسل ووشەیەکی ووشەیەکی عەرەبی یە ·

(٥) بورشەوشین : هاتیە · ب‌هزرا من پورشەوشینە

(٦) وزشەبان هاتیە یانی (ڕێ) نەهاتبوە نقیسین·

(٧) ئەڤ نیڤ مالکە باش نایێ خوەندن ·

(٨) باش نایێ خوەندن ·

(٩) باش نایێ خوەندن ·

شوێنەواری ـ پاشماوە

بۆیە هەر لەپاڵ ئەشکەوتی شانەدەر بە چوار کیلۆمەتر دوور لەسەر زێی گەورە بناغەی گوندی (زاوی جمی) دامەزراند کە پشکنینەران بەتایبەتی ئەمریکاییەکان لە هەڵکەندنی بنچینەی ئەم گوندەدا شوێنەواری مێژووی بەکەڵك و گرنگیان دوزیەوە کە بەڵگەی ئەویست و نیشانەی روناکە بۆ پێشکەوتن · · وەسەرکەوتنی کاروانی مرۆڤایەتی لەم بوارە مێژووییە دا ·

پشکنینەران لەم گوندەدا خانوبەرەی دروست کراویان دۆزیەوە ئەم خانوبەرانەی کە بەخشتی کاڵ لەسەر بنچینەی بەرد بناغەی دامەزرابو کەبەپێی بۆ چوینان ئەم خانوبەرەیان بەکۆنترین خانوبەرە دائەنێن کەلە چەرخی بەردا هاتۆتە کایەوە ·

هەروەها بنچینەی ئەم خانوبەرانەدا دۆلی بەرد ، بەرداش · · یان دۆزیەتەوە لەگەڵ ئیسکی ئاسکە کێوی و بزن ·· وئاژالی کیوی تر · بەم چەشنە ڕۆژگار هات و ڕۆژگارچوو کاروانی ئەوەستاوی ئادەمیزادیش لە رەوتی پێش کەوتنی خۆی هەرگیز نەکەوت ، وەلەدرێژەدان بەخەباتی بەرەو هەورازی سەرکەوتن رانەوەستا ، هەرجارەی وەلە هەرپلەو قۆناغێکی تایبەتی‌دا ریچکەی قەد پاڵێکی سەرکەوتنی ئەشکاندە یادەرگایەکی نوێی لە شارستانیەت و ئاوەدان کردنەوەی بۆ کۆمەڵ ئەکردەوە تا لەئەنجامدا هەر لەنزیك ئەشکەوتە دێرینەکەی شانەدەر گوندی مێژوویی (زامی جمی) شاری رەواندوز دامەزرا ، ئەم شارەی کە لە چەرخی تازەدا دەورێکی گەورەو گرنگی لە مەیدانی چاوکردنەوەی نەتەوایەتی و شارستانی و پێش کەوتنی کۆمەڵگەی کوردیدا گێڕاوەوە تواندوە ·

ئاوندێ ـ پاشماوە

ئەو لهزرا وی نینە کو سوبەهی وێ خاندێ دێ بخر کەتە بەر دەمەرا چیتەبە جیهانەکا دی · ئەو دهزرا وی‌دا نینە کو ئەڤ خاندە دێ بو بیتە هاریکارو ژنەنگافیا ئینتەدەر ·

ماوەتی

تاقی کردنەوەیەکی ـ پاشماوە

ژیان ·· ·· ·· هەروەها لای «ئارتۆ» کە دامەزرێنەری ئەم شانۆیە بە تەنها بە واتەی قۆناغ نایەت ، یاخود وەسیلەیەک نی یە بۆ گەیشتن بە جیهانێکی بەرزتر لە خواستی خۆمان کە تا ئێستا پێی نەگەیشتوین ، بەڵکو خۆی لە خۆی‌دا کۆتایی و ئامانجە لە پاڵ گۆڕان کاری بەردەوام ·

● پاشان کاك کەمال دەربارەی سەرچاوەی نواندن لەم تاقی کردنەوەیەدا وتی : بێگومان سەرچاوەی هەموو نواندنێك پەیڕەوی وتەکەی ستانسلافسکی دەکات کە دەڵێت « کاری ناخ و دەرونی پاڵ پێوەنەری سەرەکییە لە تەقینەوەی کارو جوڵەی دەرەوەدا ··· » بەڵام ئەم تاقی کردنەوەیەی ئێمە وشەی زیندو یاخود حیواری تیادا بەکار نەهاتوە بۆیە زمانی گەیاندن و وەرگرتن بریتی یە لە جوڵەو هێمای بەش و ئەندامەکانی لەش بە شێوەیەکی پڕ ئازارو ئەفسونادی و سەرسوڕهێنەرو پاڵەوانی دوا بە دوایی ئەمیش خوشکی قوتابی شیرین ئەبوبەکر کە یەکێکە لەو سیانەی دەورەکەی بەسەر کەوتوی دەبینێ وتی : لە ماوەی ئەم تاقی کردنەوەیەدا لەگەڵ مامۆستا کەمال هەنجیرەدا هەستم بەسەر بەستی خۆم کرد بەتایبەتی لە دەربڕیندا ، ئەگەر چی وەکو نواندن بێت یاخود لە هەڵبژاردنی چۆنیەتی جم و جوڵ ··· ئەم تاقی کردنەوانەش بۆ قوتابی رێگەیەکی نوێیە لە پەروەردەکردنی زانستیانەدا کە بارمەتی ئەوەمان ئەدات قوتابی سەربەستی لە توانای خۆی‌دا بەکار بهێنێت ·

پاشان سەبارەت بەم شانۆیی یە کە دیالۆژی بکات کە دیمەنەکان داوای دەکات ·

دوا جار کاکە میدیا رؤوف وتی : ئەم تاقی کردنەوەیە یەکێکە لەو هەولە سەرکەوتوانەی کەوا دەرهێنەر ناویەتی بۆیە ئەکتەر لەم شانۆیی یەدا دەتوانێ خۆی پێ بگەیەنێ و ببێتە ئەکتەرێکی لێهاتو ·

مامۆستا عوسمان ـ پاشماوە

بەردەوام خەریکی ساغکردنەوەو توێژینەوەیانم·

: دەتوانن چەند بەرهەمێکی باشمان بۆ دەستیشان بکەن لەو بەرهەمە کەلەپووری یانەی کە دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بەچاپی گەیاندوون ···؟

دەستیشانکردنی بەرهەمی باش کارێکی سەرپێیی و ئاسان نییە ··· بێ گومان بە هەڵسەنگاندن و توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی ورد ئەگەینە مەبەست ··· لە سەرێکی کەشەوە پێش بڕیاردانی لە چاپدانی هەر بەرهەمێك ئەبێ شارەزاو پسپۆڕی تایبەتی بیبینێ و تێبینی خۆی تۆمار بکات ··· جا لەچاپ بدرێ ··· هەر لەم رووەوە ئەتوانم بڵێم ئەشێ هەموو بەرهەمەکان لە خزمەتی وشەی پیرۆزی کوردیدا بن·· بۆیە لە هەموو لایەنێکەوە ئەم هەموو ئەرکە کێشراوەو لە ئەنجاما بەرهەمەکان خزاونەتە بەردەستی بخوێنی بەڕێز ·· لە کانگای هەستیشمەوە ئومێدەوارم درێژە بەم هەنگاوە پیرۆزە بدرێ و وەستانی بۆ نەبێ ···

Institut Kurde de Paris

ساڵی ١٩٨٣

مصلح جەلالی

ساڵی ١٩٨٣ تەواوبوو ۰۰ بەڵام تەواو نەبووە واتە ماوەی خۆی تەواوکردوو بەسەرچوو ۰۰ بەڵام بە پێی مێژوو ڕۆژوو شەوەکانی لای مرۆڤ جێگای یادگارن ۰۰ ساڵی پاز زۆر شتی گرنگ ڕوویداو بەلای عیراقییەکانیشەوە یەکێك لەو شتە گرنگانە ئەوەیە کە عیراقییەکان پاش ئەوەی کە سێ ساڵ بەسەر ئەو شەڕەدا تێپەڕی کە ڕژێمی داخلەدانی ئێران بەسەریاندا سەپاندن عیراقییەکان بەکوردوعەرەبەوە بۆ جیهانیان دەرخست کە باوەڕی تەواویان بە سەربەستیو پێشکەوتنی خۆیانو وڵاتەکەیان هەیەو دڵسۆزی سەرکردایەتییە لێهاتووە مێژووییەکەیەتی لەبەر ئەوە هەرگیز ماوە بە دوژمن نادات کە پێ بنێتە خاکەکەیەوەو ئەو خۆفرۆشو بەکرێگیراوانەشی کە تەقەللایان دژی عیراقبوو بەهیچ ڕەنگی ناتوانن گەلی عیراق لە خشتەبەرنو لە ڕێگەی ڕاست لابدەنو ساڵێکە کە یادگارێکی پڕ شانازییە بەلایەن گەلی کوردی دڵێرمانەوە جێگەیەکی مێژووی خۆی هەیەو یادی ئەکرێتەوە چونکە گەلی کوردمان لەم ساڵەدا وەك ساڵەکانی پێشتری دەریخست، کە دڵسۆزی خاكو گەشەسەندنو برایەتینو بۆ بەرگری لەم هەموو شتە پێشکەوتوو بەکەڵكو پەرەسەندووەی بۆ بەرگری لە خاكو لە سەرکردایەتی دڵسۆزانەی هاوڕێی تێکۆشەر صدام حسین دلێرانە شانبەشانی سووپای نەبەزی عیراق لە بەرەکانی جەنگدا دەست لە ڕژێمی پووچەڵی ئێرانو نۆکەرانی ئیمپریالیزم ئەوەشێنو ئەمەش ئەوەمان بۆ دەرئەخات کە گەلی کوردمان لە کوردستانی عیراقدا سوورەلەسەر ئەوەی کە یەکێتی عیراقییەکانو ئازادی عیراقو دەسکەوتی گەلی عیراقمان بپارێزێ .

هەر لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣دابوو کەجەنگاوەرانی فەلەستین بە خوێنی گەشو خۆبەختکردنیانەوە توانیان بەرامبەربەر هەموو هێرشێکی ئیمپریالیزمو زایۆنیو نۆکەرانی ئیمپریالیزم وەك ڕژێمی سوریاو قەزافی ناپەسەند ڕابووەستنو سەریان بۆ شۆڕنەکەنو ئاڵای بەرزی گەڕانەوەیان بۆ خاکی فەلەستینی داگیرکراو هەر بە شەکاوەییو بڵندی بهێڵنەوەو توانیشی بەم گیان بەخشینو دلێریو بیروباوەرە پاکەوە کە گەلانی جیهان بەلای خۆیاندا رابکێشن کە یەکی لەو گەلانە گەلی عیراقە کە لەسەروو هەموویانەوە سەرەکی فەرماندە صدام حسین باوەشی بۆ کردوونەتەوە .

لەم ساڵەدا ۰۰۰ لە ئەورووپاو زۆر وڵاتدا بە دەستدرێژی کردن بۆ سەر کاروباری ناو خۆیانو بەچەسپکردنی ساروخی ئەتۆمی هەڕەشەیەکی زۆر گەورەو مەترسی دار لە ئاسایشی جیهان کرا کە تاکو ئێستاکەش ئەو هەڕەشە کردنە هەرماوەو مەترسی لێ ئەکرێ .

بەڵام ئەوەی ڕوونو ئاشکرایە ۰۰ چ ئیمپریالیزمو چ زایۆنیو چ ڕژێمی نەزانی ئێرانو چ نۆکەرەکانیان نەیانتوانی گەلان توانیان پیلانەکانیان بە ئاسانی رابەرێننو نە دژی گەلی دلێری عیراقو گەلی فەلەستینی نەبەز توانیان پیلانەکانیان سەرپێبگرن۰۰ چونکە گەلانی جیهان لەوە تێپەڕیون کە ئەمڕۆ لە هەڕەشەو دەستدرێژی دوژمنی شەرفرۆشو چاوچنۆك بترسنو ملکەچیان بن ئەمەشی ئەوە ئەگەیەنێ کە گەلانی جیهان لەوە گەیشتوون کە قازانجیان لە جیدایە بۆیە گەلانی ئەورووپا لە هەموو وڵاتەکانیان بۆ دوورخستنەوەی مەترسی شەر هاتنە سەر شەقامەکانو نارەزایی خۆیان بەرامبەر بە چەسپاندنی ساروخی ئەتۆمی نیشانداو بۆیە گەلی عیراق بە کوردو عەرەبەوە دەستی مەردانە لە ڕژێمی ڕەگەزپەرستو شەرفرۆشی ئێران ئەوەشێننو بۆیە گەلی فەلەستین بەوەری قەرەمانیو لەخۆبردنەوە ئاڵای بەرزی شەکاوەی خۆیان ئەپارێزن کە گەڕانەوەیە بۆ خاکی زەوتکراویان .

بەڵێ هەر لەم ساڵەشدابوو کە سەرکردایەتی شۆڕش لە عیراقدا بەپێی بانگەوازانی وەستاندنی شەڕی نێوان عیراقو ئێرانەوە چوو بەڵام ڕژێمی خلەفاوی ئێران هەر داوای شەڕی کردوو گوێی بە بانگەوازەکان نەدا .

ساڵی تازە ـ واتە ساڵی ١٩٨٤ سەرلەنوێ پڕ ئەبێ لە سەرکەوتنی گەلی عیراقو گەلانی جیهان بەسەر هەموو دوژمنێکا کە شەڕی ئەوێو ئەیەوێ گەلان بنێتە ناو مەترسییەوەو ۰۰ دوورنییە کە لە ناوچوونی زۆر ڕژێمی وەکو ئێرانی تێدابێ چونکە گەلان بەتایبەتی گەلی عیراق کە پەروەردەی بیروباوەری شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی مەزنی تەموزمو بەو گیانەوە کە لە سەرەوە لێیدواین بەرگری لە خاكو سەربەستیو سەرکردایەتیو دەسکەوتەکانی ئەکات هەمیشە ئەو توانایە ئەبێت کە پشتی ڕژێمی پووچەڵی ئێران بشکێنێو گەلانی ئێرانیش دەستی دلێرانەیان لە ورژێمە بووەشێنن کە لە وێرانیو کوشتنو برسیێتی زیاتر چەندساڵە هیچی بەگەلانی ئێران نەداوە .

لە ئێوارە کۆڕەکانی دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی

شیعرو شاعیرێك

وەرزی ڕۆشنبیری دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی بەردەوامەو ماوەیەکەهەوو هەفتەیەك ئەدەبدۆستو ڕۆشنبیران لەهۆڵی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی ئێوارە کۆڕی بەسوود لەگەڵ بەرنامەی ئەم وەرزە بەسەردەبەن .

ئێوارەی سێشەممەی ڕابووردوو ، کۆڕێك بۆ شاعیر عبدالله عباس سازکرا. لەم کۆڕەدا کە ژمارەیەکی دیار لە ڕۆشنبیرو ئەدیبانو ئەدەب دۆستان تیا ئامادە بوون لە سەرەتادا برادەر محمود زامدار کە کۆڕەکەی دەگێڕا شاعیری بە ئامادەبووان پێشکەش کرد .

ئەوسا شاعیر عبدالله عباس بە وردی باسی تاقی کردنەوەی خۆیی لە مەیدانی شیعری کوردی سەردەمدا کردو لە دواییدا لە هەر یەکی لە دیوانە چاپکراوەکانی شیعرێکی بە نموونە خوێندەوەو لەگەڵ پارچە شیعرێکی نوێی بڵاو نەکراوە .

دوایی ئەوە ، دەرگای گفتوگۆکردن لەسەر تاقی کردنەوەی شاعیر بەتایبەتو شیعری کوردی سەردەم بە گشتی کرایەوەو مامۆستایان : عبدالرزاق بیمارو عبدالستار طاهر شریفو صلاح شوانو کمال غمبارو چەند برایەکی تر باری سەرنجی خۆیان دەربڕی .

● بەر لە چەند ساڵێك ۰۰سەردار ۰۰ وەك منداڵێکی ڕوحسووك دەهاتە بەرچاوانو بەهرە لە چاوەکانیا خۆی وەدەردەخست ، هەمیشە حەزی لەوە دەکرد شت بخوێنێتەوەو شت ببینێ ، بەڵام لە هەموویان زیاتر ئاشنای تابلۆو نیگار بوو۰۰۰

لە چالاکییەکانی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لقی هەولێر

خۆشەویستیو خاكو مرۆڤ لە تابلۆکانی

هونەرمەند سەردار سنجاوی

ناو گەیشتە هەواری ١٩٧٩ سەردار یەکەمین پێشانگای خۆی کردەوە ، گرنگ بە گوێرەی ئەو سەردەمی جۆرە سەرکەوتنێکی بە خۆیەوە بینی ۰۰۰ بەردەوام بوو ، بەشداریشی لە پێشانگا هاوبەشییەکان بەردەوام بوو . تا لەم ڕۆژانەدا کۆمەڵەی هونەری جوانەکانی کورد لقی هەولێر پێشانگای دووەمینی لە هۆڵی ئەیوبیە بۆ کردەوە۰۰ کە (٣٢) تابلۆی بەخۆیەوە گرتبوو ۰۰۰

هونەرمەند لە چەند دێڕێکدا:

[ساڵی ١٩٦٤ لە شاری کەرکوك لە دایك بووە ساڵی ١٩٧٩ پێشانگای یەکەمی لە هەولێر کردۆتەوە بەشداری لە پێشانگاکانی چالاکی قوتابخانەکان کردووە ئێستا قوتابیە لە پۆلی یەکی پەیمانگای تەندروستی باڵا لە هەولێر] .

● هەر لەم ڕوانگەیەوەو لە بەراوێزی ئەم پێشانگایەوە منو کاك سەردار کەوتینە گفتوگۆ دەربارەی هونەری تەشکیلی کوردیو هەندێك لە بینەو بەردەی هونەرو هونەرمەند لە ئەنجامدا چەند پرسیارو وەڵامێك هاتە گایەوە ئەمەش پوختەکەیەتی :ـ

پ گوێرەی هونەری تەشکیلی کوردییەوە ، کام ڕەنگ زیاتر واقعی کوردەواری دەخاتە ڕوو و لایەنە زانستییانەکەی چۆن لەسەر تابلۆ بەدیاردەخرێ ؟

: لێرەدا چاکتر وایە ئەو واقعە دیاری بکرێت ، هەر لەم ڕوانگەیە شەوە کە دەڵێن واقعی کوردەواری بمانەوێو نەمانەوێ واقعی دوێنێیو ئەمڕۆ سبەی کوردەواری دەگرێتەوە !! لە ، ڕووی پەسەندکردنی کام ڕەنگیشەو ، ئەوەیان لەهونەرمەندێکەوە بۆ هونەرمەندێکی تر دەگۆڕێت ، سەبارەت بە خۆم وەتوانرێ وەڵامی ئەم پرسیارە لە هەندێ لە تابلۆکانمدا بخوێنرێتەوە ..لە ڕووی مامەڵە کردنیشەوە لە بۆنەیەکی زانستیو بەکارهێنانی ئەو ڕەنگە دەوەستێتە سەر چۆنیەکی مامەڵەکردنی هونەرمەند لەگەڵ ئەو ڕەنگە پەسند کراوەدا ، بە جۆرێك کە کەسایەتی ئەو ڕەنگە وون نەکرێت ، دەزانم کە لە هەندێ باروو دۆخدا دوێنێ بکرێ بە قوربانی ئەمڕۆ بەم بەستی سوودی زیاترو ئامۆژگاریو هەڵچنینی لایەنە باشەکانی ئەو مەسەلەیە ۰۰۰لە وانەیە ڕاستیش بم گەر بڵێم بەرهەمەکانی ئایندەم ئەو داستانە فولکلۆریانە بە خۆیانەوە دەگرنو دەیان کە نەنامێز : گرنگ بەلامەوە دوانەکەوتنی هونەری کوردییە لە کاروانی هونەری تەشکیلی گەلانی سەر ڕووی زەمین .

پ سەرکەوتنی هونەرمەندی تەشکیلی لە کوێوە ڕەست پێ دەکات۰۰؟

ئەوەی زیاتر مایەی ئاشکرایی بە کەوا سەرەتای دەست پێکردنو خولیابوونی هونەرمەند لەو سەرەتاپێشە نگەوە زۆر گرنگە۰۰ ئالێرەوە بێ زارایی و دوو دڵی زۆر بە پێویست دەزانرێ هونەرمەند لەو سەرەتا دەست پێکردنەیەوە زۆر پەیوەست بێت بە لایەنی وورده کاریو دارسەکردنی تەشریحو خۆ گونجاندنێکی تەواوی ئەکادیمانە ۰۰ واتە هەردەم کە ئاوڕ دەدەینەوە هەست بە خاوەندی ڕابردوویەکی پڕ لە دراسەو هەوڵو تەقەلا بکەین لە بواری پراکتیکو تەکنیكو هەروەها خوێندنەوە وهەزم کردنی قوتابخانەو ، ڕێبازە هونەرییەکان بە کۆنو نوێیانەوەو .

پ بۆ چی تاکو ئێستا ڕێڕەوی ،ریالیزم لە هونەری تەشکیلی زاڵە ؟

، بە بۆ چوونی من بوونو دەرکەوتنی ئەو ، دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی کۆمەڵو ئاستی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایە ۰۰ هەر لەم تێڕوانینە شەوە بەشێکی هەرە زۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان زیاتر ئامەزرۆی ئەو جۆرە ، ڕێبازە هونەرییەنو ئاشنایەتی زیاتریان لەگەڵیدا هەیە ، چونکە تەعبیر لە خواستو ئارەزووەکانیان دەکاتو خۆیان لە بۆتەی ئەو پرۆسێسانەدا دەبیننەوە ۰۰۰ دیسانەوە هەر وەکو وتم ئەو دیاردەیە لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی ترو لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر دەگۆڕێت ۰۰

ناظم دڵبەند

لە لقی هەولێرەوە

تاقیکردنەوەیەکی شانۆیی نوێ

بە چاو پۆشین لە تەمەن کورتی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لە سلێمانی ، بەشی شانۆی سەر بەم مەڵبەندە پیرۆزە رەوتی برەو پێدانی خۆی بەرەو سەرچاوەیەکی ڕۆشنتر بەردەوام تاو ئەدات ۰۰۰ ئەوە بو لە شانۆی کلاسیکدا شانۆنامەی « ئەنجین لە ئۆلیس» پێشکەش کرا کە هونەرمەند ئەحمەد سالار دەری هێنابو ، پاشان لە دەرهێنانی خوشکی هونەرمەند بەدیعە دارتاش « یولیوس سیسەر »ی شکسپیر پێشکەشی کرا لەگەڵ چەند بەرهەمێکی تری قوتابیانیشدا .

ئێستاش ئەم پەیمانگەیە بە دوو کوڕو کچێکی قوتابی مامەڵە لەگەڵ تاقی کردنەوەیەکی نوێدا دەکات ئەویش شانۆی (مسرح القسوه)یە کە لە ئامادەکردنی مامۆستا کەمال هەنجیرەیەو دەربارەی ئەو شانۆیە وتی شانۆیەکە بە واتای « ناچاری ـ دووپات کردنەوە ـ ڕاستییەکی بەترس » دێتو لە ڕووی فەلسەفیەوە بە واتەی خۆشەویستی ژیان دێت نەك ڕەشبینیو زاراییو دوور کەوتنەوە لە هەوڵ دان یاخود بەردەوامی

بڕوانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

جیهانی منداڵان

چیرۆك بۆ منداڵان

هاوڕێی پەپوولە

گۆڕینی :ـ هێمن اسماعیل

«هاوژین» لەگەڵ دایكو باوكو خوشكو براکانی ،لە خانوێکی خنجیلانەی بچووك ئەژیان لەناو دارستانێك « هاوژین » منداڵێکی بچووك بوو ، بەڵام زۆر بزێو بووو هەر ئەگەڕا، گوڵە جوانەکانی لێ ئەکردەوەو کەڵای دارەکانی ئەشکاندو ئازاری گیانلەبەرانی ئەدا دایکی هەر پێی ئەگوت ،تۆ هەرگیز منداڵێکی سەرکەوتوو نابی ، چونکە هیچ شتێکی باش ناکەیتو ناتەوێت فێری هیچ شتێك ببیت ڕۆژێکیان «هاوژین» لە قسەکانی دایکی تووڕەبووو، بەناو دارستانەکە کەوتەڕێو بڕیاریدا نەگەڕێتەوە ماڵ تاکو شتێك فێرنەبێت ،دوای ڕۆیشتنێکی زۆر ماندوو بوو ،لە ژێر سێبەری درەختێك لێ ڕاکشاو خەوی لێ کەوت لە خەودا پەپوولەیەکی باڵ ڕەنگینی جوان ، کە هاوڕێی منداڵو گوڵ بوو ، ئەم گوڵەوە بۆ سەر ئەم گوڵ ئەچوو دەهات ،کە چاوی بە هاوژین کەوت، خەوتووە چووە لایو پێیووت :ـ «هاوژین» بۆ وا دڵتەنگو داماوو خەمگینی!! هاوژین ووتی :ـ لە دایکم تووڕە بوومەو، هەر لێم ئەداتو ئەڵێ تۆ بۆ ئەوەندە بزێویو نانەوێ هیچ شتێك فێربیت ، بۆیە منیش بڕیارم داوە تاکو شتێك فێرنەبم نەگەڕێمەوە ماڵ ،بەڵام لەناو ئەم دارستانە زۆر ئەترسم ، ئایا تۆ ڕازی ئەبی ببم بە هاوڕێی تۆ۰۰۰ پەپوولەکە وەڵامی دایەوەو ووتی :ـ بەڵێ هاوڕێیەتی تۆم لا خۆشە ،بە مەرجێك ئەبێ ئاقڵو دڵپاكو بە وەفابیت لەگەڵم ،پێکەوە لە ناو ئەم دارستانە ڕەنگینە دەستیان بە ڕۆیشتن کرد ، لە ڕێگا «هاوژین» چاوی بە جۆرەها گوڵی ڕەنگاوڕەنگی جوان ئەکەوت ، ئیتر دەستی بۆ درێژ ئەکردنو گوڵەکانی لێ ئەکردنەوەو ئەیپچڕاندن ، پەپوولەکە تووڕەبوو ووتی :ـ بۆ ئەو گوڵەجوانانە لێ ئەکەیتەوە ،کە ئەو دیمەنە جوانەو ئەو بۆنە خۆشەیان هەیە،دواییش من خواردنم لە شیلەی ئەم گوڵانەوە دەست ئەکەوێت .

هاوژینو پەپوولەکە ملی ڕێگایان گرتەبەرو ، هاوژین چاوی بە کانیە ئاوێك کەوت ، چوو تێری ئاو خواردەوەو دواییش چەند بەردو خۆڵی دەورو بەری کانیەکەی خستەناو ئاوەکەوەو پیسی کرد، پەپوولەکە دیسان تووڕە بوو پێی گوت ئەو ئاوەت بۆ پیس کرد ،تۆ نازانی ئاو پێویستیەکی سەرەکییە بۆ مرۆڤ .

«هاوژین» سەری لەسەر کانیاوەکە بلندکردو چاوی بە سەگێك کەوتو دەستی کرد بە لێدانی سەگەکە ،پەپوولەکە تووڕەبوو بە «هاوژینی»گوت: بۆ ئەبێ بەزەییت بە هەموو گیانەوەرێك بێتەوە ،بۆچی لەم سەگەتدا، بەڵکو لە دواڕۆژ ئەبوو بە هاوڕێت .

پەپوولەکە لەسەر گوڵێك هەڵنیشتو بە هاوژینی گوت:

دەوەن ڕەمەزان

ـ گوێ بگرە ، کردەوەکانت هیچ بە دڵی من نینو خوورەوشتی خۆت بگۆڕە ، تاکو منیش هاوڕێیەتیت بکەم، باڵەکانی لەیەکداو فڕی بە ئاسمانا ، «هاوژین» بەڕاکردن بە دوای پەپوولەکە کەوت بەڵام بەبێ سوودو ،بە ناچاری دەستی بە گریان کرد بە دەنگێکی بەرزە هاوژین لە خەوڕاپەڕیو سەیری کرد وا ڕۆژ لە ئاوابووندایەو بەڕاکردن بەرەو ماڵ کەوتەڕێ . ئەو قسەیەی کە پەپوولە پێی گوتبوو ،«ئەبێ خوورەوشتی خۆت بگۆڕی» دووبارەی ئەکردەوە .کە گەیشتەوە ماڵ گوتی :ئەبێ بە گوێی پەپوولەکە بکەم ،لە جیاتی گوڵ ڕنین ،دەستی بە گوڵچاندن کردو بەزەیی بە گیانەوەرەکان دەهاتەوەو زۆر ئاقڵبوو گوێڕایەڵی قسەکانی دایكو باوکی بوو ، بۆیە زۆر بەرەوشتی گورەکەیان شادمان ببوونو جلوبەرگی جوانیان بۆ ئەکڕیو دیاری جوانیان بۆ ئەهێنا .

شیعر بۆ منداڵان

بووکەشووشە

عبدالله صابر

بووکە کەم ، وادەخەوێنم
سەرینو جێگای نەرم
دەسرازەو کوڵڵەی سپی
بووکە شووشەکەم خەوازد
سپێدەش لەخەو ڕابە
ئینجا هەر بەدەستی خۆم
جلی سادەت لەبەردەکەم

لانکۆلەی ، ڕادەژێنم
پاكو ساکارو گەرم
دام پۆشی ڕاستو چەپی
لانکۆلەکەیم هەژاند
بەیانی باش : دایەی بابە
جوان ، دەمو چاوت دەشۆم
لەگەڵیشمت ، یاری دەکەم

دوو چاپکراوی نوێ بۆ منداڵان

بەهەشتی منداڵان

کۆمەڵە شیعرێکی شاعیرە ئافرەتی ناسراو (دایکی سۆڵاف) لەم دواییەدا دەرچووەو بریتییە لە ٣٢ پارچە شیعر بۆ منداڵان لە ٥٦ لاپەڕەی قەوارە گەورەدا کە بەیارمەتی ئەمینداریتی گشتی ڕۆشنبیریو لاوانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان چاپکراوە .



باخچەی منداڵان

کۆمەڵە شیعرێکی تری کاك ڕۆستەم باجەلان بۆ منداڵان لە قەوارەیەکی بچوکی ٨٤ لاپەڕەیداو دیسان بە یارمەتی ئەمینداریتی گشتی ڕۆشنبیریو لاوان چاپکراوە.

هاوکاری
دەزگای ڕۆشنبیری بڵاوکردنەوەی کوردی
شەقامی الخلفاء مەیدانی الخلانی تەلەفۆن ٨٨٧٥٧٩٥